# مەرگی دانتۆن

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

گیۆرگ بویشنەر

# مەرگی دانتۆن

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

کەریم پەڕەنگ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

گیۆرگ بویشنەر
مەرگی دانتۆن
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣١٥
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٦٥ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-84-3

## چەند دێڕێک لەبارەی نووسەرەوە

گیۆرگ بویشنەر یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی کە لە قۆناغێکی دیاریکراو و تەوژمی سەردەمێکدا بە ڕوونی خانەبەند و سنووربەند ناکرێ. لە سەردەمی خۆیدا ئاوارە بووە، بەڵام بۆ زۆر نووسەری پاش خۆی بووە ڕێگەنیشاندەر و سەرمەشق. بۆ نموونە بۆ گێرهارد هاوپتمان، بێرتۆڵد برێشت و ماکس فریش. بویشنەر شانۆنامەکانی نزیکەی سەد و هەشتا ساڵ پێش ئێستا نووسیوە، بەڵام هێشتا لە زۆربەی شانۆی وڵاتان و بە زمانی جیا جیا نمایش دەکرێن و سەرلەنوێ چاپ دەکرێنەوە و وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی تر.

گیۆرگ بویشنەر لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەگەر بەشێکی کەمی نووسەرانی دنیا لەو تەمەنەدا بمردنایە ئەوا ئەدەبی جیهان ئێستا ئەدەبێکی هەژار دەبوو، چونکە زۆربەی نووسەران لە سەرووی ئەو تەمەنەوە دەست بەنووسین دەکەن. هەروەکو چۆن (ئارتیور رامبۆ) ساڵانێکی کەم نووسی و ساڵانێکی کەم ژیا، بویشنەریش بە هەمان شێوە ساڵانێکی کەم نووسی و هەر زوویش جوانەمەرگ بوو، بەڵام جێپەنجەی ئەو دوو نووسەرە بە سەرجەم ئەدەبی جیهانییەوە دیارە.

بویشنەر ئومێدێکی زۆری پێ دەکرا و ئەوەندە بە بەهرە دەوڵەمەند بوو کە لە سەرووی گشت چاوەڕوانییەکی پڕکێشەوە بوو. بەڵام هەر زوو زریانی مەرگ بێبەزەییانە ئەو نەونەمامەی لە ڕەگ و ڕیشەوە

هەڵکێشـا. بویشنەر بەو تەمەنە کـورتەیەوە بەرهەمێکی هێندە نەمر و نایابی بۆ بەجێ هێشـتووین کە تەنانەت زۆر نووسـەری تری کە دەیان سـاڵ لەو زیاتر ژیاون ناتوانن ئاوڕ لـە بەرهـەمێکی وا سـەرمـەد وەکـو کارەکانی بویشنەر بدەنەوە. ئەگەر گوێتەی شاعیری گەورەی ئەڵمان وەکو بویشنەر بە بیست و سێ سـاڵی بمردایە، جگە لە پەخـشـانێک و چەند پارچە شیعرێک هیچی تری لێ بەجێ نەدەما و ڕەنگ بوو ئەمڕۆ کەس نەیناسیبا.

کاتێ بویشنەر بە بیست و سێ سـاڵی مرد جگە لە دوو شانۆنامەی ڤـیکتـۆر هـۆگـۆ کـە لە فـرەنسـیـیـەوە بـۆ ئەڵمـانی وەرگـێـڕابـوو تەنیـا درامـایەکی بەناوی خـۆیەوە بڵاو کـردبووەوە، ئەویش "مـەرگی دانتـۆن" بوو. هێشتا لە ژیاندا مابوو کە "لیۆنستە و لێنا"ی تەواو کردبوو، بەڵام بە چاپی نەگـەیاندبوو. ئەم کـۆمـیـدیایە وەکـو چیـرۆکی "لێنتـسی" تەواونەکراو و درامـای تەواونەکراوی "ڤـۆیتـسـەک" پاش مـردنی بڵاو بوونەوە.

### نووسەر و بەرهەم

ئەو شـتـەی بـۆ زۆربەی نووسـەرەکـان جـێی مـشـتومڕ نیـیـە لە ژیاندا هەیانبێت و پێی شـاد بن، بویشنەر لێیان بێبەش بووە. هەتا لە ژیاندا بوو و لە سـەدەی نۆزدەدا تا ڕادەیەکی زۆر نەدەناسـرا بۆ یەکـەم جـار سروشـتگەراکان بەرهەمەکانیان ژیاندەوە و بیری جیهانی داهێنانیان خـسـتـەوە. لەگـەڵ "مـەرگی دانتـۆن"دا تاقـە بەرهـەمی چاپکراوی، واتە "تەتـەری گـوندیی هێـسن" بووە هۆی دەسـتگیـرکـردنی هاوڕێکانی و هەڵهاتنی خۆی و مردنی هاونووسـەرەکەی. "مەرگی دانتۆن" تەنیا یەک

جار نمایش کرا، بە توندوتیژی ڕەخنەی لێ گیرا و لەبیر کرا. وەکو داهێنەر دانی پێدا نەنرا، وەکو پەنابەرێکی سیاسی تەنانەت لە ستراسبورگیش لە ژیانی دڵنیا نەبوو و لە مەترسیی ڕادەستکردنەوەیدا دەژیا. لە کۆتاییدا لە زیوریخ وەکو لاوێکی خاوەن بڕوانامە گەیشتە کەناری ڕزگاری، بەڵام چوار مانگ دواتر هەر لەو شارەدا مرد. بویشنەر توانی خۆی لە دەستی ئەو پۆلیسانە قورتار بکات کە ڕاوەدوویان دەنا بەڵام لە خەون و وڕێنەی سەرەمەرگیشدا لە کۆڵی نەدەبوونەوە.

بویشنەر بەو ژیانە پڕ لە هەڵاتن و ئازارەوە خۆی سەر بە "چینی خوارەوە" دەزانی، ئەو چینەی لە داهێنانەکانیدا باسی دەکا و لە ژیاندا خۆی بە هاوپێوەستی لە قەڵەم دەدا. بەرهەم و ژیانی بویشنەر لە بیۆگرافیایدا ئەوەندە هاوکێشن، کە هەرگیز هیچیان لەوی تریان قورستر نییە. بویشنەر بە زمانی لێنسەوە داوا لە هونەرمەند دەکات خۆی بۆ ناو چینەکانی خواری خوارەوە شۆڕ بکاتەوە و لەوانەوە بەهرەی داهێنانەکانی هەڵبهێنجێ. لەگەڵ ئەوەشدا بویشنەر خۆی لە خێزانێکی برژوازی ژیان خۆشدا گەورە بووە، بەڵام هەرگیز ئازاری خەڵکانی چینی خوارەوەی لە بیر نەکردووە.

**ژیانی بویشنەر.. منداڵێتی و لاوێتی**

کارڵ گیۆرگ بویشنەر لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٨١٣دا لە گۆدەلاوی میرنشینی هێسن لەدایک بووە و لە ١٩ی شوباتی ١٨٣٧دا لە زیوریخ کۆچی دوایی کردووە. بویشنەر نووسەرێکی هێسنی، پزیشک و زانای سروشت بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرهەمێکی ئەدەبیی زۆر کەمی

لەپاش بەجێ ماوە، بەڵام بەیەکێک لە نووسەرە گرینگ و بەبایەخەکانی پێش مارت دادەنرێ و جێپەنجەی بە زەقی بە ئەدەبی ئەڵمانییەوە دیارە. پێش مارت (Vormärz) قۆناغی مێژوویی نێوان کۆنگرەی ڤییەننا لە ساڵی ١٨١٥ و شۆڕشی جولای لە ساڵی ١٨٣٠دا لە فەرەنسای پێ ناوزەد دەکرێ، بە جەختکردنە سەر تەوژمەکانی ئۆپۆزسیۆن و شۆڕشگێڕیی ئەو کاتەی ئەڵمانیا. بۆ هەمان قۆناغ لە مێژووی ئەدەب و هونەردا زیاتر سەردەمی بیدەرمایەر و لە مێژووی سیاسیدا چەمکی بیناکردنەوە بەکار دەهێنرێ.

بویشنەر یەکەم منداڵی خێزانەکەی بوو و لەپاش وی پێنج خوشک و برای تری بوو کە لە ڕەوتی ژیانیاندا هەموویان خەڵکگەلێکی بەناوبانگیان لێ دەرچوو. لە ساڵی ١٨١٦دا ماڵباتەکەی ماڵیان گواستەوە بۆ دارمشتات. لە ساڵی ١٨٢١دا بویشنەر لەلای دایکی دەستی بەخوێندنی بنەڕەتی کرد. دایکی فێری خوێندنەوە، نووسین و ژماردنی کرد، ئینجیل و گۆرانییەکی فۆلکلۆری زۆری فێر کرد، کە لە داهێنانەکانی داهاتوویدا ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕابوونە ئیلهامگەێنی. بویشنەر لەلای دایکی کارەکانی شیلەری ناسی و دوایيتر لە ڕەوتی داهێنانی خۆیدا ڕەخنەگرانە هەڵی سەنگاندن و ڕەخنەی لێ گرتن.

بەپێچەوانەی دایکییەوە بویشنەر بە درێژاییی ژیانی پێوەندیی لەگەڵ باوکیدا خراپ بووە. باوکی گیۆرگ لە دڵەوە سۆزداری ناپلیۆن بوو، لەبەرئەوەی ناپلیۆن کۆتاییی بەبزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان هێنا و بەرهەڵستەکانی سەرکوت کرد و دەنگە ناڕازییەکانی کپ کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە گەواهینامەی کۆتاییدا بویشنەر نمرەی زۆر باشی لە زمانی لاتینی و یۆنانیدا هەیە، گیۆرگ بویشنەر زۆر حەز و

ئارەزووی لەم زمانە کۆنانە نەبووە. بەپێچەوانەوە حەز و ئارەزووی زۆری لەو زانستە سروشتییانە بووە کە لە خوێندنگەکان پشتگوێ خرابوون، بە ڕیزپەڕی بیرکاری، کە زۆر کەم حەزی لێی بوو. جارێکیان لە پاینی دەفتەرەکەیەوە نووسیویەتی: "زیندوو! ئەم شتە مردووە بەکاری چی دێت؟" زۆر بەچڕی خۆی بۆ مێژوو تەرخان کردبوو، لەپێش هەمووشیانەوە مێژووی شۆڕشی فرەنسی، کە دواییتر لە مەرگی دانتۆن"دا سوودی لێی وەرگرتووە و بووەتە سەرچاوەی ئەفراندنی. لە کۆتاییی سێپتەمبەری ١٨٣٠دا بەهۆی پشووی قوتابخانەوە "وتاری بەرگری لە کاتۆی ئوتیتسا"ی نووسیبوو، ئۆتیتسا بەرگریکارێکی کۆماری ڕۆما بوو، کە لە خۆشەویستیدا بۆ ئازادی خۆی کوشتبوو، لەبەرئەوەی بە ڕای کاتۆ مرۆڤەکان لەژێر سەروەریی قەیسەردا تەنیا کۆیلە بوون و دەرفەتی هەڵمژینی هەناسەیەکی ئازادیان نەبووە. پێشووتر لە کاتی مەشقی بەلاغدا لە وانەی ئەڵمانیدا پەخشانێکی لەبارەی "مردنی قارەمانانەی چوارسەد پفۆرتسهایمییەوە" نووسیبوو.

لە ئەفسانەیەکدا هاتووە کە چوارسەد شەڕوانی پفۆرتسهایم لە پێناوی بەدەستەوەنەدانی پردێک قارەمانانە دژی دوژمن جەنگاون. بویشنەر مەرگی پاڵەوانانەی ئەو شەڕوانانەی وەکو ئاماژە بەکار هێناوە. لێرەدا دەمانەوێ بەم پەنجەنومایانە شۆڕشگێڕی و ڕۆحی یاخییانەی بویشنەر جەخت لێ بکەین.

## خوێندن لە ستراسبورگ

گیۆرگ بویشنەر لە ساڵی ١٨٣١دا لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا ناوی خۆی لە ڕشتەی پزیشکیی زانکۆی ستراسبورگدا نووسی، کە لە نێوان ساڵانی

١٩٣١ و ١٩٣٣دا ئەناتۆمی بەراوردکاریی خوێند. لەوێ لە خانووەکەی قەشە یۆهان یاکۆب ژایگڵیدا دەژی و ڤیلهێلمینەی کچی دەناسێ. لە ستراسبورگ بە چاوی خۆی دەبینێ کاتێ پێشوازی لە جەنەراڵە سەرکوتکراوەکانی ڕاپەڕینی پۆڵۆنیای چەوساوە و ژێردەستە و مافخوراو دەکرێ کە لەلایەن لەشکری قەیسەریی ڕووسیاوە شکێنرابوون. ئەم ڕووداوە و چەندان ڕووداوی تری لەو نامانەدا باس کردووە کە بۆ دایک و باوکی ناردوون. بویشنەر هەمیشە زیاتر بۆ ئازادیی سیاسی تێ دەکۆشا، هەروەکو لەو کۆڕەدا کە لە بەردەم یەکەتیی قوتابیاندا لەبارەی هەلومەرجە سیاسییەکانی ئەڵمانیاوە گرتبووی.

لە ساڵی ١٨٣٢دا بویشنەر ڤیلهێلمینە ژایگڵی مارە دەکا و نامەیەکی بۆ دەنووسێ و ناوی دەنێ "نامەی چارەنووسساز"، بویشنەر بوونی مرۆڤ وەکو بابەتی مێژوو دادەڕێژرێ: مرۆڤ ناتوانێ چالاکانە دەست لە پرۆسێسی مێژوو وەربدا. ئەو مێژووەی کە هەموو شتێک هەڵدەلووشێ، بگرە مرۆڤ خۆی دەبێتە تۆپی یاریی ئەم پرۆسێسە، دەبێتە "کەفی سەر شەپۆل" یان بەکوردییەکەی خۆمان دەبێتە بڵقی سەر ئاو.

بویشنەر دواییتر ساڵانی ستراسبورگ بە بەختەوەرترین قۆناغ لە ژیانیدا ناوزەد دەکا، چونکە لە فەرەنسای شۆڕشی ژیولیدا کەشی سیاسی زۆر لە دارمشتات کراوەتر بووە. هەتا ئێستا نەسەلمێنراوە ئاخۆ بویشنەر ئەندامی جڤاتی فەرەنسی بۆ مافی مرۆڤ بووە. بەڵام دواییتر ئەم ڕێکخراوە بووە نموونەی ئەو جڤاتەی خۆی دای مەزراند.

## زانکۆی گیسن

بویشنەر لە ساڵی ١٨٣٣دا دەگوازێتەوە بۆ زانکۆی گیسن، لەبەرئەوەی تەنیا دوو ساڵ ڕێی پێ دەدرا لە دەرەوەی هێسن – دارمشتات درێژە بەخوێندن بدات. لێرەدا، لە میرنشینی گەورەی هێسندا ڕاستەوخۆ هەراسانکردنەکانی لەلایەن دەستەڵات و توندوتیژیی دەوڵەتی بەچاوی خۆی بینی. لەو کاتەوە ئیتر نەیتوانی پێشهاتەکان لە ڕوانگەیەکی بێلایەنانەوە چاودێری بکات.

ئێمە دەخوێنینەوە کە بویشنەر لەو کاتەدا گرفتێکی تەندروستیی گەورەی هەبووە. نەک تەنیا جیابوونەوە لە دڵدارەکەی، بگرە سەرجەمی ڕەوشەکە و بارودۆخی دەوروبەر بێتاقەتی کردووە. بە بەراورد لەگەڵ ستراسبورگ مامۆستاکانی لە گیسن شتی زۆریان فێر نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا لێرە مامۆستای باش لە ڕشتەکانی تردا وانەیان گوتووەتەوە، بەڵام بویشنەر تەنیا فەلسەفە و پزیشکیی بەلاوە گرینگ بووە. دواییتر بویشنەر یەکێک لە مامۆستا یاریدەرەکانی لە گیسن، پزیشکیزان یۆهان بێرهارد وەکو نموونەی دوکتۆرێکی تەنگەتیلەی نامرۆڤانە لە شانۆنامەی (ڤۆیتسەک)دا بەکار دەهێنێ و دەیکاتە یەکێک لە فیگەرە دڵڕەقە بێبەزەییەکانی ئەم شانۆنامەیە.

لەگەڵ خوێندکارە هاوەڵەکانیدا تەبا نەبوو. لەو کاتەدا دوو ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن لە ئارادا بوونە، بەڵام ئەم ئاراستانە بۆ بویشنەر توندڕۆ نەبوون. جگە لەوە ڕەخنەی لەوە دەگرت، کە خوێندکارەکان دەیانویست تەنیا لەناو ڕیزەکانی خۆیاندا بمێننەوە؛ بویشنەر داوای ئەوەی دەکرد، هاووڵاتیی تریش لە ڕیزەکانیاندا وەربگرن. لەبەرئەوەی لەگەڵ چەند هاوپۆلی پێشووتریدا لە دارمشتات و خوێندکاری تر و پیشەکاردا

جڤاتی مافی مرۆڤی دامەزراندووە، ڕێکخراوێکی نهێنی کە جڤاتی مافی مرۆڤی فرەنسیی میناکی بوو، ئامانجی ئەم جڤاتە گۆڕینی هەلومەرجی سیاسی بوو. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەند ئەندامێکی کەمیان بۆ کۆ کرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٤دا بویشنەر بە ڤایدینگ ناسێنرا. ڤایدینگ یەکێک بووە لە ڕێبەرە ئۆپۆزسیۆنەکانی هێسن – دارمشتات. بەڵام هەمیشە ناکۆک و ناتەبا بووە لەگەڵیدا. ڤایدینگ لەگەڵ ئەوەدا بووە هاوپەیمانی لە نێوان لیبراڵدارەکان، پیشەسازکاران و بازرگاناندا ببەستریێ، چونکە تەنیا بەمجۆرە هەل و دەرفەتی پێرەوکردنی بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکانی دەبینی. بویشنەر بەپێچەوانەوە نایەکسانیی دارایی و هەژاریی گوندنشینانی بە گرفتی بنەوایی دەزانی و لەبەر ئەوە دژی هاوپەیمانی بوو لەگەڵ داراکاندا.

لە ساڵی ١٨٣٤دا "تەتەری گوندی هێسن"ی چاپ کرد، کە لە کاتی خۆیدا دای ڕشتبوو و ڤایدینگ بەپێچەوانەی ویستی بویشنەرەوە زۆر گۆڕانکاریی تێدا کردبوو. ئەم بڵاونامەیە لەژێر دروشمی "ئاشتی بۆ کوخەکان! جەنگ بۆ کۆشکەکان!" دانیشتوانی گوندانی هێسنیی بۆ شۆڕش دژی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن هان دەدا. ڤایدینگ ئەو پەرەگرافانەی لابردبوو کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هاوپەیمانە لیبەراڵەکان دەبوونەوە. بویشنەر لەو بڕوایەدا بوو، نووسینەکەی لە مەبەستە سەرەکییەکانی ڕووت کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڤایدینگ نووسینەکەی نەرم کردبووەوە بەڵام بەیاننامەکە بووە مایەی ڕەخنەیەکی توندی زۆر لە لیبراڵ و بەرهەڵستکارە پیشەسازەکان. بەپێچەوانەوە لەلای دانیشتوانی گوند بە گەرمی باوەشی بۆ کرایەوە و

پێشوازیی لێ کرا و بۆ جاری دووەم چاپ کرایەوە. لە ڕێی بەکارهێنانی ئامارەوە پێشانی دانیشتوانی گوندان درابوو، کە بەهۆی باری قورسی باجەوە، خەرجییە زۆرەکانی دەربار مەیسەر دەکرێ. هاوبیرێکی بویشنەر بە پەنجا نوسخەی بەیاننامەی تەتەری گوندەوە دەگیرێ و ژوورەکەی بویشنەر دەپشکنرێ. ڕۆژێک دواتر بویشنەر لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ، بەبێ ئەوەی دەستگیر بکرێ.

### هەڵاتن بۆ ستراسبورگ

بە قسەی بویشنەر خۆی لە ماوەی پێنج هەفتەدا "مەرگی دانتۆن"ی داڕشتووە و دەستنووسەکەی بەمەبەستی بڵاوکردنەوە بۆ کارڵ گوتسکۆڤ ناردووە و داوای لێکردووە زوو پەخش بکرێ لەبەرئەوەی پارەی پێویستە بۆ هەڵهاتن. "مەرگی دانتۆن" باسی نسکۆ و شکستی شۆڕشی فرەنسی دەکا. بەپێچەوانەی دانتۆنی مێژووییەوە، کە لەبەر هەڵەی تاکتیکی شکستی هێنا، دانتۆنی ئەدەبی هەر لە دەستپێکەوە بەبێمانایی کارەکەی خۆی دەزانێ. دوای ئەوەی بویشنەر ملی نەدا بە دەم بانگهێشتنی دادوەری لێکۆڵینەوە بچێ، کەوتنە گەڕان بەدوایدا، لە مارتدا بۆ ستراسبورگ هەڵهات. بەڵام نەک بەداهاتی "مەرگی دانتۆن"، لەبەرئەوەی دۆزکارییەکان پێش کۆتاییهاتنی پەیماننامەکە کەوتن. لە دوا چرکەساتدا نهێنییەکانی لەلای دایکی درکاند و دایکی پارەی پێی دا بۆ ئەوەی خۆی قورتار بکات. دوای هەڵهاتنی بویشنەر باوکی هەموو پێوەندییەکی لەگەڵیدا پچڕی، بەڵام ڕێی بەدایکی دا پارەی بۆ بنێرێ.

لە کۆتاییی مانگی یۆلیدا "مەرگی دانتۆن" بڵاو کرایەوە. لە هەمان

هاويندا دوو دراماى ڤيكتۆر هۆگۆى وەرگێڕا. لە پايزدا خۆى بە چيرۆكى "لێنتز"ەوە سەرقاڵ كرد، كە تێيدا ئازارە ڕوحييەكانى ياكۆب ميخايل ڕاينهۆڵد بەرجەستە دەكا.

لە زستانى ١٨٣٥دا جارێكى تر خەريكى كارى زانستى بووە. لە بوارى زيندەوەرزانيدا تۆژينەوەى كردووە و لە ساڵى داهاتوودا دوكتۆرانامەكەى كۆتايى پێ هێناوە. لە بەهاردا لە چەند كۆڕێكدا كارەكەى پێشكێش بە جڤاتى زانستى سروشت كردووە. لە ئەنجامى ئەمەدا وەكو ئەندام لەو جڤاتەدا وەرگيراوە. هەر لەو بەهارەدا بيرۆكەى شانۆنامەى "ليۆنستە و لێنا" سەرى هەڵداوە و لە ماوەيەكى كەمدا نووسيويەتى، كە ويستى بەم بەرهەمەى بەشداريى پێشبڕكێيەكى دەزگاى بڵاوكردنەوە بكات. بەڵام لە كاتى دياريكراودا بەدەستى لێژنەى هەڵسەنگاندن نەگەيشتووە و بەبێ ئەوەى بخوێنرێتەوە دەستنووسەكەى بۆ دەنێرنەوە.

## دوا مانگەكانى ژيانى لە سويسرا

بويشنەر دوكتۆرانامەكەى لە كۆتاييى ساڵى ١٨٣٦دا خستە بەردەم ڕشتەى فەلسەفيى زانكۆى سويسرى و دوكتۆراى لە فەلسەفەدا بەدەست هێنا. ماڵى گواستەوە بۆ زيوريخ و وانەيەكى بۆ تاقيكردنەوە پێ درا و بووە مامۆستاى ياريدەرى زانكۆ. پێش ئەوەى ماڵى بگوازێتەوە بۆ زيوريخ بويشنەر لە ستراسبورگ دەستى بەنووسينى دراماى "ڤۆيتسەك" كردووە. دەستنووسەكەى لەگەڵ خۆيدا بردووە بۆ سويسرا بەڵام ئەم بەرهەمەى بەناتەواوى مايەوە.

لە ساڵى ١٨٣٧دا تووشى ڕەشەگرانەتا بووە و دراوسێ ئەڵمانە

پەنابەرەکانی کە لە تاراوگەی ستراسبورگ ناسیبوونی خزمەتیان کردووە و هەواڵیان بە ڤیلهێلمینە ژێگلی داوە کە بویشنەر تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و لە سەرەمەرگدایە. بویشنەر لە ١٩ی فێبریوەری ١٨٣٧دا بە ئامادەیی دەزگیرانەکەی و دراوسێکانی کۆچی دوایی کردووە.

## شانۆنامەکانی تری بویشنەر

### ڤۆیتسەک

ڤۆیتسەک درامایەکی تەواونەکراوی گیۆرگ بویشنەری درامانووس و نووسەرە، کە ڕەنگ بێ لە نێوان ژوون و سێپتەمبەری ١٨٣٦دا دەستی بەنووسینی کردبێ. بە هۆی مەرگی زوو و لە ناکاوییەوە بە تەواونەکراوی مایەوە. ئەم دەستنووسە بەچەند جۆرێکی جیاواز ماوەتەوە. جگە لە برگە ئافەرۆزکراو و سڕاوەکان ٣١ دیمەن بە خەتی بویشنەر بەجێ ماوە. کە ڕەنگ بێ بتوانرێ بەسەر چوار قۆناغی جیاوازی پەرەسەندندا دابەش بکرێن. نازانرێ بویشنەر ویستوویەتی چۆن ئەم دیمەنانە ڕیز بکات. دەستنووسەکان ژمارەی لاپەڕەیان پێوە نییە، دیمەنەکانی کە بە بەش خانەبەند کراون ژمارەیان پێوە نییە. زۆربەی دیمەنەکان زۆر کورتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆن. مەرەکەبی دەستنووسەکان ئەوەندە کاڵ بوونەتەوە کە براکەی گیۆرگ بە زەحمەت توانیویەتی بیانخوێنێتەوە؛ ڕەنگ بێ هەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە یەکەم جار لەگەڵ سەرجەمی کارەکانی تردا لە ساڵی ١٨٨٥دا بڵاوی نەکردبێتەوە.

درامای تەواونەکراوی ڤۆیتسەک بەچەندان دەقی جیاوازی سەرهەڵدان لە بەردەستدایە کە لە ئەرشیڤی گۆتە و شیلەر لە ڤایمار هەڵگیراون و لە ساڵی ١٩٨١دا بۆ یەکەم جار بە سەرومەری بڵاو کرانەوە.

یەکەم جار لە ساڵی ١٨٧٩دا چاپ کرا، نووسەری نەمسایی کارڵ ئێمیل فرانزۆس لە ڕێی مامەڵەی کیمیاییەوە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا هەتا دەقەکەی وا لێ کرد کە مایەی خوێندنەوە بێت. بەڵام دەسکاری و گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا کردبوو. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٣دا ڤۆیتسەک لە شانۆی پادشایەتیی میونخدا نمایش کرا. لەو کاتەوە وەرگێڕدراوەتە سەر دەیان زمان و چەندان جار سەرلەنوێ شرۆڤە کراوە. پێش هەموو شتێک بەهۆی نەرمی بەدوای یەکداهاتنی دیمەنەکان نموونەی درامای کراوەی کلاسیکی بەرجەستە دەکا و ئەمرۆ ڤۆیتسەک یەکێکە لە دراما زۆر نمایشکراو و کاریگەرەکانی ئەدەبی ئەڵمانی و بەهرەی بەهونەرمەندێکی زۆر بەخشیوە بۆ ئەفراندنی کاری هاوشێوە.

یۆهان کرستیان ڤۆیتسەک ڕێخۆشکەری مێژوویی بۆ درامای "ڤۆیتسەک" بووە. یۆهان ڤۆیتسەک کوڕی پیاوێکی بارۆکە دروستکەر بووە، لەبەر ئیرەیی یۆهانا ڤۆستی بێوەژنی ٤٦ ساڵەی داوەتە بەر چەقۆ و لە دالانی خانوویەکدا کوشتوویەتی. پرۆفیسۆرێکی زانکۆ لە دوو لێکۆڵینەوەی جیاوازدا ڤۆیتسەکی وەکو مرۆڤێکی ژیر و ئاسایی لە قەڵەم داوە. تەنانەت شازادەی جێنشینی ساکسۆن حەزی نەکردووە ڤۆیتسەک بکوژرێ و لە بەرژەوەندیی ئەو لێکۆڵینەوەی کردووە، بەڵام لەپاش دادگەییەکی درێژ لە ساڵی ١٨٢٤دا بە بەرچاوی خەڵکەوە لە لایپزیک سەری پەڕێنرا.

ئەم لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنانەی کەسایەتیی ڤۆیتسەک و چەندان بکوژی ئەو کاتەی دارمشتات لە کۆوارێکی زانستیی پزیشکیدا بلاو کرابوونەوە و لەوانەیە بویشنەر سوودی لەم کۆوارە بینیبێ بۆ

داڕشتنی درامای ڤۆیتسەک.

ڕەوشی ناتەواویی دراماکە بۆ بڵاوکردنەوە و نمایش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. دەستنووسەکان دەبوو بهێنرێنە سەر بارێک بخوێنرێنەوە. بەدوای یەکداهاتنی دیمەنەکان بۆ سەر شانۆ دیاری بکرێن. بۆ ڕاڤەکاران و تۆژەرەوانی ڤۆیتسەک و بویشنەر بووەتە مایەی مشتومڕێکی زۆر.

سەربازی ئاسایی فرانتس ڤۆیتسەک هەوڵ دەدا بە دەرماڵە کەمەکەی یارمەتیی ژنە هاوڕێکەی و منداڵە ناشەرعییەکەی بدات، کار بۆ ئەفسەرەکەی سەردەستی دەکا. بۆ ئەوەی لە پاڵ دەرماڵەکەیەوە کە هەمووی بە ماری دەدا کەمێک پارەی دەست بکەوێ، خۆی دەخاتە بەردەستی دوکتۆرێکی بێ ویژدانی دڵڕەق و وەکو کەروێشک و مشکی لابۆر بەمەبەستی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە ڕێجیمی پۆلکەی پێ دەکرێ. ئەفسەرەکە و پزیشکەکە نەک هەر لە لایەنی جەستەیی و دەروونییەوە ڤۆیتسەک دادەدۆشن، بگرە لە بەرچاوی خەڵک سووکایەتیشی پێ دەکەن.

کاتێ ماری بەدزییەوە دەست لەگەڵ ئەفسەرەکەدا تێکەڵ دەکا و ئەو گومانەی لە ناخی ڤۆیتسەکدا چەکەرەی کردووە دەسەلمێ، دوای ئەوەی لە مەیخانەکە ڤۆیتسەک چاودێریی ماری دەکا لەگەڵ کێبەرکێکەرەکەیدا سەما دەکا، لەو بڕوایەدایە دەنگێک لە ناخییەوە دەبیستێ، کە فەرمانی پێ دەکا مارییی بێوەفا بکوژێ. لەبەرئەوەی پارەکەی بەشی کڕینی دەمانچە ناکات، چەقۆیەک پەیدا دەکا، لە پیاسەیەکی ئێواراندا ماری دەباتە ناو دارستانێکی نزیکەوە و لە کەناری دەریاچەیەک دەیکوژێ.

## لیۆنتسە و لێنا

"لیۆنتسە و لێنا" کۆمیدیایەکی گیۆرگ بویشنەرە، کە مەرج نییە وەکو پێویست بە کۆمیدیا سەیری بکرێ، بگرە ساتیرێکی سیاسی لەژێر پەردەی شادی و گاڵتەوگەپدا شاراوەیە. ئاسان نییە وەکو کۆمیدیا لەم شانۆنامەیە بڕوانرێ، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ نۆدەمییەکی سەرسووڕهێنەری بداتە پاڵ، چونکە هەندێ شوێنی شانۆنامەکە شانۆی ئەبسوردمان بیر دەخەنەوە، ساتیرە ئەدەبییەکە کردەی مۆنتاجی شانۆ بەکار دەهێنێ و میلانکۆلیای لیۆنتسەش قێزیبوونێک بەرجەستە دەکات کە دەستپێشخەرییەکە بۆ فیگۆرەکانی شانۆی سەدەی بیست. کۆتاییی شانۆنامەکەش دڵی ئەو کەسە خۆش ناکات کە چاوەڕوانی کۆتاییەکی خۆشنوودە لە کۆمیدیایەک، چونکە نەریتی کۆمیدیا ئەوەی دەوێ. بەپێچەوانەوە لە کۆمیدیاکەی بویشنەردا کۆتاییی کراوەیە. کۆتاییی شانۆنامەکە فریادڕەسی ناهێنێ: لەگەڵ ئەوەشدا لیۆنتسە و لێنا هاوسەرن و کۆتاییی کۆمیدیای نەریتی دەڵێنەوە، بەڵام «چونکە سبەی بەهەموو ئارامی و ئاسوودەییەک دیسان سەرلەنوێ دەست بەو خۆشییە دەکەینەوە.» بەم وشانە لیۆنتسە دەست و پێوەند و بینەر یان خوێنەر بەجێ دەهێڵێ.

لە بەهاری ١٨٣٦دا بویشنەر ئەم کۆمیدیایەی نارد بۆ پێشبڕکێیەک، بەڵام لەبەرئەوەی درەنگ بەدەستیان گەیشتبوو بەبێ ئەوەی بخوێنرێتەوە بۆیان ناردەوە. شەست ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ١٨٩٥دا بۆ یەکەم جار پێشکێش کرا.

ئێریش کێستنەر لیۆنتسە و لێنا بە یەکێک لە شەش گرینگترین کۆمیدیا کلاسیکییەکانی زمانی ئەڵمانی لە قەڵەم دەدا.

شازاده لیۆنتسەی میلانخۆلی لە خەوندا نغرۆبوو پادشانشینی پۆپۆ دەخـرێتـە بەردەم ئەو واقـیـعـەی کـە لێنای خـاتوونە شـازادەی پادشـانشینی پیپی بخـوازێ. لێ ئەم ئارەزووی هـاوسـەرگیری ناکات و بۆ ئیـتـاڵیـا هەڵدێ. ڤـالیـریۆی بەردەسـتی هـاودەمی دەکـات، ڤـالیـریۆ مـرۆڤێکی دڵسـۆز و بەئەمـەکە، بـەڵام تەمـەڵە و حـەز بە ئیش ناکـات و هەمـیشـە کـەمێک مـەست و ورگـدڕاو و چڵێـسە و هـەمـیـشـە گـەورە ئیدیالیستییە لە خەوندا نغرۆکەی دەهێنێتەوە سەر زەوینەی واقیع.

پیـتـەری پـادشـا، کـە بە ڕووکـەش ملهوڕێکی تێگەیشـتـووە، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا زۆر بێـمـێـشـکە لەو سـەروبەندەدا فـەرمـانی کـۆبوونەوەی ئەنجوومـەنی دەوڵەت دەدا، بۆ ئەوەی بڕیارەکەی کە کوڕەکەی دەبێ ژن بێنێ ڕابگەیەنێ و ئەمـەش جـارێکی تر بێـپـەروایی، دووری لە واقـیـع و پشێویی عەقڵی دەردەخا.

لە ڕێگەی هـەڵاتنی بۆ ئیـتـاڵیـا لیـۆنتسـە و ڤـالیـریۆ تووشـیـان دەبێ بەتووشـی دوو خـانمەوە: کـە لێنا و ژنە پەروەردیارەکـەین. ئەوانیش لە ترسـی هـاوسـەرگیـری لە هەڵاتندان. لیۆنتسە، مـەزەندەی ئەوە ناکات کە ئەمـە بووکـەکـەیە و حـەزی لێ دەکـا، لە کـاتێکدا ڤـالیـریۆ و ژنە پەروەردیـارەکـە گـفـتـوگـۆیەکی ڕەق دەکـەن. لیـۆنتـسـە ددان بە خـۆشـەویسـتـیـیـەکـەیدا دەنێت، بەڵام لێنا هـیـچ پەرچەکـرداری نیـیـە: لیۆنتسە دەیەوێ خـۆی بکوژێ، بەڵام ڤالیریۆ ڕێی لێ دەگرێ، ڤالیریۆ گاڵتەی بە تراجیدیای خۆکوشتن دێت. دواییـتر لێنا حـەز لە لیۆنتسـە دەکا و هەردووکیان بڕیار دەدەن بەیەکەوە بژین.

لـەم سـەروبەنـدەدا لە دەربـاری پـۆپـۆدا ئـامـادەکـاری بـۆ ئاهـەنگی پێـشـوازی لە بووک و زاوا بـە جـووتیـارانەوە دەکـرێ، دیمەنێکی پڕ لە

سادیزم و بەرجەستەکردنێکی بێبەزەییانەی کلۆڵیی جووتیارەکان پێشان دەدرێ.

دیمەنی داهاتوو جارێکی تر لە کۆشکدا بەرچاو دەخرێ، کە مرۆڤ دەتوانێ هەموو پادشانشینی ببینێ. پادشا و دەست و پێوەندەکانی لە پرسەیەکی گەورەدان، لەبەرئەوەی شازادە ون بووە و ئێستا زەماوەندەکە پێک نایەت. بەڵام لە پڕ لەسەر سنووری قەڵەمڕەویدا چوار بیچم دەبینرێن. بێگومان ئەو چوار کەسە پەروەردیارەکە، لێنا، لیۆنتسە و ڤالیریۆن. دوو ئەویندارەکە بەجۆرێک خۆیان پۆشیوە کە ناناسرێنەوە، ڤالیریۆ وەکو "دوو ئامێری ئۆتۆماتیکی لە دنیادا بەناوبانگ" ستایشیان دەکات، لەبەرئەوەی دەتوانن هەموو ئەرکەکانی ژیانی مرۆڤ بەرێکوپێکی بەجێ بهێنن، پیتەری پادشا بڕیار دەدا، بەو دوو ئامێرە ئۆتۆماتیکییەوە وەکو بووک و زاوا زەماوەندەکە بگێڕن. ئاهەنگەکە دەگێڕدرێ و هەردووکیان دەمامکەکانیان دادەماڵن. ئێستا ئەمجا لیۆنتسە و لێنا بۆیان دەردەکەوێ، کە نەک وەکو دەیانویست یارییان بەباوکەکانیان کردووە، بگرە نەیانتوانی لە چارەنووسی پێکەوەبوونیان قورتاریان ببێ. لیۆنتسە بەم قەدەرەی خۆی سەرسامە. بە ئیرۆنیایەکی کۆمیدیی دڕدۆنگەوە چارەنووسی خۆی وەکو پادشا بەسەر قەڵەمڕەوێکی دەست و پێوەندی گەمژەی گوێڕایەڵەوە دەبینێ. لێناش ڕۆڵە نوێیەکەی خۆی قبووڵ دەکا. ڤالیریۆ لەبەر کارەکانی بۆ ڕێکخستنی زەماوەندی لیۆنتسە دەکرێتە وەزیری دەوڵەت، بارودۆخەکە خەستتر دەکاتەوە، بەوەی فەرمان دەدا، نەزمی سەروەر بکرێتە نەریت و شانشین لە پاشاگەردانیدا نغرۆ بکرێ و هەموو شتێک بخرێتە خزمەتی لەزەتی شەخسییەوە.

کـۆمـیـدیاکـەی بویشنەر لەبارەی شـازادەی خـەونەوە، کـە لـە ژیان مـاندوو بووە و نایەوێ جگە لە هەڵاتنێکی نابەدڵ هیـچی تر بە ئیـدیالە ڕۆمـانتـیکیـیـەکـانی ببـەخـشـێ، بەهیـچ جـۆرێک بـێ وەی نیـیـە: ئەو ئیـرۆنیـایەی پڕ لـە گـوزارشـت و پووچگەراییی نایاب دارێژراوە پەردە لەسەر گەنگی دەرەبەگایەتییەک هەڵدەداتەوە کە بێگار بە خەڵک دەکەن و خۆیانیش تەنیا یەک شت دەناسن، ئەویش بێزارییە.

## مەرگی دانتۆن

"مەرگی دانتۆن" شانۆنامەیەکی گیۆرگ بویشنەرە لە چوار دیمەندا. لە مانگی یەک و دووی ١٨٣٥دا نووسراوە و لە کۆوارێکی ئەدەبیدا بڵاو کراوەتەوە و دواییتر بەشێوەی کتێب چاپ کراوە. بەمەش ئەمە تاقە درامای بویشنەرە کە هێشتا لە ژیاندا بووە بڵاو کرابێتەوە، بەڵام لە کاتی چاپکرنیدا زۆر بڕگە و ڕستە و دەستەواژەی بەر مقەستی سانسۆر کەوتوون و پەڕوباڵیان کراوە.

"مەرگی دانتۆن" شانۆنامەیەکی مێژووییە، کە مامەڵە لەگەڵ شوێنگە جیاواز و ئایدیۆلۆجییەکانی شۆڕشی فرەنسا دەکا، هەروەکو چۆن مامەڵە لەگەڵ ئومێد و دژوازییەکانی، دینامێکی بگۆڕی مێژوویی و نسکۆی ئاکاری ئەو شۆڕشە دەکا.

چەمکی "شۆڕش" یەکێکە لە تێما سەرەکییەکانی دراماکە و لە کاتی تێڕامان لە دەقەکە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ: * شۆڕشی فرەنسی پشتینەی مێژوویی دراماکە پێک دەهێنێ. بویشنەر ماوەیەکی زۆر کورتی مێژوو دەخاتە بەردەم خوێنەر (بینەر): لە دوو هەفتە کەمتری کۆتایی مارس هەتا سەرەتای نیسانی ١٧٩٤.

* ژیانی بویشنەر خۆی بە خۆسەرقاڵکردن بەبیرۆکەی شۆڕشەوە خەملا بوو؛ وەکو یەکێکی ڕاونراو تەنانەت ناچار بوو وڵاتەکەی بەجێ بهێڵێ.

* شۆڕشگێڕی مۆدێرن دەتوانێ شێوەی دراماتیکیش بەرجەستە

بکات، وەکــو بویشنـەر لەم شـــانۆنامـــەیەدا کـــردوویـەتی. بـویشـنـەر هۆکارێکی هونەری بەکار دەهێنێ، کە دەیان ساڵ دواتر بـەشێـوەیەکی گـشـتی توانییـان خـۆیان بسـەلمێنن: تـەنانـەت "مـەرگی دانـتـۆن" وەکـو پێشڕەوی شـانۆی دوکومێنتاری سـەیر دەکرێ کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی جێی خۆی کردەوە.

بویشنەر هەوڵ دەدا هەتا بکرێ لە واقیع نزیک ببێتەوە و پەنا دەباتە بەر سـەرچاوە مێژووییەکان و کاریان تێدا دەکا. دەتوانرێ ئەم جۆرەی بەرجـەسـتـەکـردنی درامــای "مـــەرگی دانـتــۆن" بەباوکی شـــانۆی دۆکۆمێنتاری ناوزەد بکرێ کە ١٣٠ ساڵ دوای ئەو شـانۆی ئەڵمانی بۆ دەگەڕێتەوە.

دوو سـیـمـای کـاریگەری شـۆڕش وەکـو نەیار ڕووبەڕووی یـەکـتـر دەبنەوە: دانتۆن و ڕۆبسـپییێر، کە دوو هەڵوێسـتی بنەمایی بۆ ژیان و بۆ شـۆڕش بەرجـەسـتـە دەکەن. لەگەڵ ئـەوەشـدا ڕووداوەکە باسـی "پیـاوی گـەورە" دەکا، بەڵام ئـەوان ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری ناکـەن، بگرە ئەو شـتـە دیاری دەکـا کـە پێی دەوترێ ئاژۆتەری مـێـژوو. خـۆیان خـاوەنی بڕیارەکانی خۆیان نین، چونکە دینامیکی ڕووداوەکان خـۆیان ئەوەندە گەورەن، کە تاک تەنیا دەتوانێ دەستەوسان تەماشای بکا.

مـارسـی ١٧٩٤ شـۆڕش لە فـرەنسـا گـەیشـتـووەتە ترۆپکی خـوێناوی. ئـاخــۆ دەبـێ تیــرۆر بەردەوام بـێ، بـۆ ئەوەی نـەیارەکـــانی شـــۆڕش لەناوببرێن، وەکو ڕۆبسـپیێری توندڕۆ داوا دەکا؟ یان ڕەوتێکی میـانڕۆ بگرن، وەکو دانتۆن وێنای دەکا؟

ئـەم پرســــیــــارە دەبێــــتــــە هـۆی بـەرەنگاری لـە نێـــوان ئـەو دوو سیـاسـەتوانەی شـۆڕشـدا. لە کاتێکدا دانتۆن لە لایـەنی سیـاسـیـیـەوە

ناکـــارا دەمـــێنێـتـــەوە و خـــۆی دەداتە دەم تـەوژمی مـــێـــژووەوە، بۆ ڕۆبسپییێری فەزیلەتگەر ڕوون و ئاشکرایە، دەبێ نەیارەکانی دەستگیر بکرێن و لە کار بخرێن. دانتـۆن کارەکە بۆ خـەنیمـەکەی ئاسـان دەکا، چونکە شتە جوانەکانی ژیان زیاتر سـەرنجی ڕادەکێشن وەکو چالاکیی سـیـاسـی. لـەبیـرکـردنەوەی دانـتـۆنەوە لەبارەی دنیـا و مـردنەوە ڕوون دەبێتەوە: ئەو هیچ گرینگییەک بە ژیان نادا، لە ڕاستیدا تاسەی مەرگ دەکا.

بەڵام دانتـۆن ڕەمـڵی هەڵە لێ دەدا، کە لەو بڕوایەدا بێت، نەیارەکانی لە دەسـگیـــرکـــردنی دەســـڵـــەمـــێنەوە. دوایـیـــتـــر وەکـــو هـەڵەیـەکی چارەنـووســـســـاز دەردەکـــەوێ، کـا نـاتوانێ بڕیـاری ئەوە بدا لە پـاریس هـەڵبێ. لە کـــاتی دادگـــەییکردنیـدا دانـتـــۆن بـە لای بەرهـەڵـســـتـــیـــدا بادەداتەوە: بە هونەری نایابی ئاخاوتنی بۆی دەلوێ، ئاپۆڕەی خەڵکەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. بەڵام ئەوەش بێ ئاکامە، چونکە دوژمنەکانی ئەنجامی دادگـەییـیەکە دەسـتکاری دەکەن. دانتۆن وەکو هـاوڕێیـەکی گەندەڵی گوێڕایەڵی پادشا تاوانبار دەکرێ و حـوکمی مـەرگی بەسـەردا دەدرێ. لەگەڵ هـەوادارەکانیدا بەرەو سەرپەڕینگە دەبرێ.

ژنەکانی پێشەوایانی شـۆڕشیش دەبنە قـوربـانیی گەمـەی شـەترەنجی سیاسـی. ژیولی، ژنەکەی دانتۆن، بەرەو مـەرگ پێش مێردەکەی دەکەوێ خـۆی ژارخـواردوو دەکا؛ لیـوسـیل، ژنی دیسـمـۆلی هـاوخـەباتی دانتـۆن شێت دەبێ و وا دەکا دەسگیری بکەن، بەوەی لە گۆڕەپانی شـۆڕشدا پڕ بە گەرووی هـاوار دەکا: بژی پاشـا.

لە کـاتی کوشـتنی شا لـودڤیکی شـازدەمـەوە سـاڵێک بەسـەرچووە، لە فـرەنسـا تیـرۆر سـەروەرە. گرووپە دەسـەڵاتدارە نەیارەکـان بەرامـبەری

یەکتریان گرتووە! ئامێری سەرپەڕاندن لە گەرمەی کارکردنیدایە، کە بەدەستی ڕۆپسپییێر و هاوڕێ توندڕۆکانییەوەن.

بویشنەر هەوڵ دەدا هەتا بکرێ لە واقیعی ئەو کاتەی فرەنسا نزیک ببێتەوە، هەروەکو چۆن لە "لیۆنتسە و لێنا" و "ڤۆیتسەک"دا پەنا دەباتە بەر دوکۆمێنتەکان، لە "مەرگی دانتۆن"یشدا مێژوو دەبێتە بنەمای داڕشتنی دراماکەی، بەڵام بویشنەر دەقاودەق وابەستەیان نابێ و بە فەنتازیای خۆی موتوربەیان دەکا و ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکا.

وەکو چۆن ناتوانین کلیلێکی گشتی بۆ کردنەوەی دەرگەکانی تراجیدیاکانی شەکسپیر بەکار بهێنین، بەهەمان شێوەش کۆدێکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە "مەرگی دانتۆن" نادۆزینەوە. تراجیدیاکە دەرگەی زۆرە بۆ چوونە ناو جیهانەکەیەوە و خوێنەر بە یەکەم نیگا نازانێ کامیان هەڵبژێرێ و مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەیدا وا هەست دەکا زیاتر پرسیاری لێ دەکرێ وەکو وەڵامی چنگ بکەوێ.

ئەم دەقە "مێژوویەکی بەدراماکراوە"، بەڵام لە چەند وێنەیەکی بۆ شانۆ ئامادەکراو زیاترە و نمایشێکی دراماییی مێژووە، چونکە بویشنەر لەم شانۆنامەیەدا لە ڕێی شۆڕشی فرەنسی و دانتۆنەوە لە "مێژوو" ڕادەمێنێ و شەن و کەوی دەکا.

ڕووداوی "وێنە دراماتیکییەکان"ی کاتێک دەخاتە کار کە دانتۆن هەموو چالاکییەکی سیاسیی خۆی ڕاگرتووە و هەوادارەکانی دنەی دەدەن بەرنامەڕێژیی سیاسی هاوڕێ و هاوبیرەکانی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بسەپێنێ، بەڵام دانتۆن خۆی دوودڵ و دڕدۆنگە لەبەرئەوەی دەزانێ چیی تر ناتوانێ ڕەوتی شۆڕش بگۆڕێ و خۆی بەدەستی قەدەری مێژووەوە دەدا.

ڕۆبسپییێر نەیاری دانتۆنە، هانی گەل دژی دانتۆن و هەوادارەکانی دەدا، بەوە تۆمەتباری دەکا کە ناپاکی لە شۆڕش و پرەنسیپەکانی شۆڕش کردووە. دانتۆن لە لایەن هاوڕێکانییەوە ئاگەدار دەکرێتەوە کە ژیانی لە مەترسیدایە و دەبێ هەڵبێ، بەڵام ناتوانن قەناعەتی پێ بکەن، دەستگیر دەکرێ، دەبرێتە بەردەم دادگەی گەل و لە دادگەییەکی ڕووکەشدا حوکمی مردنی بەسەردا دەدرێ، دانتۆن وەکو قۆچی قوربانیی شۆڕش دەمرێ.

ماکسیمیلیە ڕۆبسپیەر پارێزەر و سیاسەتوان بوو و یەکێک بوو لە پێشڕەوەکانی ژاکۆبینییەکان. ژاکۆبینییەکان باڵێکی چەپی توندڕۆی ناو شۆڕشی فرەنسا بوون، ئەمانە لەگەڵ نەهێشتنی پادشایەتیدا بوون و ئەندام و هەوادارەکانیان لە چینەکانی خوارەوەی شارەکان بوون، هەوڵ و خەباتی ئەمانە لە ئیدیالی ئازادی، یەکسانی، برایەتیدا چڕ بووبووە و داوای کۆمار و نەهێشتنی پادشایەتییان دەکرد. ڕۆبسپیەر یەکێک بوو لە بەرپرسەکانی تیرۆری سالآنی١٧٩٣/٩٤ و لێبڕاوانە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی بەرجەستە کرد.

لە سەرجەمی چالاکیی سیاسیی خۆیدا ڕۆبسپیەر تێ دەکۆشا بۆ پێرەوکردنی ئیدیالە ڕۆشنگەرییەکانی ڕۆسۆ، وەکو چۆن خۆی لێی تێ دەگەیشت و ڕاڤەی دەکرد. بەپێی ژان ژاک ڕۆسۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیەک بە ڕێککەوتنێکی ئارەزوومەندانە ویستێکی بە کۆمەڵ بەرهەم دەهێنن. ویستی بە کۆمەڵ چاوی لە خۆشیی گشتییە و هەمیشە لەسەر هەقە. ڕەهایە، لەگەڵ ئەوەشدا تاکەتاکی خەڵک ڕەتی بکەنەوە. ویستی زۆربە نییە، بگرە ویستی ئەوانەیە، کە فەزیلەتئارا خاوەنی ڕاستین، هەر کەسێک پەلاماری ویستی گشتی بدات، خۆی

دەخاتە دەرەوەی کۆمەڵی ڕۆشنگەرەوە.

ئەمە بۆ ڕۆبسپیەر ئەوە دەگەیەنێ، کە نەیارەکانی کۆمار تەنیا دەیانتوانی یان گۆڕینی قەناعەت یان مەرگ هەڵبژێرن، ڕۆپسپیێر ڕای وابوو هەتا حکوومەت لەگەڵ هاووڵاتییاندا ڕەقتر بێ، ئەوەندە لەگەڵ هاووڵاتییە سەلارەکاندا نەرمتر دەبێ. بەپێی ئەوە حوکمی تیرۆر نەنگییەکی پێویست بوو، بۆ ئەوەی گەل بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتیی ڕۆسۆ ئامادە بکرێ. ڕۆبسپیەر ڕای وا بوو، کە بەبێ فەزیلەت تیرۆر کارەساتئامێزە، بەبێ تیرۆر فەزیلەت دەستەوەستانە. لە ساڵی ١٧٩٣دا ڕۆبسپیەر لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بۆ لێژنەی فەرمانڕەوایی هەڵبژێردرا. لە دوای ئەوەوە پشتگیریی لە هەموو هەنگاوێک دژی "نەیارەکانی شۆڕش" دەکرد، بۆیە ناوی "دادوەری خوێن"ی شۆڕشی فرەنسیی لێ نرا، ژاک ڕوی و ئەندامانی ئینراژێ درانە دادگە، ژاک-ڕینێ ئێبێر دەستگیر کرا و ئەمجا ئێبەرییەکانی بەدوادا هات. شەش ڕۆژ پاش ئەوە دانتۆن و هەوادارەکانی گیران و سەریان پەڕێنرا.

دانتۆن یەکێک بوو لە سەرکردەکانی چینەکانی خوارەوەی گەل لە شۆڕشی فرەنسیدا و بە بەهرەمەندی وتاردان ناوبانگی دەرکردبوو. دوای ئەوەی بەرگریی لە شۆڕش کرد لە ساڵی ١٧٩٤دا دژی دوژمنەکانی دەرەوە وەستایەوە و داوای کۆتاییهێنانی بەتیرۆر کرد. ڕۆبسپیەر دژی وەستایەوە و لە کاری خست. ئەو هەوڵەی لەگەڵ دوژمنی دەرەوە و دانوستاندنی ئاشتی دەست پێ بکا بووە هۆی وەدەرنانی لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی. هاوڕێکانی ئامۆژگارییان کرد بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵبێ، بەم وشانە وەڵامی دانەوە: "ئاخۆ

مرۆڤ دەتوانێ وڵاتەکەی بە ژێر پێڵاوەکانییەوە لەگەڵ خۆی ببا؟"

بویشنەر توانیویەتی ڕووداوە دراماتیکەییەکانی شۆڕشی فرەنسی لە بۆتەقەی ئەم شانۆنامەیەدا.... بویشنەر پێمان دەڵێ: شۆڕش منداڵەکانی خۆی قووت دەدا و لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی شۆڕشەکەدا دەکا.

**دەق**

وەکو پێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد کلیلێکی گشتی نادۆزینەوە بۆ کردنەوەی دەرگەی "مەرگی دانتۆن". تراجیدیایەکە چەند دەرگەیەکی هەیە بۆ چوونە ژوورەوە و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی دەقەکە و هەندێ جاریش مرۆڤ وا هەست دەکا بویشنەر زیاتر پرسیاری وروژاندەوە لەوەی ڕێنوێنیی خوێنەر/ بینەر بکا بۆ ڕۆچوون لە شانۆنامەکەدا.

بۆ سەلماندنی قسەکانی سەرەوەمان و بەرفراوانیی دراماکەی بویشنەر ئەوە بەسە کە مرۆڤ نیگایەک بگرێتە ڕاڤە جیاوازەکان، کە لە ڕەوتی مێژوودا بەخۆیەوە بینیوە.

ڕاڤەی دەروونشیکاری: ئارتور موێلەر ڤان دێن بوک لە کارەکتەری دانتۆندا ئاوێنەیەکی باڵانمای گیۆرگ بویشنەر دەبینێ کە بەدەستی تەنگژەی دەروونییەوە هەژابوو و ئازاری دەچەشت.

زانستی ئەدەبی نازییەکان لە "مەرگی دانتۆن"دا خاڵی وەرچەرخانی لە بیۆگرافیای بویشنەردا دەبینی، وەکو پشتکردنە سیاسەت. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕۆحی شۆڕشگێڕی گرینگ نییە، بگرە نمایشی چارەنووسی گەورەی تراجیدیی فەرد گرینگە.

ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسی وەکو گیۆرگ لوکاش بەتەواوی بانگەشەی

پێچەوانەی ئەمەیان دەکرد: گوایە "مەرگی دانتۆن" خۆی لە هەموو ورەبەردان و ڕووخانێکی پاڵەوانەوە خۆی بەدوور دەگرێ؛ گوایە ڕاڤەی شۆڕش لە پێشەوەیە و ڕۆڵی دەستەجەمعی گەورە خراوەتە ڕوو، واتە ڕۆڵی گەل بەرجەستە کراوە. گوایە بویشنەر خۆیشی شۆڕشگێڕی کۆمەڵگەیە.

ڤۆڵفگانگ مارتەنس ڕاڤەیەکی ئاینیی بۆ دراماکە کرد: لە پاڵ گومانی بووندا هەوڵ و کۆشش پێشان دەدرێ بۆ پرسیاری فریادڕەسی.

هەندێکی تر لە ڕەهەندە ئیستاتیکییەکانی "مەرگی دانتۆن" دەکۆڵنەوە، کاتێ بیانەوێ تێگەیشتنی ڕیالیزمانەی هونەری لە لای بویشنەر بخەنە بەرباس.

## شۆڕش

"مەرگی دانتۆن" درامایەکە لەبارەی شۆڕشەوە، لە نێوان شۆڕشی ١٨٣٠ و شۆڕشی ١٨٤٨ی فرەنسا نووسراوە. ئەم کارە لە کەشێکدا سەری هەڵداوە، کە هەموو کاتێک لە ئەڵمانیاش ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بتەقێتەوە.

نیگایەکی خێرا لە ژیاننامەی بویشنەر چالاکییە شۆڕشگێڕانەکەیمان پێشان دەدا. ئاخۆ لەبەرئەوەی وەکو شۆڕشگێڕ لە ژیانی ڕاستەقینەدا نسکۆی هێنا لە بەر ئەوە شۆڕشی وەکو ئەلتەرناتیڤ بۆ سەر شانۆ گواستەوە؟ ئاخۆ "مەرگی دانتۆن" درامای یاخییەکی نسکۆخواردووە، شۆڕشگێڕێکی بەئاکام نەگەیشتووە؟

لێرەدا ئەو پرسیارە قووت دەبێتەوە، بویشنەر لە شانۆنامەکەیدا

چۆن مامەڵەی لەگەڵ بابەتی "شۆڕش"دا کردووە، چی هەڵوێستێکی لە بەرامبەردا گرتووە:

ئاخۆ "مەرگی دانتۆن" درامایەکی پێشکەتووخوازانەیە، واتا کارێکە بۆ پشتگیریی شۆڕش نووسراوە، واتە دەقێکی وروژێنەر کە ئامانجی کاریگەریی سیاسییە؟ ئاخۆ بویشنەر تەنانەت هەواداری پرۆگرامەکەی رۆبسپیێر بووە وەکو زۆرجار بانگەشەی بۆ دەکرێ؟

یان "مەرگی دانتۆن" درامایەکی کۆنەخوازانەیە و بویشنەر دەیەوێ لە رێی ئەم دەقەوە ئینزار بکا، بەوەی بویشنەر هەوڵ دەدا کار لە ئەزموونەکانی خۆیدا بکات، واتە ئەو مەترسییەی مرۆڤ رووبەرووی دەبێتەوە کە چالاکیی سیاسی بکا چونکە دەتوانێ بەئاسانی لە چارەنووسی دانتۆنەوە ئەو ئەنجامگیرییە بکات، مرۆڤ بۆ چالاکیی سیاسی لە خشتە نەبرێ. ئەو دادگەیەی دانتۆن خۆی دای مەزراند حوکمی مەرگی بەسەر دانتۆن خۆیدا دا. ئەو رستەیەی لە بەراییی شانۆنامەکەدا گوزارشتی لێ دەکا، لە خۆیدا پێڕەو دەکرێ:

شۆڕش وەکو ساتورن وایە، خۆی منداڵەکانی خۆی دەخوا.
(٥/١)

وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی لە سەرەوە لە ناوەڕاستدایە. بویشنەر وەکو دوکتۆرێک شیتەڵکاریی میکانیزمی شۆڕش دەکا، بەبێ ئەوەی هەواداری یان رقی بەئاشکرا بۆ هیچ لایەنێک دەرببڕێ. بویشنەر ئەو بنەمایانە دەخاتە روو کە شۆڕشگێڕەکان لە کاتی بڕیاری سیاسییاندا دەبێ ملکەچی بن شۆڕش نە باشە نە خراپ، بە هەمان شێوە نە دانتۆن نە رۆبسپیێر باش و خراپ بەرجەستە ناکەن. ئەوەی لە خوێندنەوەی شانۆنامەکەدا چاوەڕوانی ئەوە بێت لە بابەتی شۆڕشدا

ڕاستییەکی تۆکمەی بەرفراوانی گشتگری دەست دەکەوێ، نائومێد دەبێ.

وزەی جووڵێنەری شۆڕش گەلە بە مەزاجە هەڵبەز و دابەزکەرە حیساب بۆ نەکراوەکانییەوە؛ گەل وەکو نەناسراوێک لە حیسابی سیاسەتوانەکانی شۆڕشدا، پڕ لە جۆشوخرۆش، دەتوانێ لە ئاپۆڕەی نەناسراودا خۆی خاڵی بکاتەوە. لاکروا بە ئەژدیهایەکی مرۆڤخۆری ئەفسانە پاڵەوانییەکانی یۆنان بەراوردی دەکا:

گەل وەکو مینۆتاوروس وایە، کە هەفتانە دەبێ تەرمەکانی بدرێتێ (٤/١).

دانتۆنیش بە پێشبینینەکراوی ئاپۆڕەی خەڵک دەزانێ: گەل وەکو منداڵ وایە، دەبێ هەموو شتێک بشکێنێ، بۆ ئەوەی بزانێ چی تێدایە (٥/١).

ئاخۆ شۆڕش بارودۆخی گەلی بەرەو باشی بردووە؟ وەڵامەکە نەرێیە، وەکو لە دیمەنی (٢/١)دا دەیبینین. کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند ماوەتەوە؛ یوتۆپیای شۆڕش نەیتوانیوە واقیعی ڕەقی ژیانی ڕۆژانە لاببا. دەبینین کچەکەی سیمۆنی سۆفلیۆر بۆ ئەوەی بژێویی خێزانەکەی پەیدا بکات، وەکو سۆزانی کار دەکات.

شۆڕش نەیشیتوانیوە مرۆڤی باشتر بهێنێتە ئاراوە، بگرە مرۆڤی ماندوو، گومڕا و ڕەقی بەرهەم هێناوە، کە ئامادەییان بۆ زەبروزەنگی زۆر بیرکردنەوەیانی شلوێ کردووە: سیمۆن لە بەدمەستیدا لە ژنەکەی دەدا، خوێن بەرچاوی هاووڵاتییانی گرتووە و لە ڕقی ڕامنەکراویاندا دژی دەرەبەگایەتی توندڕۆیانە هاواری کوشت و بڕ دەکەن.

تەنانـەت شـتـێکی پووچی وەکـو دەسـمـاڵ دەبێـتـە ڕەمـزی
خـۆشگوزەرانی و مـووی خـەڵکە هـیچ و پووچـەکـە بەرز
دەکاتەوە (٢/١).

ڕێبـەرانی شـۆڕش بەهۆی بێڕەوشـتی و ڕۆحی نـامـرۆڤـانەیانەوە بە پرۆگـرامـەکـانیـانـەوە شکست دەهێنن: دانتـۆن بەوە خـۆی لە کڵـۆڵی و بێنەواییی ئاپۆڕەی خەڵک دوور خستووەتەوە کە ژیانێکی ئاسوودەی بۆ خۆی پێک هێناوە و بەمـەش تێگەیشتنی بۆ هەموو بێمانایییـەکی کاری سیاسی و قێزبوونەوە لە جیهانی چەپەر کردووە. گۆڕانی ژیانی دانتۆن جگە لە نەنگیی ئەریستۆکراتی کۆن لە بەرگێکی تازەدا هیچی تر نییە؟

ڕۆپسـپیێر لە هـەمـوو شوێنێک وەکو پارێزەری بەشکۆیی دەردەکەوێ و هـەوڵ دەدا بەهـەمـوو هۆکـارێک بیـانچـەسـپێنێ، تەنانـەت ئەگـەر بە زۆرداری و سـەرکـوتکردن و کـوشـتنیش بێت. تیـرۆری بـەشکۆییی ژاکۆبییـەکان جیـاوازیی لەگـەڵ پادشـایەتییـەکی ڕەهادا چییـە، کـە شانازی بە ڕووخانییەوە دەکرێ.

بویشنەر لەم درامایەدا ئاشکرای دەکات:

حـوکمی سـتـەمگەری نەیتـوانیـوە لە کـڵـۆڵی و بێنەواییی گەل کـەم بکاتەوە گـرفتی کۆمـەڵایەتی چارەسـەر نەکراوە. دانتۆن لە ئاخـاوتنی بەرگری لەخـۆکـردنیـدا ئەمـە بە ڕووی نـەیارەکـانیـدا دەدا و بەمـەش چەپڵەیەکی زۆری بۆ لێ دەدرێ:

ئێوە نانتان دەوێ و ئەوان کەللەسەرتان بۆ فڕێ دەدەن. ئێوە
تینووتانە و ئەوان خوێنی سەر پلەکانی سەرپەڕینگەتان پێ
دەلێسنەوە (٩/٣)

لە دەریشەوە گەل ڕاپەڕیوە:

سـەرپەڕینگە ئاشـێكی خـراپە و سـامـسـۆن (جـەلاد) نانەوایەكی خراپە. ئێمە نانمان دەوێ، نان (١٠/٣)

تیرۆریستێكی دەوڵەتیی وەكو سان ژیوست دەبێ پەنا بۆ هاوسۆزیی ڕەوانبێژی ببا ئەگەر بیەوێ پاساو بۆ سیاسەتە خوێناوییەكەی بهێنێتەوە: شۆڕش مرۆڤ ئەنجن ئەنجن دەكا بۆ ئەوەی گەنجی بكاتەوە (٢/٧)

بەنیگایەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی ڕەوایەتی بە توندوتیژیی تیرۆر دەدا. بەهانەیەكی ڕووكەش، ئەگەر مرۆڤ ڕەچاوی هەژاریی گەل بكات.

ڕقی كۆنترۆڵنەكراو لە كەشی كڵۆڵیدا گەشە دەكا، پێش هەموو كەسێك ئەو كەسانە ئەمە باش دەزانن، كە دەیانەوێ گەل بەو ئاراستەیە بئاژوون كە خۆیان وێنای دەكەن. لە سەردەمێكدا كە گەل دژی پادشا و ئەریستۆكراتی و وزە میانڕۆكان هان دەدرێ، سیمایەكی كاریزمایی وەكو ڕۆپسپیێر كارەكەی بۆ ئاسانە خەڵك وەكو ئەو مەسیحە ناوی دەبەن كە: نێردراوە بۆ ئەوەی هەڵبژێرێ و حوكم بكات (١/٢).

بویشنەر لە دیمەنی ١٠/٣دا بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكیش ڕاڕاییی گەلمان پێشان دەدا:

لە سەرەتای دیمەنەكەدا خەڵكی هێشتا پشتگیریی دانتۆن دەكەن و دژی ئەنجوومەنی فەرمانڕەواین؛ لە كۆتاییی دیمەنەكەدا بارودۆخەكە ئاوەژوو بووەتەوە هەموو هاوار بۆ ڕۆپسپیێر دەكەن، دەنگەكان بۆ دانتۆن كپ بوونە. چی ڕووی داوە؟ دوو هۆكار بوونەتە هۆی لەدەستدانی هەواداری بۆ دانتۆن: * كاتێ ڕابواردنەكانی دەخرێنە بەرچاوی گەل، لە پڕ دانتۆنی دۆستی گەل دەبێتە مشەخۆر، هەموو ئەو

شتانەی هەیە کە گەل لێیان بێبەشە: موڵک، ژیانی خۆش، ژن. ئێرەیی وەکو گرینگترین وزەی پاڵنەر بۆ دروستبوونی بیروڕای سیاسی دەردەکەوێ. دانتۆن دەبێتە قوربانیی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

* لەوەش خراپتر: قسەڵۆک لەبارەی خیانەتی نهێنیی دانتۆن ئاگاییی گرووپیان دژی خستووەتە گەڕ. گومانی ئەوەی لێ دەکەن نەیارەکانی شۆڕش، شاپەرست و وڵاتانی دەرەوە پارەیان پێی دابێ.

شۆڕش تەنیا مەرجدار دەئاژووترێ، زۆرتر خۆی لە جووڵەدایە و لەژێر کۆنترۆڵی تاکەکان دەرچووە. شێوەی هەڵسوکەوتی سوبیەکتەکانی مێژوو کاریگەریی بەسەر مێژوودا نییە، بگرە میزاجی جەماوەرە ئاراستەی مێژوو دیاری دەکا، کە لە توندڕۆیییەکەوە بەرەو یەکێکی تر دەچێ.

لە مارسی ١٧٩٤دا دانتۆن دەستگیر کرا، لەپاش دادگەیییەکی کورت لە بەردەم دادگەی شۆڕشدا وەکو نەیاری شۆڕش حوکمی بەسەردا درا و لە ئەپریلدا لەگەڵ ١٣ لە هەوادارەکانی (دانتۆنییەکان) سەریان پەڕێنرا.

## پێڕستی کەسەکان

| | |
|---|---|
| ژیۆرژ دانتۆن | |
| لێژاند | |
| کامی دێمۆلان | |
| ئێرۆ سێشێل | |
| لاکروا | ئەندامانی ئەنجوومەن |
| فیلیپۆ | |
| فابر دێگلاتین | |
| مێرسیێ | |
| تۆما پێن | |
| ڕۆپسپیێر | |
| سان ژیوست | |
| باریێر | ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی |
| کۆلۆ دێربۆ | |
| بیلۆ – ڤارێن | |
| ئامار | ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش |
| ڤولانئەندامی | ئەنجوومەنی ئاسایش |
| شۆمێت | بریکاری پەرلەمانی ناوچە |

| | |
|---|---|
| دیلۆن | جەنەراڵێک |
| فۆکێ  تانڤیل | داواکاری گشتی |
| ئێرمان | سەرۆکی دادگەی شۆڕش |
| دیوما | سەرۆکی دادگەی شۆڕش |
| پاریس | هاوڕێیەکی دانتۆن |
| سیمۆن | سۆفلیۆر[١] |
| ژنەکەی سیمۆن | |
| لافلو | |
| ژیولی | ژنەکەی دانتۆن |
| لیوسیل | ژنی کامی دێمۆلان |
| رۆزالی | لەشفرۆش |
| ماریۆن | لەشفرۆش |
| ئەدێلاید | لەشفرۆش |

ژنان و پیاوان لەناو خەڵکەوە، ژنی لەشفرۆش، چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران، جەلاد... هتد.

# پەردەی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

ئێرۆ – سێشێل، چەند خانمێک (بەسەر مێزی یارییەوە). دانتۆن، ژیولی (کەمێک لەوان دوور، دانتۆن بەسەر کورسییەکەوە نزیکی پێیەکانی ژیولی)

**دانتۆن:** سەیری ئەو خانمە جوانە بکە، چەند بەنەزاکەت کارتەکان تێکەڵ دەکا! بەڵێ بەڕاستی لێی تێ دەگا، دەوترێ هەمیشە بۆ مێردەکەی دڵ و بۆ خەڵکی تر قەرە[۲] ڕادەگرێ. ئێوە هێشتا دەتوانن وا لە مرۆڤ بکەن حەز لە درۆ بکات.

**ژیولی:** متمانە بە من دەکەی؟

**دانتۆن:** چووزانم. ئێمە کەم لەبارەی یەکترەوە دەزانین. ئێمە فیلین، دەست بۆ یەکتر درێژ دەکەین بەڵام لەخۆڕا خۆمان ماندوو دەکەین، تەنیا پێستی ڕەق لە یەکتر دەسووین ئێمە زۆر تەنیاین.

**ژیولی:** دانتۆن تۆ من دەناسی.

**دانتۆن:** بەڵێ، ئەوەی مرۆڤ پێی دەڵێ ناسین. تۆ چاوت ڕەشە و قژت لوولە و ناوقەدێکی ناسکی هەیە و هەمیشە بە من دەڵێی: ژیۆرژی ئازیز. بەڵام (ئاماژە بۆ تەوێڵ و چاوی دەکا) لێرە، لێرە، چی لە پشتی ئەوەوەیە؟ لاچۆ، ئێمە یادەوەریمان باش نییە. یەکتر ناسین؟ دەبێ دیواری کەللەسەری یەکتر بشکێنین و بیرەکان لە تاڵە ڕیشاڵی مێشکی یەکتر ڕابکێشین.

**خانمێک:** دەتانەوێ چی لە پەنجەکانتان بکەن؟

**ئێرۆ:** هیچ!

**خانمێک:** پەنجەکەڵەتان مەخەنە نێوان پەنجەی ناوەڕاست و دۆشاومژەوە[3]، ئەوە زۆر ڕووهەڵماڵراوانەیە.

**ئێرۆ:** تەماشا کەن، شتەکە سیمایەکی تایبەتی خۆی هەیە.

**دانتۆن:** نەخێر ژیولی، من وەکو گۆڕ خۆشم دەوێی.

**ژیولی:** (پشتی تێ دەکا): ئۆی.

**دانتۆن:** نەخێر گوێ بگرە! خەڵکی دەڵێن گوایە گۆڕ ئارامە و ئارامی و گۆڕ یەکن. ئەگەر ئەمە وا بێ لە باوەشی تۆدا لەژێر خاکدام. ئەی گۆڕی شیرین، لێوەکانت زەنگی مەرگن، دەنگت زرنگەی گۆڕەکەمە، سینەت گردۆلکەی سەر گۆڕە و دڵت دارەمەیتەکەمە.

**خانمەکە:** دۆڕای!

**ئێرۆ:** ئەوە سەرچڵییەکی ئاشقانە بوو، وەکو هەموو سەرچڵییەکانی تر پارەی تێ دەچێ.

**خانمەکە:** واتە وەکو کەڕولاڵێک ئەشقەکەتان بە پەنجەکان بەیان کرد.

**ئێرۆ:** ئەی بۆچی نا؟ تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکرێ تێگەیشتن لە ئاماژەی پەنجە لە هەموو شتێک ئاسانترە. دۆستایەتییەکم لەگەڵ شاژنێکی پاپەزدا نایەوە، پەنجەکانم شازادە بوون بووبوونە جاڵجاڵۆکە، خانم ئێوە پەری بوون؛ بەڵام کارێکی باش نەبوو، خانمەکە هەمیشە زەیستان بوو، هەموو، هەموو چاوترووکانێک کوڕێکی دەبوو. من بم نایەڵم کچەکەم لەو جۆرە یارییانە بکات، بەڕێزان و خانمان ئەوەندە بێئابڕووانە بەسەر

یەکتردا دەکەون و کوڕەکان یەکسەر بەدوایاندا دێن.

(کامی دێمۆلان و فیلیپۆ دێنە ژوورەوە)

فیلیپۆ، چاوەکان چەند خومارن! کونت لە تەپلە سوور[٤]ەکەدا کردووە، ژاکۆبی پیرۆز[٥] چارەی بەیەکدا داوە، لە کاتی سەرپەڕاندندا باران باری یان جێیەکی خراپت دەستکەوت و نەتتوانی هیچ ببینی؟

**کامی:** تۆ لاسایی سۆکرات دەکەیتەوە. دەزانی خواوەند پرسیاری چی لە ئالسیبیادەس[٦] کرد، کاتێ ڕۆژێک مات و خەمبار بینی؟ قەڵغانەکەت لە کوشتارگە ون کردووە، لە بەربەرەکانی یان لە شەڕەشمشێردا دۆڕای؟ یەکێکی تر باشتر گۆرانیی وت یان باشتر سەنتووری ژەند؟ چ کۆمارخوازێکی کۆنن! ڕۆمانتیکی سەرپەڕینگەکەمانیان لە بەرامبەردا ڕابگرن!

**فیلیپۆ:** ئەمڕۆ دیسان بیست کەس بوونەتە قوربانی. ئێمە بەهەڵەدا چووبووین، ئێبەرتییەکان[٧] تەنیا بۆ سەرپەڕینگە نێردران، لەبەرئەوەی زۆر بەرێکوپێکی نەجووڵانەوە، لەوانەیە لەبەر ئەوەش بووبێ کە دێسەمقیرن[٨] لەو بڕوایەدا بوون لەناو دەچن ئەگەر تەنیا یەک هەفتە پیاوگەلێک هەبن کە خەڵکی زیاتر لێیان بترسن وەکو لەوان.

**ئێرۆ:** ئێوە دەتانەوێ ئێمە بکەنە مرۆڤی سەرەتایی. سان ژیوست بە خۆشحاڵییەوە نابینێ، کە ئێمە لەسەر چوار پەل بڕۆین، بۆ ئەوەی پارێزەرەکەی ئارا[٩] بەپێی میکانیکی سەعاتچییەکەی جنێف[١٠]، سەرپێچکەی منداڵان، تەختەی قوتابخانە و خوای گەورەمان بۆ بدۆزێتەوە.

**فیلیپۆ:** ئێوە لەوە ناترسن بۆ ئەو مەرامە چەند سفرێک بخەنە سەر حیسابەکەی مارات[11]. چەندی تر دەبێ وەکو مەلۆتکەی تازە لەدایکبوو پیس و خوێناوی بین، دارەنداز ببێتە لانکەمان و بە کەللەسەر یاری بکەین؟

ئێمە دەبێ بەرەو پێشەوە بڕۆین. دەبێ لێژنەی بەخشین بچەسپێنرێ، ئەندام پەرلەمانە دەرکراوەکان دەبێ وەربگیرێنەوە.

**ئێرۆ:** شۆڕش گەیشتووەتە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە.

شۆڕش دەبێ بەکۆتا بێت و کۆمار دەبێ دەست پێ بکا.

لە بنەماگەکانی دەوڵەتدا دەبێ ماف جێگەی ئەرک بگرێتەوە، خۆشگوزەرانی جێگەی فەزیلەت بگرێتەوە و بەرگری لەخۆکردن بچێتە جێگەی سزا. هەموو کەسێک دەبێ بتوانێ خۆی بسەلمێنێ و سروشتی خۆی بچەسپێنێ. با ئاقڵ یان بێعەقڵ، خوێندەوار بێت یان نەخوێندەوار، باش یان خراپ، ئەمە هیچ پێوەندیی بە دەوڵەتەوە نییە. ئێمە هەموو شێتین کەس مافی ئەوەی نییە شێتی تایبەتی خۆی بەسەر کەسدا بسەپێنێ.

هەموو کەسێک دەبێ بتوانێ بە شێوەی خۆی لەزەت ببینێ، بەڵام بەجۆرێک، کەس لە ڕێی زیانی کەسێکی ترەوە لەزەت نەبینێ یان لەزەتی تایبەت بەخۆی بشێوێنێ.

**کامی:** شێوەی دەوڵەت دەبێ پۆشاکێکی شەفاف بێت، کە بە تەنگی بەجەستەی گەلەوە بنووسێ. هەموو ئاوسانێکی دەمار، هەموو کرژبوونێکی ماسوولکە، هەموو جووڵانەوەیەکی ماسولکەژێیەک دەبێ تیایدا دەربکەوێ. لەوانەیە سیماکە جوان یان ناشیرین

بێت، مـافی ئـەوەی هـەیە بەو جـۆرە بێت کـە هـەیە، ئێـمـە مـافی ئەوەمان نییە بە ئارەزووی خۆمان کراسی بەبەردا دابڕین.

ئێـمـە بە دەسـتی ئەوانەدا دەدەین کە دەیانەوێ سـەرپۆشـێکی ڕاهیبە بەسەر شانی خۆشەویستترین ژنە گوناهبارى فرەنسادا بدەن.

ئێمە خواوەندی ڕووتمان دەوێ، کچی باکوس[١٢]، یاریی ئۆلۆمپی و لێـوی مـیلۆدیمان دەوێ: ئای، ئەوە ئـەڤینـە بەدەی کۆئـەندامی زاوزێ دەتوێنێتەوە!

ئێمە نامانەوێ ڕێ لە ڕۆمەکان بگرین لە قوژبنێکدا دابنیشن و شـێلم بکوڵێنن، بەڵام دەبێ ئیتر گەمـەی پاڵەوانیـەتیمان پێشـان نەدەن.

ئێپیکور[١٣]ی خوایی و ڤێنووسی پاشـەڵ جوان دەبێ لە جیاتیی ماراتی پیرۆز و چالیەر ببنە دەرگەوانی کۆمار.

دانتۆن تۆ لە ئەنجوومەندا هێرش دەکەی.

**دانتۆن:** من دەیکەم، تۆ دەیکەی، ئەو دەیکا. پیرەژنەکان دەڵێن، ئەگەر هەتا ئەو کاتە بمێنین. دوای سـەعاتێک ٦٠ دەقە بەسـەر دەچن. کوڕم وا نییە؟

**کامی:** ئەمە یانی چی؟ ئەمە گومانی تێدا نییە.

**دانتۆن:** ئاخ، هیچ شتێک گومانی تێدا نییە. ئەی کێ دەبێ هەموو شتە جوانەکان بخاتە کار؟

**فیلیپۆ:** ئێمە و خەڵکە سەرڕاستەکان.

**دانتۆن:** تۆ و لە نێواندا وشـەیەکی درێژ، کەمێک لە یەکتر دوور ڕامان

دەگـرێ، مــیـانەکـە دوورە، پێش ئەوەی ئێـمــە بـە یەک بگەین ســەرراســتی هەنـاســەی لـەبەر دەبڕێ. بـا واش بێت! مــرۆڤ دەتوانێ پارە بە خەڵکە سەرراستەکان بە قەرز بدات و ببێتە باوکی گیانی منداڵەکانیان و کچەکانیانی پێ بە مێرد بدات، بەڵام ئەمە هەموو شتێکە مرۆڤ بتوانێ بیکات!

**کامی:** ئەگەر تۆ ئەمەت دەزانی، بۆچی دەستت بە خەبات کرد؟

**دانتۆن:** خەڵکەکەم لە لا قێزەون بوون. هەرگیز نەمتوانیوە سەیری ئەو جـۆرە پیـاوە بە ویـقـارانە بکەم، بەبێ ئەوەی شـەقـێکیـان تێ هەڵدەم. من تەبیعەتم وایە (هەڵدەستێتە سەرپێ).

**ژیولی:** دەڕۆی؟

**دانتۆن:** (بە ژیولی): دەبێ بڕۆم، بە سیاسەتەکەیان بریندارم دەکەن.

(لە کــاتی چوونە دەرەوەدا): دەبـێ لە ئـاســتــانـەی دەرگــەدا پێشبینیی ئەوەتان بۆ بکەم: پەیکەری ئازادی هێشتا لە قاڵب نەدراوە، فـرنەکە دەسـووتێ، ڕەنگبێ بەمە دەستی هەموومـان بسووتێ. (دەڕوا).

**کامی:** وازی لێ بهێنن، لەو بڕوایەدان ئەگەر بگاتە دانوستاندن ئەو دەتوانێ دەستبەرداری ئەوە ببێ؟

**ئێرۆ:** بەڵێ، بەڵام تەنیا بۆ کات بەسەربردن، وەکو چۆن مرۆڤ شەترەنج دەکا.

## دیمەنی دووەم

کۆلانێک

سیمۆن، ژنەکەی

**سیمۆن:** (لە ژنەکە دەدا): هەی.قیۆدە، هەی حەبی چرچی ئاتەشەک، هەی سێوی کرماویی گوناه!

**ژنەکە:** ئای فریام کەون! فریام کەون!

(خەڵکی بەهەڵەداوان دێن).

**خەڵکی:** لەیەکیان بکەنەوە! لەیەکیان بکەنەوە!

**سیمۆن:** نەخێر، رۆمەکان[١٤] لێم گەڕێن، دەمەوێ ئەم لاشەیە هەلاهەلا بکەم! هەی سۆزانی!

**ژنەکە:** من سۆزانیم؟ من پێتی پێشان دەدەم.

**سیمۆن:** جلەکەت لەبەر دادەدڕێنم،

کەلاکەکەت بەڕووتی فڕێ دەدەمە بەر هەتاوەکە.

هەی قەحبە، لە هەموو قوژبنێکی جەستەتدا بێئابڕوویی هێلانەی کردووە.

(خەڵکەکە لەیەکیان جیا دەکەنەوە).

**یەکەم هاووڵاتی**[١٥]: چی بووە؟

**سیمۆن:** کچە پاکیزەکە لە کوێیە؟ قسە بکە! نەخێر. ناتوانم وا بڵێم. کچەکە! نەخێر ئەمەشیان نەء؛ ژنەکە، ئافرەتەکە! ئەمەش،

ئەمـەشـیـان نـەء! تەنیا نـاوێکی تر! ئاخ، ئەمـە دەمـخنکێنێ! من بینم بۆ ئەمە نییە.

**دووەم هاووڵاتی:** ئەوە باشە ئەگینا ناوەکە بۆنی مەیی لێ دەهات.

**سـیـمـۆن:** ڤـیـرجـیـنـیـویـسی[١٦] پـیـر، سـەری ڕووتت داپۆشـە. ئەگـینا قـەلەڕەشی شـەرمـەزاری لەسـەر دەنیـشـێـتـەوە و دەنووک لە چاوەکانت دەدا. ڕۆمەکان، چەقۆیەکم بدەنێ! (دەکەوێ).

**ژنەکە:** ئاخ، ئەگەر وا نەبێ پیاوێکی سەلارە، تەنیا ئەوەیە بەرگەی زۆر ناگرێ، شەراب پێ دەداتە بەرپێی.

**هاووڵاتیی دووەم:** ئەمجا بە سێ پێ دەڕوا.

**ژنەکە:** نەخێر دەکەوێ.

**دووەم هاووڵاتی:** ڕاسـتـە، یەکـەم جـار بە سێ پێ دەڕوا و ئەمـجـا دەکەوێتە سەر سێیەم، هەتا دیسان سێیەم خۆیشی دەکەوێ.

**سیمۆن:** تۆ ئەو زمانی ڤامپیرەی، کە گەرمترین خوێنی دڵم دەخواتەوە.

**ژنەکە:** وازی لێ بهێنن، ئەمە ئەو کاتەیە کە هەمیشە هەستی دەهەژێ، چاک دەبێتەوە.

**هاووڵاتیی یەکەم:** چی بووە؟

**ژنەکە:** دەبینن، لەبەر هەتاوەکە لەسەر بەردەکە دانیشتبووم و خۆم گەرم دەکردەوە دەبینن، چونکە دارمان نییە، دەبینن–

**هاووڵاتیی دووەم:** دە لووتی مێردەکەت بگرە.

**ژنەکە:** ... و کچەکەم چووە خوارەوە و لە سـووچەکە پێـچی کردەوە، کچێکی چاپووکە و دایک و باوکی دەژێنێ.

**سیمۆن:** ئەوەتا ددانی پێدا دەنێ!

**ژنەکە:** هەی دووڕوو، تۆ تەنیا پانتۆڵێکت دەبوو لەبەری کەی، ئەگەر کوڕە گەنجەکان لە لای ئەو پانتۆڵەکانیان دانەکەندایە؟ هەی بۆشکەی برەندی، دەتەوێ لە تینووان بخنکێی، ئەگەر کانییەکە ئیتر هەڵنەقووڵێ، ها؟

ئێمە بەهەموو کۆئەندامەکانمان کار دەکەین ئەی بۆچی بەو کۆئەندامەش کار نەکەین؛ دایکی بەو کۆئەندامەوە کاری دەکرد و ئازاری هەبوو کاتێ ئەو لەدایک بوو، ئەویش ناتوانێ بەو کۆئەندامەوە کار بکا، ها؟ ئەویش ئازاری هەیە، ها؟ هەی گەمژە!

**سیمۆن:** هۆ لۆکریتسیا[17]! چەقۆیەک، ڕۆمەکان، چەقۆیەکم بدەنێ! هۆ ئەپیوس کلاودیوس[18]!

**هاوولاتیی یەکەم:** بەڵێ چەقۆیەک، بەڵام نەک بۆ ئەو قەحبە داماوە، چی کرد؟ هیچ! برسێتییەکەی قەحبەیی و سواڵ دەکا. چەقۆیەک بۆ ئەو خەڵکانەی گۆشتی ژن و کچەکانمان دەکڕن! قوڕ بەسەر ئەوانەی وا قەحبەیی بەکچانی گەلەوە دەکەن! ئێوە قوڕەی سکتان دێت و ئەوان گەدەیان لە پڕیدا دەیەشێ ئێوە قەمسەڵەکانتان دڕاوە و ئەوان چاکەتی درێژی گەرمیان لەبەردایە، ئێوە دەستتان قڵیشی تێدایە و ئەوان دەستیان وەکو مەخمەڵ نەرمە. واتە ئێوە کار دەکەن و ئەوان هیچ ناکەن، واتە ئێوە پەیداتان کرد و ئەوان دزییان؛ واتە ئەگەر ئێوە بتانەوێ فلسێکتان لە سامانە دزراوەکەتان دەست بکەوێتەوە، دەبێ قەحبەیی و سواڵ بکەن؛ واتە ئەوان بەدکارن و دەبێ سەریان پان بکرێتەوە.

**هاوولاتیی سێیەم:** جگە لەو خوێنەی ئێمە کە مژیویانە، خوێنی تر لە دەمارەکانیاندا نییە. پێیان وتین: سەری ئەریستۆکراتەکان پان بکەنەوە، ئەوانە گورگن! ئێمە ئەریستۆکراتەکانمان بە عەمودەکانەوە هەڵواسی. پێیان وتین ڤێتۆ[19] نانەکانتان دەخوا، سەری ڤێتۆمان پان کردەوە. وتیان گیرۆندیستەکان لە برساندا دەتانکوژن، سەری گیرۆندیستەکانمان پەڕاند. بەڵام مردووەکانیان ڕووت کردەوە و ئێمە وەکو پێشوو بە لاقی ڕووت ڕێ دەکەین و لەسەرمادا هەڵدەلەرزین. دەمانەوێ پێست لە شلکەی ڕانیان بگورین و بۆ خۆمان پانتۆڵی لێ دروست بکەین، ئێمە دەمانەوێ چەوری لە لەشیان بگوشین و شلەکانمانی پێ چەور بکەین. دەی! ئەوەی چاکەتەکەی نەدڕاوە سەری پان بکەنەوە!

**هاوولاتیی یەکەم:** هەر کەسێ بتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە سەری پان بکەنەوە!

**هاوولاتیی دووەم:** هەر کەسێ پێی بۆ دەرەوە دانا[20]، سەری پان بکەنەوە!

**هەموو:** (هاوار دەکەن): سەریان پان بکەنەوە، سەریان پان بکەنەوە!

(چەند کەسێک کوڕێکی گەنج پەلکێش دەکەن).

**چەند دەنگێک:** دەستەسڕی پێیە! ئەریستۆکراتە! بە عەمودەوە هەڵی واسن! بە عەمودەوە!

**هاوولاتیی دووەم:** چی؟ بە دەست لووتی ناسڕێ؟ بۆ عەمودەکە!

(عەمودێک نزم دەکرێتەوە).

**کوڕە گەنجەکە:** ئاخ گەورەکانم!

**هاوولاتیی دووەم:** لێرەدا گەورە نییە! بۆ عەمودەکە!

**چەند کەسێک:** (گۆرانی دەڵێن): ئەمانە لێرە لەژێر خاکدان

کرمەکان دەیانخۆن.

باشترە لە هەوادا هەڵواسرێی،

وەکو لەناو گۆڕدا بگەنێی!

**کوڕە گەنجەکە:** بەزەیی!

**هاوولاتیی سێیەم:** تەنیا گەمەکردنێکە بە قوڵفی قەنارە بەدەوری ملدا! تەنیا یەک چاوتروکانە، ئێمە لە ئێوە بەزەییترین. ژیانی ئێمە مردنە لە ڕێی ئێشەوە، ئێمە ٦٠ ساڵە بە گوریسەوە هەڵواسراوین و لنگەفرتێمانە، بەلام ئێمە گوریسەکە دەبڕین.

بە عەمودەکەوە هەڵی واسن!

**کوڕە گەنجەکە:** با وا بێ، لەبەر هەڵواسینی من ئێوە بەرچاوتان ڕوونتر نابێ!

خەڵکەکەی دەوروبەر: ئافەرین، ئافەرین!

**چەند دەنگێک:** بیەڵن بڕوا!

(قورتاری دەبێ).

(ڕۆپسپیێر دەردەکەوێ، چەند ژن و سانکولۆیەکی[٢١] لەگەڵدایە).

**ڕۆبسپیێر:** هاوولاتی چی ڕووی داوە؟

**هاوولاتیی سێیەم:** چی ڕووی دابێ؟ ئەو چەند دڵۆپە خوێنەی ئاب و ئەیلوول ڕوومەتی گەلیان سوور نەکرد. سەرپڕینگەکە زۆر لەسەرخۆیە. ئێمە پێویستمان بە لێزمەبارانێکە.

**هاووڵاتیی یەکەم:** ژن و منداڵەکانمان هاواری نان دەکەن، ئێمە دەمانەوێ گۆشتی ئەریستۆکراتەکانیان بدەینێ، ها! هەر کەسێک چاکەتەکەی نەدڕابێ سەری پان بکەنەوە!

**هەمووان:** سەری پان بکەنەوە! سەری پان بکەنەوە!

**ڕۆبسپییێر:** بەناوی یاساوە!

**هاووڵاتیی یەکەم:** یاسا چییە؟

**ڕۆبسپییێر:** ویستی گەلە.

**هاووڵاتیی یەکەم:** ئێمە گەلین و دەمانەوێ، کە یاسا نەبێ، واتە ئەم ویستە یاسایە، واتە بەناوی یاساوە یاسا نەماوە، واتە سەریان پان بکەنەوە!

**چەند دەنگێک:** گوێ لە ئەرەستیدەس[٢٢]بگرن! گوێ لەو مرۆڤە سەرڕاستە بگرن!

**ژنێک:** گوێ لە مەسیح بگرن، کە نێردراوە بۆ ئەوەی هەڵبژێرێ و دادپەروەری بکات؛ بە تیژیی شمشێر مرۆڤە خراپەکان دەبڕێ. چاوەکانی چاوی هەڵبژاردنن و دەستەکانی دەستی دادگەن!

**ڕۆبسپییێر:** گەلی داماو و بەفەزیلەت! تۆ ئەرکی سەرشانت بەجێ دەهێنی، تۆ دوژمنەکانت دەکەیتە قوربانی! گەل تۆ مەزنی. تۆ لەژێر برووسکەی هەور و گرمەی هەوردا خۆت بەیان دەکەی. بەڵام ئەی گەل، نابێ گەمەکانت جەستەی خۆت بریندار بکەن. تۆ لە خەفەتدا خۆت دەکوژی. تۆ تەنیا دەتوانی لە ڕێی هێزی خۆتەوە نسکۆ بهێنی. دوژمنەکانت ئەمە دەزانن. یاسادانەرەکانت چاودێریت دەکەن، دەستەکانت دەگرن، چاوەکانیان هەڵناخەڵەتێن، کەس لە دەستت دەرناچێ. لەگەڵم

وەرن بۆ لای ژاکۆبینییەکان. براکانتان باوەشتان بۆ دەکەنەوە، دادگەی خوێن بۆ دوژمنەکانمان ساز دەکەین.

**دەنگێکی زۆر:** بۆ لای ژاکۆبینییەکان! بژی ڕۆپسپییێر!

(هەموو دەڕۆن).

**سیمۆن:** قوڕ بەسەرم، بەجێیان هێشتم!

(هەوڵ دەدا هەڵسێتەوە).

**ژنەکە:** دەی!

(یارمەتیی دەدا).

**سیمۆن:** ئای باوسیوسەکەم[23]، تۆ شەرمەزارم دەکەی، بەوەی بە خۆشەویستی وەڵامی لێدان و جنێوەکانم دەدەیتەوە.

**ژنەکە:** دە هەستە!

**سیمۆن:** ڕووم لێ وەردەگێڕێ؟ ها، پۆرسیا[24] دەتوانی لێم ببووری؟ لێم دای؟ ئەوە دەستی من نەبوو، باڵی من نەبوو، شێتییەکەم لێی دای.

شێتییەکەی دوژمنی هاملێتی داماوە

هەملێت نەیکرد، هەملێت نکووڵیی لێ دەکا.

کچەکەمان لە کوێیە، سوزانەکەم لە کوێیە؟

**ژنەکە:** لەودیوی سووچی کۆڵانەکەوەیە.

**سیمۆن:** با بڕۆین بۆ لای، وەرە ژنە بەحەیاکەم.

(هەردووکیان دەڕۆن).

## دیمەنی سێیەم

یانەی ژاکۆبییەکان

**لیۆنییەک:** برایانی لیۆن ئێمەیان ناردووە بۆ ئەوەی تووڕەییی دڵیان بەسەر ئێوەدا هەڵڕێژین. ئێمە نازانین، ئاخۆ ئەو گالیسکەیەی ڕۆنسینی[٢٥] برد بۆ سەرپەڕینگە گالیسکەی مەرگی ئازادی بوو، بەڵام دەزانین، لەو ڕۆژەوە بکوژانی شالیەر[٢٦] دیسان پێیان وا بەتوندی بە زەویدا دەکوتن، وەکو گۆڕ بۆ ئەوان لە ئارادا نەبێ، لە بیرتان چوو، کە لیۆن پەڵەیەکە بەسەر خاکی فرەنساوە، کە دەبێ بە ئێسک و پرووسکی ناپاکان داپۆشرێ؟ لە بیرتان چوو، کە ئەم قەحبەیەی پاشاکان تەنیا دەتوانێ گولییەکەی لە ئاوی ڕووندا بشواتەوە؟ لە بیرتان چوو، کە ئەم تەوژمە شۆڕشگێڕانەیە دەبێ کەشتییەکانی پیتس[٢٧] لە دەریای ناوەڕاست لەسەر لاشەی ئەریستۆکراتەکان لەنگەر پێ بگرێ؟ بەزەییتان شۆڕش دەکوژێ. هەناسەی ئەریستۆکراتێک لرخەی ئازادییە. تەنیا ترسنۆک بۆ کۆمار دەمرێ، ژاکۆبینییەک بۆ کۆمار خەڵک دەکوژێ. دەزانن، لە ئێوەدا ئیتر وزەی مکۆمی پیاوانی دەی ئاب و ئەیلوول و ٣١ی مایس[٢٨] نادۆزینەوە، واتە وەکو گایلاری[٢٩] نیشتمانپەروەر تەنیا خەنجەرەکەی کاتۆمان[٣٠] بۆ دەمێنێتەوە.

(چەپڵە و هاتوهاواری شپرزە و بەیەکداچوو).

**ژاکۆبییەک:** ئێمە یادەکەی سوکراتتان[٣١] لەگەڵدا دەخوێنەوە!

**لێژاند:** (بە لارەلار دەچێتە سەر سەکۆکە): ئێمە پێویستمان بەوە نییە نیگا بگرینە لیۆن. ئەو خەڵکەی پۆشاکی ئاوریشم لەبەر دەکەن، ئەوانەی بە گالیسکە هاتوچۆ دەکەن، ئەوانەی لە هۆڵی شانۆ لە لۆجدا دادەنیشن و بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەکادیمیا قسە دەکەن، چەند ڕۆژێکە بەتوندی سەریان بە قیتی بەسەر شانیانەوە ڕادەگرن. قسە خۆشن و دەڵێن دەبێ مارات و شالیەر بکرێنە دوو شەهید و بە ڕەمز سەریان بپەرێنرێ.

(هاتوچۆیەکی شڵەژاوی توند لەناو ئاپۆرەکەدا).

**چەند دەنگێک:** ئەوانە مردوون. زمانیان سەریان دەپەرێنێ.

**لێژاند:** خوێنی پیاوچاکانیان بەسەردا دەڕژێ. من لە ئەندامانی ئامادەی لێژنەی فەرمانڕەوایی دەپرسم لە کەیەوە گوێیان کەڕ بووە–

**کۆلۆ:** (قسەکەی پێ دەبڕێ): لێژاند، منیش لە تۆ دەپرسم، دەنگی کێ هەناسە بەو بیرۆکانە دەدا، کە گیانیان بە بەردا بکرێ و پرکێشی بکەن بێنە قسە. کاتی ئەوە هاتووە دەمامکەکان دابماڵرێن. گوێ بگرن! هۆکار شکات لە کاریگەرییەکەی دەکا، بانگ شکات لە زایەڵەکەی دەکا، هۆکار شکات لە ئەنجامەکەی دەکا. لێژاند، ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی زیاتر لە لۆجیک تێ دەگا! بێدەنگ بە. پەیکەری پیاوچاکان دەستیان لێ نادرێ، وەکو سەرەکانی مێدوسا[٣٢] ناپاکەکان دەکا بە بەرد.

**ڕۆبسپییر:** من دەمەوێ قسە بکەم.

**ژاکۆبییەکان:** گوێ بۆ مرۆڤە سەرڕاستەکە بگرن، گوێی لێ بگرن!

**ڕۆبسپییر:** ئێمە تەنیا چاوەڕوانی قیژەی نارەزایی بووین، کە لە هەموو

لایەکــەوە دەنگ دەداتەوە بۆ ئەوەی قــســە بکات. چاوەکــانمان کرابوونەوە، ئێمە دوژمنمان بینی خۆی ئامادە دەکا و ڕادەبێ، بەڵام ئێمە ئاماژەی ژاوەژاومان نەداوە، ئێمە وامان کرد گەل خۆی چاودێریی خۆی بکا، گەل نەخەوتبوو، گەل بە بەڵگەی خۆی بەرپەرچی خۆی دایەوە. ئێمە ڕێمان بە دوژمن دا لە حەشارگەی خۆی دەرچێ، ڕێمان دا بێتە پێشەوە، ئێستا بە ئازادی و نەشاردراوە لە ڕووناکاییی ڕۆژدا وەستاوە، هەموو گورزێکی بەردەکەوێ و هەرکە تەماشای بکەن دەمرێ.

من جارێکیان پێم وتن: دوژمنەکانی ناوەوەی کۆمار وەکو دوو لەشکر بوونەتە دوو بەشەوە. لەژێر دروشمی ڕەنگ جیاوازدا بە ڕێگەی جیاواز هەموو بەرەو هەمان ئامانج بەپەلە دەڕۆن. یەکێک لەو گرووپانە نەماوە. لە شێتیی درۆینەیدا هەوڵی دا بە ئەزموونترین نیشتمانپەروەر وەکو ترسنۆکی سواو فڕێ بدا و بە بەهێزترین سوپا لە کۆمار بدزێ. جەنگی دژی خواوەند و موڵکداری بەیان کرد بۆ ئەوەی سەرنج بۆ قازانجی پادشاکان ڕابکێشێ. نمایشی درامای بەرزی شۆڕشی کرد بۆ ئەوەی شۆڕش بە زیادەڕەویی دەستەنقەست سووک بکا. دڵخۆشیی ئێبێرت کۆماری تووشی پاشاگەردانی دەکرد و حوکمی ستەمکاری دڵی پێی خۆش بوو. شمشێری یاسا بەر ناپاکەکە کەوت. بەڵام نامۆکان چی قازانج دەکەن، ئەگەر تاوانکاری ڕەگەزێکی تریان بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج بۆ بمێنێتەوە؟ ئێمە هیچمان نەکردووە، ئەگەر گرووپێکی تر مابێ و لەناومان نەبردبێت.

ئەمە پێچەوانەی ئەوی پێشووە. بەرەو لاوازیمان دەبا، هاواری

بوارەکــەیان ئـەمــەیە: بـەزەیی! دەیەوێ چـەک و ئەو وزەیەی کــە چەکەکان هەڵدەگرن لەگەڵ بسـەنێتـەوە و بە ڕووتی و شـپـرزەیی بیانداتە دەستی پاشاکانەوە.

چەکی کـۆمـار تۆقـاندنە، وزەی کـۆمـار فـەزیلـەتە. فـەزیلـەت، لەبەرئـەوەی بەبێ ئەو تـۆقـاندن دەفـەوتـێ، تۆقـاندن، لـەبەرئەوەی بەبێ ئەو فـەزیلەت بێدەسـتـەلاتە. تۆقانـدن ئەنجامی فەزیلـەتە، کە جگە لـە دادپەروەری خـێـرا، توند و ڕژد هیـچی تـر نیـیـە. دەڵێن تۆقاندن چـەکی حکوومەتێکی سـەرکوتکەرە، واتە حکوومـەتەکەی ئێـمـە بەحـکوومـەتـی سـەرکـوتکەر دەچێ. بێگومـان، بەلام وەکـو چۆن شـمـشـێـر لە دەسـتـی پاڵەوانێکی ڕێگەی ئازادییـەوە بەو شـیـرە دەچێ، کـە پاسـەوانی سـەرکوتکاری پێ چەکدار کـراوە. ئەگەر سـەرکوتکەر دەست و پێوەنده حـەیوانئاسـاکانی لە ڕێی تۆقاندنەوە حـوکم بکات، وەکو سـەرکوتکەر مافی ئەوەی هـەیە، لە ڕێی تۆقاندنەوە دوژمنـەکانی ئازادی بپلیشـێنیتەوە ئێوەش وەکو پشتگیریی کۆمـار لەوە کەمـتر مافـتان نییە. حکوومـەتی شۆڕش سـەرکوتکەری ئازادییە دژی زوڵم و زۆر.

بەزەیی لـەگـەڵ شـاپـەرسـتـەکـاندا! هـەندێ کـەس هـاوار دەکـەن. بەزەیـی لەگـەڵ بـەدکـارەکـاندا؟ نـەخـێـر! بەزەیی بـۆ بێگونـاهـی، بـەزەیی بـۆ لاوازی، بـەزەیی بـۆ بـەدبەخـــتـــەکــان، بـەزەیی بـۆ مرۆڤـایەتی. تـەنیا هـاوولاتیی ئاشـتیخواز شـایانی ئەوەیە لەلایەن کـۆمـەڵگەوە بپـارێـزرێ. لە کـۆمـاردا تـەنیـا کـۆمـارخـوازەکـان هـاوولاتـین، شــاپـەرست و نـامــۆکــان دوژمـنن. چەوســێنـەرانی مـرۆڤایەتـی سزا بدرێن لێبووردەیییە، بیـانبـەخـشـی بەربەریەتە. هەمـوو ئامـاژەکـانی سـۆزگـەراییی هەڵەم وەکـو هەناسـەیەک بۆ

دەردەکەوێ کە بۆ ئینگلتەرا یان نەمسا دەفڕێ.

بەڵام نارازی بەوەی چەک لە دەستی گەل بسەنرێتەوە، مرۆڤ هەوڵ دەدا پیرۆزترین سەرچاوەکانی وزەی بە نەنگی ژاراوی بکا. ئەمە وردترین، مەترسیدارترین و قێزەونترین هێرشە بۆ سەر ئازادی. نەنگی مۆرکی براکوژی و بەدیی ئەریستۆکراتیەتە. لە کۆماردا ئەمە نەک تەنیا تاوانێکی ئاکاری بگرە تاوانێکی سیاسیشە؛ بەدرەفتار دوژمنی سیاسیی ئازادییە، نەنگی دوژمنی سیاسیی ئازادییە هەتا ئەو خزمەتانەی بە ڕووکەش پێشکێشی ئازادیی کردوون گەورەتر بن، ئەوەندە بۆ ئازادی مەترسیدارترە. مەترسیدارترین هاووڵاتی ئەوەیە کە ئاسانتر چەند تەپلەیەکی سوور کۆن دەکا وەکو لەوەی کارێکی باش بکات.

ئێوە بەئاسانی لێم تێ دەگەن، ئەگەر ئێوە بیر لە خەڵکێک بکەنەوە، لە هەورەبانەکاندا دەژیان و ئێستا سواری گالیسکەی ڕازاوە دەبن و لەگەڵ ژنە مارکیز و بارۆنەکانی پێشوودا داوێنپیسی دەکەن. خۆ ئێمە بۆمان هەیە پرسیار بکەین، ئاخۆ گەل تالان کراوە یان دەستی زێڕینی پاشاکان گوشراوە، ئەگەر ئێمەی یاسادانەری گەل بە هەموو نەنگی و بە هەموو خۆشگوزەرانییەکەوە سەر بۆ دەربارەکانی پێشوو دادەنەوێنین، ئەگەر ئێمە ژنی دەوڵەمەند بۆ ئەم مارکیز و گرافانەی شۆڕش بەشوو دەهێنین، خواردنی تەڕوبڕیان دەدەینێ، نمایشیان بۆ دەکەین، دەبینە خزمەتکاریان و دەبینین جلی گران لەبەر دەکەن. ئێمە بۆمان هەیە سەرمان سوور بمێنێ، کاتێ شتمان

بەبیردا دێت وەکو خاوەن بڕوانامە قسە دەکەن و گوێمان لێ دەبێ ناوبانگی باشیان هەیە. پێش ماوەیەکی کورت بەشێوەیەکی بێشەرمانە لاساییی تاسیتوسیان[٣٣] کردووەتەوە، من دەتوانم بە سالوست[٣٤] وەڵام بدەمەوە و کاتیلینا داشۆرم؛ بەڵام من بیر دەکەمەوە، ئیتر پێویستم بە فلچەلێدان نەماوە، پۆرترێتەکان تەواو بوون.

نابێ هیچ پەیمانێک، هیچ چەکدانانێک لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا بکرێ کە تەنیا ئەوەیان لە زەیندا بوو گەل تالان بکەن، کە ئومێدیان ئەوە بوو بەبێ سزا ئەم تالانە بکەن، بۆ ئەوانەی کە کۆمار جامبازی و شۆڕش ئامراز بوو. بەهۆی ڕووباری بەتەوژمی نموونەکانەوە زارەترەک بوونە و زۆر بەبێدەنگی هەوڵ دەدەن دادپەروەری سارد بکەنەوە. مرۆڤ دەبێ لەو بڕوایەدا بێت، هەموو کەسێک بەخۆی دەڵێ: ئێمە ئەوەندە بە فەزیلەت نین بۆ ئەوەی سامناک بین. یاسادانەری فەلسەفی بەزەییتان بە لاوازیماندا بێتەوە، من پرکێشی ئەوە ناکەم پێتان بڵێم، کە من نەنگیم هەیە، کەواتە باشترە پێتان بڵێم، دڵڕەق مەبن!

ئەی گەلی بەفەزیلەت ئارام ببەرەوە، نیشتمانپەروەران ئارام ببنەوە، بە برا لیۆنییەکانتان بڵێن، شمشێری یاسا بەو دەستانەوە ژەنگ هەڵناهێنێ، کە ئێوە متمانەتان پێیان هەبوو. ئێمە دەبینە نموونەیەکی باش بۆ کۆمار...

(هەمووان چەپڵەی بۆ لێ دەدەن).

**دەنگێکی زۆر:** بژی کۆمار، بژی ڕۆبسپییێر!

**سەرۆک:** دانیشتنەکە بەکۆتا هات.

## دیمەنی چوارەم

کۆڵانێک

لاکروا، لێژاند

**لاکروا:** لێژاند، چیت کرد، ئەوەش دەزانی تۆ بە سەرە پەیکەرەکانتەوە سەری کێ فڕێ دەدەیتە خوارەوە؟

**لێژاند:** چەند خانەدانێک و چەند ژنێکی تەڕپۆش، ئەمە هەموویەتی.

**لاکروا:** تۆ خۆکوژی، سێبەرێکی کە سێبەردارەکە دەکوژێ و ئەمەش واتە خۆی دەکوژێ.

**لێژاند:** تێ ناگەم.

**لاکروا:** وام زانی کۆلۆ بە ڕوونی قسەی کرد.

**لێژاند:** ئەمە چی دەگەیەنێ؟ دیسان سەرخۆش بوو.

**لاکروا:** شێت، منداڵ و ئێستاش؟ – سەرخۆشان ڕاستی دەڵێن. لەو بڕوایەدای مەبەستی ڕۆپسپییێر لە کاتیلینا کێ بوو؟

**لێژاند:** دە بیڵێ؟

**لاکروا:** شتەکە ئاسانە، کافر و شۆڕشگێڕە توندڕۆکان هەواڵەی سەربڕینگە کران؛ بەڵام کۆمەکی گەل نەکراوە بە پێخاوسی بە کۆڵانەکاندا دەسووڕێتەوە و دەیەوێ بە پێستی ئەریستۆکراتەکان پێڵاو بۆ خۆی دروست بکا. تەرمۆمەتری سەربڕینگە نابێ نزم ببێتەوە، چەند پلەیەکی تر و ئەنجوومەنی

فـەرمـانـڕەوایی دەتوانێ لە گـۆڕەپانی شـۆڕشـدا بەدوای جێخەوەکەی خۆیدا بگەڕێ.

**لێژاند:** سەرە پەیکەرەکانی من پێوەندییان بەمەوە چییە؟

**لاکروا:** هێشتا نایبینی؟ تۆ دژە شۆڕشت بە فەرمی ناساند، تۆ دێسەمبەرڤیرنت ناچار کرد وزەی هەبێ، تۆ دەستیانت گرت. گەل مینۆتاوروسە[٣٥]، کە دەبێت هەفتانە لاشەکانی بخرێنە بەردەم، ئەگەر نەیانخوا.

**لێژاند:** دانتۆن لە کوێیە؟

**لاکروا:** چووزانم؟ ئەو پارچە پارچە ڤێنووسی مێدیچی[٣٦] لەلای هەموو سۆزانییە بەشکۆکانی کۆشکی پاشایانە کۆ دەکاتەوە، وەکو خۆی دەڵێ، مۆزایک دروست دەکا؛ خوا دەزانێ ئێستا گەیشتووەتە چ کۆئەندامێک. جێگەی داخە، کە سروشت جوانی پارچە پارچە دەکا، وەکو چۆن مێدیا[٣٧] براکەی خۆی پارچە پارچە کرد و پارچە پارچە لە جەستەکاندا ونی کردن.

با بچین بۆ کۆشکی پاشایانە.

(هەردووکیان دەڕۆن).

## دیمەنی پێنجەم

ژوورێک

دانتۆن، ماریۆن

**ماریۆن:** نەخێر لێم گەڕێ! با خۆم بخەمە بەردەم پێیەکانت. دەمەوێ بۆت بگێڕمەوە.

**دانتۆن:** تۆ دەتوانی لێوەکانت باشتر بەکار بهێنی.

**ماریۆن:** نەخێر ئێستا بەدەردی خۆمەوە بمهێڵە. دایکم ژنێکی عاقڵ بوو، هەمیشە پێی دەوتم داوێنپاکی فەزیلەتێکی جوانە، کاتێ خەڵکی دەهاتنە ماڵەوە و باسی هەندێ شتیان دەکرد، پێی دەوتم لە ژوورەکە بچمە دەرەوە؛ ئەگەر لێم بپرسیایە خەڵکەکە چییان دەویست پێی دەوتم دەبێ شەرم لە خۆم بکەم. کتێبێکی دەدامێ بیخوێنمەوە و هەمیشە دەبوو چەند لاپەڕەیەک بپەڕێنم. بەڵام ئینجیلم بە ئارەزووی خۆم خوێندەوە، هەموو شتێکی تێدا پیرۆز بوو، بەڵام شتێکی تێدا بوو لێی تێ نەگەیشتم، نەیشمویست لە کەس بپرسم؛ بیرم کردەوە. ئەمجا بەهار هات، زۆر شت لە دەوروبەرم ڕوویان دەدا کە من هیچ دەورم تێدا نەبوو. کەوتمە حاڵەتێکی تایبەتەوە، خەریک بوو بمخنکێنێ، سەیری کۆئەندامەکانی خۆم کرد، هەندێ جار وا دەردەکەوت دوو کەس بم و ئەمجا لە یەک کەسدا بتوێمەوە. لەو کاتەدا کوڕێکی گەنج هاتە ماڵەوە، قۆز بوو و زۆرجار قسەی خۆشی

دەکرد، نەمدەزانی بەڕاستی چی دەوێ، بەڵام دەبوو پێ بکەنم. دایکم پێی وت زۆر بێت و هەردووکیان پێیان خۆش بوو. لە ئەنجامدا لەوە تێ نەگەیشتین، بۆچی نابێ لە نێوان دوو چەرچەفدا لە پاڵ یەکەوە پاڵ بکەوین، وەکو چۆن دەمانتوانی لەسەر دوو کورسی بە تەنیشت یەکەوە دابنیشین. من لەزەتم زیاتر لەوە بینی وەکو لە قسەکردن و لەوە تێ نەگەیشتم بۆچی کەمیان پێ ڕەوا بینم و لە زۆریان دەکردم. بە دزییەوە کردمان. ئەمە بەردەوام بوو. بەڵام وەکو دەریام لێ هات، کە هەموو شتێکی هەڵدەلووشی و قووڵ قووڵ پیچی دەخوارد. بۆ من تەنیا دژوازییەک لە ئارادا بوو، هەموو پیاوەکان لە جەستەیەکدا ئاوێتە دەبوون. سروشتی من وا بوو، کێ دەتوانێ لەوە زیاتر بڕوا؟ لە دواییدا هەستی بەوە کرد. بەیانییەک هات و ماچی کردم، وەکو بیەوێ بمخنکێنێ، قۆڵەکانی لە ملم ئالان، ترسێک دای گرتبووم وەسف نەدەکرا. بەرەڵای کردم و پێ کەنی و وتی: ئەو خەریک بوو گەمەیەکی گەمژانە بکا، دەبێ جلەکانم لە بەردا بن و بەکاریان بهێنم، جلەکان خۆیان کۆن دەبن و دەدڕێن، ئەو نایەوێ پێشوەخت خۆشییەکەم لێ تێک بدا و ئەوە تاقە شتێکە کە من هەمە. ئەمجا ڕۆیشت، دیسان نەمزانی چی دەوێ. ئێوارە لە بەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتم، من زوو دەهەژێم و تەنیا بەهەست بەشتەکانی دەوروبەرمەوە بەستراوم، لەنێو شەپۆلەکانی زەردەپەڕی ئێوارەدا نغرۆ بووم. ئاپۆڕەیەک خەڵک بە جادەکەدا بەرەو خوار دەبوونەوە، منداڵەکان لە پێشەوە دەڕۆیشتن، ژنەکان لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد.

سەیری خوارەوەم کرد بینیم لە سەبەتەیەکدا هەڵیان گرتبوو، تیشکی مانگ لە تەوێڵە زەردهەڵگەڕاوەکەی دەدا، کاکۆڵەکانی تەڕ بوون، خـۆی لە ئاودا خنکاندبوو. دەبوو بگریم، ئەمە تاقە دابڕان بوو لەگەڵ جەوهەری خۆمدا. خەڵکی تر یەکشەمان و ڕۆژانی کاریان هەیە، شەش ڕۆژ کار دەکەن و لە حەوتەمدا نزا دەکەن، هەموو ساڵێک جارێک لە ڕۆژی لەدایکبوونیاندا هەستیان دەجووڵێ و هەموو ساڵێک جارێک بیر لە ساڵی نوێ دەکەنەوە. من هیچ لەو شتانە تێ ناگەم. پشوو ناناسم، گۆڕانکاری نییە. من تەنیا هەر یەکێکم. تاسە و خۆگرتنی بێناوبرم، پشکۆیەکم، ڕووبارێکم. دایکم لە خەفەتدا مرد، خەڵکی بە پەنجە ئاماژەم بۆ دەکەن. ئەمە گەمژانەیە. هەمان شتە، مرۆڤ خۆشی لە چی دەبینێ، لە جەستە، لە وێنەی مەسیح، لە گوڵ یان لە یاریی منداڵان، هەمان هەستە، ئەوەی زۆرترین لەزەت دەبینێ، لە هەموو کەسێک زیاتر نزا دەکا.

**دانتۆن:** بۆچی ناتوانم جوانیت بەتەواوی بگرمە خۆم، بەتەواوی ئابڵووقەی بدەم؟

**ماریۆن:** دانتۆن، لێوەکانت چاویان هەیە.

**دانتۆن:** من دەمەوێ بەشێکی گەردوون بم، بۆ ئەوەی لە لافاوەکەمدا مەلەت پێ بکەم، بۆ ئەوەی لەسەر هەموو شەپۆلێکی جەستەت بشکێم.

(لاکروا، ئەدێلاید، ڕۆزالی دێنە ژوورەوە).

**لاکروا:** (لەناو دەرگەکەدا ڕادەوەستێ): دەبێ پێ بکەنم، دەبێ پێ بکەنم.

**دانتۆن:** (بەنابەدڵی): فەرمووو؟

**لاکروا:** کۆڵانەکەم بیر دەکەوێتەوە.

**دانتۆن:** ئێ؟

**لاکروا:** کۆڵانەکە سەگی لێ بوو، دۆگەیەک[٣٨] و سەگێکی بۆلۆنێزی[٣٩]، ئازار دەکێشن.

**دانتۆن:** ئەمە یانی چی؟

**لاکروا:** ئێستا ئەوەم بیر کەوتەوە و دەبوو پێ بکەنم. دڵخۆشکەر دیار بوو! کچەکان لە پەنجەرەکانەوە سەیریان دەکرد، مرۆڤ دەبێ ئاگەدار بێ و نەیەڵێ بچنە بەر خۆر، ئەگینا مێشوولەکان لەسەر دەستیان کاری خۆیان دەکەن و ئەمە دەبێتە هۆی بیرکردنەوە.

من و لێژاند بەناو نزیکەی هەموو ژوورەکاندا ڕۆیشتین، ئەو ڕاهیبانەی لە ڕێی قەحبەکانەوە وەحییان بۆ هاتووە خۆیان بە پالێمی چاکەتەکانمانەوە هەڵواسیبوو و داوای بەرەکەتیان دەکرد. لێژاند لەگەڵ سۆزانییەکدا جووت بوو، بەڵام دەبێ بۆ ئەمە مانگێک خۆی لە جووتبوون بە دوور بگرێ. من بەجەستە دوو لەو ڕاهیبانە دەهێنم.

**ماریۆن:** ڕۆژباش خاتوو ئەدێلاید، ڕۆژباش خاتوو رۆزالی.

**رۆزالی:** لەمێژەوە بە دیدارتان شاد نەبووین.

**ماریۆن:** زۆر بەداخەوە بووم.

**ئەدێلاید:** خوای گەورە، ئێمە شەو و ڕۆژ سەرقاڵین.

**دانتۆن:** (بە رۆزالی): ئای بچکۆلە، تۆ کەفەڵت زۆر ساف و لووس بووە.

**رۆزالی:** بە ڕاست، مرۆڤ ڕۆژانە خۆی تەواوتر دەکا.

**لاکروا:** جیاوازی لە نێوان ئەدۆنیسی[40] کۆن و نوێدا چییە؟

**دانتۆن:** ئەدێلاییدیش سەلار و سەنگین و گرینگ بووە! گۆڕانکارییەکی خۆش. ڕووخساری وەکو گەڵای دارهەنجیر دەردەکەوێ، کە لە بەردەم هەموو جەستەیدا ڕای دەگرێ. دارهەنجیرێکی ئاوا لە جادەیەکی قەڵەباڵغدا سێبەرێکی بەهێز دروست دەکا.

**ئەدێلاید:** من ڕێگەی مێگەل دەبووم ئەگەر بەڕێزیان–

**دانتۆن:** تێ دەگەم، خاتوونەکەم تەنیا دڵگیر مەبن.

**لاکروا:** گوێ بگرە، مالۆسەکان ئەدۆنیسی مۆدێرنیان لەتوپەت کردووە، نەک یەکانەیەک، شلکەی ڕانی بریندار نەبووە، بگرە کەلەکەی و لە خوێنەکەیەوە گوڵاڵەسوورە چەکەرە ناکەن، بگرە چرۆی جیوە دەردەپەڕن.

**دانتۆن:** خاتوو رۆزالی پەیکەرێکی چاککراوە، کە تەنیا کەفەڵەکان و پێیەکانی کۆنن، دەرزییەکی موگناتیسییە، ئەوەی جەمسەری سەر پاڵی پێوە دەنێ، جەمسەری پێ ڕای دەکێشێ، ناوەڕاستی پشتێنەی زەوییە، هەموو کەسێک بۆ یەکەم جار خەت ببەزێنێ بۆ چارەسەری سوورزەنەک پێویستی بە جیوە هەیە.

**لاکروا:** دوو پەرستاری بە ڕەحم، هەر یەکێکیان لە نەخۆشخانەیەکدا خزمەت دەکا واتە لە جەستەی خۆیدا.

**رۆزالی:** شەرم بکەن، کە لە تەریقەیدا گوێمان سوور هەڵدەگەڕێنن!

**ئەدێلاید:** دەبێ بەئەدەبتر بن.

(ئەدێلاید و رۆزالی دەڕۆن).

**دانتۆن:** شەوباش، منداڵە نازدارەکان!

**لاکروا:** شەوباش، هەی کانەکانی جیوە!

**دانتۆن:** بەزەییم پێیاندا دێتەوە، خواردنی ئێوارەیان لە دەست دەچێ.

**لاکروا:** دانتۆن گوێ بگرە، من لەلای ژاکۆبییەکانەوە دێم.

**دانتۆن:** هیچی تر؟

**لاکروا:** لیۆنییەکان بەیاننامایەکیان خوێندەوە، وتیان هیچی تریان بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێ، سەری خۆیان بپێچنەوە. هەر کەسە و چارەی بە جۆرێک لێ دەکا وەکو بیەوێ بە دراوسێکەی بڵێت: پایتوس[٤١] ئازاری نییە! لێژاند هاواری کرد دەیانەوێ پەیکەری شالیە و مارات بشکێنن؛ من لەو بڕوایەدام دەیەوێ دیسان ڕووی خۆی سوور بکات، ئەو بەتەواوی لە تۆقاندن هاتووەتە دەرێ، لە کۆڵان منداڵان چاکەتەکەی ڕادەکێشن.

**دانتۆن:** ئەی ڕۆبسپیەر؟

**لاکروا:** لەسەر سەکۆکە پەنجەی لە کارەکە وەردا و وتی: فەزیلەت دەبێ لە ڕێی تۆقاندنەوە سەروەر بێ. ئەم دەستەواژەیە تووشی ئازاری ملی کردم.

**دانتۆن:** دار بۆ سەرپەڕینگە دەتاشێ.

**لاکروا:** کۆلۆش وەکو شەیتان چووبێتە کەوڵی هاواری دەکرد، دەبێ دەمامکەکان دابماڵرێن.

**دانتۆن:** ڕووخسارەکان لەگەڵیان دادەماڵێن.

(پاریس دێتە ژوورەوە).

**لاکروا:** فابریسیوس چی هەیە؟

**پاریس:** لەلای ژاکۆبینییەکانەوە چووم بۆ لای ڕۆپسپیێر. داوای

ڕوونکردنەوەم کرد. چارەی بەیەکدا دا، وەکو بروتوس[٤٢] کاتێ کوڕەکانی دەکاتە قوربانی، بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەرکی کرد، وتی لە هەمبەر ئازادیدا ڕەچاوی هیچ شتێک ناکا، هەموو شتێک دەکاتە قوربانی، براکەی، هاوڕێکانی.

**دانتۆن:** ئەمە ڕوون بوو، مرۆڤ دەبێ تەنیا پەیژەکە سەربەرەو خوار بکاتەوە، ئەوا ئەو لە خـــوارەوە وەســـتـــاوە و پەیژەکـــەی بۆ هاوڕێکانی ڕاگرتووە. ئێمە قەرزارباری لێژاندین، ئەو هێنانییە قسە.

**لاکروا:** ئێبەرییەکان هێشتا نەمردوون، گەل لە لایەنی مادییەوە کلۆڵە، ئەمە نوێڵێکی سامناکە. ئەگەر جامی خوێن بۆ ئەنجوومەنی فـەرمـانڕەوایی نەبێـتـە عـەمـود نابێ پڕ بێ، پێـویسـتی بەقورساییە، پێویستی بە سەرێکی قورسە.

**دانتۆن:** باش دەزانم، شۆڕش وەکو ساتورن[٤٣] وایە، منداڵەکانی خۆی دەخوا (پاش کەمێک بیرکردنەوە.) بەڵام ڕکێشی ئەوە ناکەن.

**لاکروا:** دانتۆن، تۆ پیاوێکی پیرۆزی مردووی، بەڵام شۆڕش موفەڕک ناناسێ، ئێسک و پرووسکی هەموو پادشاکانی لە کۆڵانەکان و هەمـوو پەیکەرەکـانی لە کـڵـێـسـاکـان فـڕێدایە دەرەوە. لەو بڕوایەدای پەیکەرەکەی تۆ دەهێڵنەوە!

**دانتۆن:** ناوی من! گەل!

**لاکروا:** ناوی تۆ! تۆ میانڕۆی، من میانڕۆم، کامی، فیلیپۆ، ئێرۆ. لاوازی و مـیـانڕۆی بۆ گـەل یەکن. گـەل سـەری لە کـۆمـەڵدابڕاوان پان دەکاتەوە. بەرگدرووەکانی شوورای کڵاوسوورەکان سەرجەمی مـێـژووی ڕۆمـا لە دەرزییـەکـانیـاندا هـەست پێ دەکـەن، ئەگـەر

پیاوەکەی سێپتەمبەر لەگەڵیاندا میانڕۆ بوو.

**دانتۆن:** زۆر ڕاستە، جگە لەوەش – گەل وەکو منداڵ وایە، دەبێ هەموو شتێک بشکێنێ، بۆ ئەوەی بزانێ چییان تێدایە.

**لاکروا:** جگە لەوەش دانتۆن، وەکو ڕۆبسپییێر دەڵێ ئێمە خەوشدارین، واتە ئێمە لەزەت دەبینین و گەل بەفەزیلەتە، واتە لەزەت نابینێ، لەبەرئەوەی کار ئۆرگانی لەزەتی لاواز کردووە، خۆی مەست ناکا، لەبەرئەوەی پارەی نییە و ناچێتە قەحبەخانە، لەبەرئەوەی دەمی بۆگەنی پەنیر و شاماسیی لێ دێت و کچەکان قێزی لێ دەکەنەوە.

**دانتۆن:** گەل ڕقی لە لەزەتبەران دەبێتەوە، وەکو چۆن خواجەیەک ڕقی لە پیاوان دەبێتەوە.

**لاکروا:** ئێمە بە دەغەڵ ناودەبەن (خۆی بۆ لای گوێی دانتۆن لار دەکاتەوە) لە بەینی خۆماندا بێ، هەندێ ڕاستیی تێدایە. ڕۆبسپییێر و گەل بەفەزیلەت دەبن، سان ژیوست ڕۆمانێک دەنووسێ و باریێر چاکەتی کورت دەدوورێ و پاڵتۆی خوێن لەبەر ئەنجوومەن دەکا منیش هەموو شتێک دەبینم...

**دانتۆن:** تۆ خەون دەبینی. بەبێ من هەرگیز پرکێشییان نەبووە، کەسیان دژی من نابێ؛ شۆڕش هێشتا تەواو نەبووە، لەوانەیە هێشتا پێویستیان بە من هەبێ، لە جبەخانەدا هەڵم دەگرن.

**لاکروا:** دەبێ شتێک بکەین.

**دانتۆن:** شتێک دەدۆزینەوە.

**لاکروا:** کاتێ شتێک دەدۆزرێتەوە ئێمە پێستمان چووبێتە دەباخانە.

**ماریۆن:** (بە دانتۆن): لێوەکانت سارد بوونەتەوە، وشەکانت ماچەکانتیان خنکاند.

**دانتۆن:** (بە ماریۆن): ئەوەندە کات لە دەست بچێ! ئەمە شایانی بوو! (بە لاکروا): سبەی دەچم بۆ لای ڕۆبسپییێر، تووڕەی دەکەم، لەبەرئەوەی ناتوانێ بێدەنگ بێ. کەواتە بەیانی! شەوباش هاوڕێکانم، شەوباش، سوپاستان دەکەم.

**لاکروا:** خۆتان بپێچنەوە، هاوڕێ باشەکانم، خۆتان بپێچنەوە! شەوباش دانتۆن، ڕانی خاتوون ملت دەپەڕێنێ، ئێسکی بەرموسڵدانی دەبێتە گابەردی تارپاییت[٤٤].

(دەڕوا)

## دیمەنی شەشەم

ژوورێک

ڕۆبسپییێر، دانتۆن، پاریس

**ڕۆبسپییێر:** من پێت دەڵێم، کاتێ شمشێرەکەم ڕادەکێشم هەر کەسێکم دەست بکەوێ، دوژمنمە، مەبەستەکەی گرینگ نییە؛ هەر کەس ڕێم لێ بگرێ بەرگری لە خۆم بکەم، کە پەلامارم بدا وەکو بمکوژێ وایە.

**دانتۆن:** لە هەر شوێنێک بەرگری ببڕێتەوە لەوێوە کوشتن دەست پێ دەکا، من هیچ هۆکارێک نابینم کە لەوە زیاتر ناچاری کوشتنمان بکات.

**ڕۆبسپییێر:** شۆڕشی کۆمەڵایەتی هێشتا تەواو نەبووە، هەر کەسێک شۆڕشێک تەنیا هەتا نیوە ببات، گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ. کۆمەڵگەی باش هێشتا نەمردووە، وزەی تەندروستیی گەل دەبێ بچێتە جێگەی ئەو چینەی بە هەموو ئاراستەکاندا بێ وزەیە. نەنگی دەبێ سزا بدرێ. فەزیلەت دەبێ لە ڕێی تۆقاندنەوە سەروەر بێ.

**دانتۆن:** من لە وشەی سزا تێ ناگەم.

ڕۆبسپییێر تۆ بەفەزیلەتەکەتەوە! تۆ پارەت نەبردووە، تۆ قەرزت نەکردووە، تۆ لەلای هیچ ژنێک نەخەوتووی، تۆ هەمیشە جلێکی شایستەت لەبەر کردووە و هەرگیز سەرخۆش نەبووی.

ڕۆبسپییێر تۆ تا ڕادەی پەرێشانی دادپەروەری. شەرم دەکەم ٣٠ ساڵ بە هەمان سیمای ئاکارەوە لە نێوان ئاسمان و زەویدا هاتوچۆ بکەم تەنیا لەبەرئەوەی لەزەتی داماوی ئەوانی تر لە خۆم خراپتر ببینم.

ئاخۆ هیچ شتێکت تێدا نییە، کە هەندێ جار زۆر بەدەنگی نزم، بە دزییەوە پێت بڵێ، تۆ درۆ دەکەی، درۆ دەکەی!

**ڕۆبسپییێر:** من ویژدانم پاکە.

**دانتۆن:** ویژدان ئاوێنەیەکە مەیموون لە بەردەمیدا ئازار دەچێژێ؛ هەموو کەسێک بەو جۆرەی بتوانێ خۆی پاک دەکاتەوە و بە ئسلوبی خۆی گەمەی خۆی چێ دەکا. ئەمە شایانی ئەوەیە شەڕی لەسەر بکەی. هەموو کەسێ دەیەوێ بەرگری لە خۆی بکا، کاتێ کەسێکی تر بیەوێ یارییەکەی لێ تێک بدات. مافی ئەوەت هەیە سەرپەڕینگە بکەیتە حەوزێکی جلشۆرین بۆ جلە پیسەکانی ژێرەوەی خەڵکی تر و لە سەرە پەڕێنراوەکان قاڵبە سابوون بۆ جلە پیسەکانیان دروست بکەی، لەبەرئەوەی تۆ هەمیشە چاکەتێکت لە بەردایە بە فڵچە پاک کراوەتەوە؟ بەڵێ تۆ دەتوانی بەرگری لە خۆت بکەی، کاتێ تف بکەنە سەر چاکەتەکەت یان بیدڕێنن، بەڵام هەتا وەڕست نەکەن ئەمە چ پێوەندیی بە تۆوە هەیە،؟ ئەگەر شەرم نەکەن بێن و بچن، لەبەر ئەوە مافی ئەوەت هەیە بیانخەیتە گۆڕەوە؟ تۆ پۆلیسی بەکرێگیراوی خوای؟ ئەگەر ناشتوانی وەکو خوای گەورە سەیر بکەی، ئەوا دەسرەکەت لە بەرچاوت ڕاگرە.

**ڕۆبسپییێر:** تۆ نکووڵی لە فەزیلەت دەکەی؟

**دانتـۆن:** من نـكوولّی له نـەنگیش دەكـەم. تەنیـا ئێـپـیـكوری[٤٥] هەن و ئەوانیش یان نەرمن یان ڕەق، مـەسیح نەرمـترین بوو؛ ئەمـە تاقە جیـاوازییە، كـە من بتوانم لە نێوان مرۆڤـەكاندا بیـدۆزمەوە. هەر كـەسـە و بەپێی سـروشـتـی خـۆی ڕەفـتـار دەكـا، واتە ئەو شـتـەی خۆی پێی خۆش بێت.

گەندەڵیی ڕاستەقینە نییە، سامناكە پاژنەی پێڵاوەكان بسوێنم.

**ڕۆبسـپـیـێر:** دانتـۆن، نەنگی لە هەندێ كـاتی دیاریكراودا خـیـانەتی گەورەیە.

**دانتۆن:** تۆ نابێ ڕقـی لێ هەڵگری، بۆ خـاتری خـوا ئەمـە نەكـەی، ئەمـە ناشێ، تۆ لە ڕێی جیاوازییەوە زۆر قەرزاربارێت.

بۆ ئەوەی لـەلای چەمكەكـانت بمێنینەوە، گـەمـەكـانمـان دەبێ بۆ كـۆمـار بەسوود بن، مـرۆڤ نابێ بێگـوناهـەكان بـەگوناهبـارەكـان بپێكێ.

**ڕۆبسپیێر:** كێ دەڵی كە بێگوناهێك پێكراوە؟

**دانتۆن:** فابریسیوس، گوێت لێیە؟ هیچ بێگوناهێك نەمردووە! (دەڕوا لە كاتی چوونە دەرەوەدا بە پاریس دەڵێ): نابێ یەك چركـەسات لە دەست بدەین، دەبێ خۆمان پێشان بدەین!

(دانتۆن و پاریس دەڕۆن).

**ڕۆبسپیێر:** (بەتەنیایە): بڕۆ! دەیەوێ ئەسپەكانی شۆڕش لە قەحپەخانە ڕاگرێ، وەكـو گـالیـسكەوان چۆن ئەسـپـە مـەشـقـپێكراوەكـانی ڕادەگـرێ؛ ئەوەندە هـێـزتان تێـدا دەبێ بـۆ گـۆڕەپانی شــۆڕش پەلكێشی بكەن.

پاژنەی پێڵاوەکانم بسوێنم!

بۆ ئەوەی لەلای چەمکەکانی تۆ بمێنینەوە، ڕاوەستێ! ڕاوەستێ! بە ڕاستی ئەوەیە؟ ئێوە دەڵێن شێوە زەبەلاحەکەی سێبەرێکی زۆری بۆ کردم، لە بەر ئەوە پێم وت بەری هەتاوەکەم لێ بەردا.

ئەگەر ئێوەش هەقتان بێت؟

ئاخۆ ئەمە ئەوەندە پێویستە؟ بەڵێ، بەڵێ! کۆمار؟ دەبێ بڕوا.

مایەی پێکەنینە چۆن بیرۆکەکانم چاودێریی یەکتر دەکەن. دەبێ بڕوا. هەر کەسێک لەناو ئاپۆرەیەکدا کە بەرەو پێشەوە دەچێت ڕاوەستێ، وەکو ئەوە وایە بەرهەڵستی بکا هەروەکو ڕووبەڕووی ئاپۆرەکە بووبێتەوە، لەژێر پێدا دەپلیشێتەوە.

ئێمە کەشتیی شۆڕش لەسەر حیسابی تەنکی و توێژی قوڕاوەکانی ئەم خەڵکە ڕاناگرین، ئێمە دەبێ بەو دەستەدا بدەین، کە پڕکێشی ئەوە دەکا کەشتییەکە ڕابگرێ و تانەت ئەگەر بەدانیشی گرتبێتی!

با ئەو کۆمەڵگەیە بڕوات، کە جلی لەبەر ئەریستۆکراتە مردووەکان داکەند و گولییەکەیانی بە میرات بۆ مایەوە.

فەزیلەت نییە! فەزیلەت پاژنەی پێڵاوەکەمە!

لەلای چەمکەکانی من!

چۆن ئەمە هەمیشە دەگەڕێتەوە.

بۆچی ئەو بیرۆکەیەم لە کۆڵ نابێتەوە؟ بە پەنجەی خوێنینەوە هەمیشە بۆ ئەوێ، ئەوێ ئاماژە دەکا! دەتوانم ئەوەندەی بمەوێ پەڕۆی پێوە بپێچم، هەمیشە خوێن دەردەچێ. (پاش پشوویەک):

من نازانم، له ناخمدا چی شتێک درۆ لەگەڵ ئەوەی تردا دەکا.

(دەچێتە بەردەم پەنجەرەکە).

شەو بەسەر زەویدا دەپرخێنێ و له خەونی وێرانەدا تل دەدا. مەزەندەی بیرۆکە و ویست نەکرابوو، شپرزە و بێ شێوە، کە له ترسی ڕووناکیی ڕۆژ لەسەر سک دەخشێ، ئێستا شێوە و جل وەردەگرن و خۆیان بۆ ماڵی بێدەنگی خەون دەدزنەوە. دەرگەکان دەکەنەوە، له پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوە دەکەن، تا ڕادەیەک دەبنە گۆشت، کۆئەندامەکان له خەودا دەکشێن، لێوەکان منجەمنج دەکەن. ئاخۆ بێداریمان خەونێکی ڕوونتر نییە، ئاخۆ ئێمە خەورۆ نین، ڕەفتارمان، وەکو له خەوندا، تەنیا ئاشکراتر، دیارتر، بەواقیعکراوتر نییە؟ کێ دەیەوێ لەبەر ئەوە سەرکۆنەمان بکات؟ له سەعاتێکدا ئەقڵمان کاری زۆرتری بیرۆکەڕایی دەکا، وەکو له ئۆرگانیزمی تەمەڵی جەستەمان له چەندان ساڵ هیچ نەکردندا دەتوانێ بیکات. گوناهەکە له بیرکردنەوەدایە. ئاخۆ بیرکردنەوە دەبێتە کردار، ئاخۆ جەستە لاسایی دەکاتەوە، ئەمە ڕێککەوتە.

(سان ژیوست دێتە ژوورەوە).

**ڕۆبسپییێر:** هۆو، ئەوە کێیە له تاریکییەکەدا، هۆو ڕووناکی، ڕووناکی!

**سان ژیوست:** دەنگم دەناسیتەوە؟

**ڕۆبسپییێر:** ئای، ئەوە تۆی سان ژیوست؟

(کارەکەرێک ڕووناکی دەهێنێ).

**سان ژیوست:** بەتەنیا بووی؟

**ڕۆبسپییەر:** ئێستا دانتۆن ڕۆیشت.

**سـان ژیوست:** له ڕێگه لـه کـۆشکی شـایانه تووشی بووم. تەوێڵی شۆڕشگێڕانەی دابوو بە یەکتردا و بە شیعری داشۆرین قسەی دەکرد؛ لەگەڵ بێپانتۆڵەکاندا وەکو هاوڕێی گیانی بەگیانی دەدوا، سۆزانییەکان بە دوای بەلکییەوە چوونە ژوورەوە و خەڵکی ڕاوەستان و ئەوەیان بە گوێی یەکتریاندا دەچرپاند، کە دەیوت.

ئێمە سوودی پەلامار لە دەست دەدەین. دەتەوێ زیاتر ڕاڕا بی؟ ئێمە بەبێ تۆ ڕەفتار دەکەین. ئێمە سوورین لەسەر بڕیارەکانمان.

**ڕۆبسپییەر:** دەتانەوێ چی بکەن؟

**سـان ژیوست:** داوای دانیشتنێکی ئاهانگسازانەی ئەنجوومەنی یاسادانان، ئاسایش و فەرمانڕەوایی دەکەین.

**ڕۆبسپییەر:** ئەرکی زۆرە.

**سان ژیوست:** دەبێ تەرمە گەورەکە بەحەیاوە بنێژین، وەکو قەشە، نەک وەکو بکوژ. نابێ پارچە پارچەی کەین، هەموو کۆئەندامەکان دەبێ بنێژرێن.

**ڕۆبسپییەر:** ڕوونتر قسە بکە.

**سـان ژیوست:** دەبێ بەتەواوی چەکەکانییەوە بینێژین و ئەسپ و کۆیلەکانی لەسەر گردۆڵکەی گۆڕەکەی سەر ببڕین. لاکروا-

**ڕۆبسپییەر:** کوڕێکی لاساری ڕێکوپێک بوو، نووسەری پارێزەر بوو، ئێستا سەروانی گشتیی فرەنسایە. دواتر.

**سان ژیوست:** ئێرۆ-سێشێل.

**ڕۆپسپییێر:** سەرێکی جوانە.

**سان ژیوست:** پیتی سەرەتای جوان نووسراوی دەستووری فرەنسا بوو، ئێمە پێویستمان بەڕازاندنەوەی لەو شێوەیە نییە، دەسرِدرێتەوە. فیلیپوی، کامی...

**ڕۆپسپییێر:** ئەویش؟

**سان ژیوست:** (کاغەزێکی دەداتە دەست): ئەوەم بەزەیندا هات. ها بیخوێنەرەوە!

**ڕۆپسپییێر:** ئەها، فرانسیسکییە پیرەکە، هیچی تر؟ ئەو منداڵە، بەئێوە پێ کەنی ...

**سان ژیوست:** ئێرە، بخوێنەرەوە! (شوێنێکی پێ پێشان دەدا).

**ڕۆپسپییێر:** (دەخوێنێتەوە): "ڕۆپسپییێر، ئەو مەسیحە گوڵە، لە نێوان کۆویتۆن[٤٦] و کۆلۆ[٤٧]ی دزدا بەسەر چیای کالڤاریانەوە[٤٨]، کە لەسەریدا قوربانی دەدا و خۆی ناکرێتە قوربانی. دەستەخوشکە نزاکەرەکانی سەرپەڕینگە وەکو ماریا و ماگدەلێنە لە خوارەوە وەستاون. وەکو یۆهانەس سان ژیوستی لە دڵدایە و ئەنجوومەنەکە بە سروشی نهێنی وەستا ئاشنا دەکا، سەری خۆی وەکو پیرۆزترین کەس بەدەستی هەڵدەگرێ."

**سان ژیوست:** دەمەوێ سەری وەکو سان دێنیز[٤٩] بەخۆی هەڵگرم.

**ڕۆپسپییێر:** (لە خوێندنەوە بەردەوام دەبێ): "ئەگەر مرۆڤ لەو بڕوایەدا بێت، کە چاکەتە پاکەکەی مەسیح کفنی فرەنسا بێ و پەنجە باریکەکانی کە بەسەر شانۆوە بازرەقە دەدەن چەقۆی

سەرپەڕینگە بن؟

تۆیش باریّ، کە تۆ وتت، لەسەر گۆڕەپانی شۆڕش پارەی کانزا لیّ دەدریّ. بەڵام من نامەویّ ئەو گوینییە کۆنە ڕاوەشێنم. ئەو بێوەژنێکە، کە نیو دەرزەن پیاوی هەبوو و خستنییە ژێر خاکەوە. خەتای کێیە؟ ئەمە بەهرەی ئەوە، شەش مانگ پێش مردن ڕووخساری هیپۆکراتی[50] دەبینیّ. کیّ دەیەویّ لەلای تەرمەکانی دابنیشیّ و بۆنی بۆگەن هەڵمژیّ؟

کامی واتە تۆیش؟

لایان بەن! خێرا! تەنیا مردووەکان ناگەڕێنەوە. شکاتەکەت ئامادە کردووە؟

**سان ژیوست:** شتەکە ئاسان خۆی دەخاتە بەردەست. تۆ ئاماژەکانت لەلای ژاکۆبییەکان کرد.

**ڕۆبسپییێر:** ویستم بیانترسێنم.

**سان ژیوست:** من تەنیا دەبیّ جێبەجیّ بکەم، ساختەکارەکان هێلکە دەدەن و نامۆکان سێو. بەو خواردنە دەمرن، من پەیمانت پیّ دەدەم.

**ڕۆبسپییێر:** دە خێرا، سبەینیّ. گیانەڵای دریّژی ناویّ! چەند ڕۆژێکە هەستیارم. تەنیا خێرا!

(سان ژیوست دەڕوا).

(ڕۆبسپییێر بەتەنیا دەمێنێتەوە): زۆر ڕاستە، مەسیحی خوێن، ئەو قوربانی دەدا و ناکرێتە قوربانی.

ئەو بەخوێنی خۆی فریادڕەسی کردن و من بەخوێنی خۆیان

فریادڕەسیان دەکەم. ئەو گوناهی پێ کردن و من گوناهەکە دەبەمە سەر خۆم. ئەو ئۆخژنی ئازاری هەبوو و من ئازاری جەلاد.

کێ زۆرتر نکووڵیی لە خۆی کرد، من یان ئەو؟–

بەڵام کەمێک شێتی لەو بیرۆکەدا هەیە.–

بۆچی بەتەنیا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێین؟ بەڕاستی مەسیح لە هەمووماندا لە خاچ دەدرێ، ئێمە هەموو لە باخچەی گێتسێماندا[51] لە ئارەقەی خوێناویدا پەلەقاژەمانە، بەڵام هیچ کەسێک ئەوی تر لە برینەکانی ڕزگا ناکات. –کامییکەی من! – ئێوە هەموو لەلام دەڕۆن – هەموو شتێک وێرانە و خاڵییە – من بەتەنیام.

## پەردەی دووەم

## دیمەنی یەکەم

ژوورێک

دانتۆن، لاکروا، فیلیپۆ، پاریس، کامی دێمۆلان

**کامی:** دانتۆن خێرا کاتمان نەماوە بەفیرۆی بدەین.

**دانتۆن:** (خۆی لەبەر دەکا): بەڵام کات ئێمە بەفیرۆ دەدا.

ئەمە زۆر وەڕسکەرە هەمیشە لەپێشدا کراس و دوایی پانتۆڵەکەی بەسەردا لەبەر بکەی و ئێواران بچیتە ناو جێخەوە و بەیانیان جارێکی تر بەخشکە لێی دەرچیتە دەرەوە و هەمیشە پێیەک بخەیتە پێش ئەوی ترەوە، بەبێ ئەوەی پێشبینیی ئەوە بکرێ بەجۆرێکی تر چۆن دەبێ. ئەمە زۆر غەمگینە و کە ملیۆنان ئەمەیان کردووە و کە ملیۆنان جارێکی تر دەیکەن و ئێمەش لە سەروو ئەمانەوە لە دوو بەش پێک هاتووین، کە هەردووکیان هەمان شت دەکەن، بەجۆرێکی تر هەموو شتێک دووجار ڕوو دەدا. ئەمە زۆر غەمگینە.

**کامی:** تۆ بەدەنگێکی زۆر منداڵانە قسە دەکەی.

**دانتۆن:** ئەوانەی لە سەرەمەرگدان زۆرجار منداڵانە دەبن.

**لاکروا:** تۆ لەبەر ڕاڕاییت ماڵی خۆت وێران دەکەی، لەگەڵ خۆتدا ماڵی هەموو هاوڕێکانیشت وێران دەکەی. هەواڵ بەترسنۆکەکان بگەیەنە، کە کاتی ئەوە هاتووە لە دەورت کۆ ببنەوە، داوا

لەوانەی ناو دۆڵەکان و ئەوانەی سەر شاخەکانیش بکە. هاوار بەسەر ستەمی دێسەمبەرڤیرندا بکە، باسی خەنجەرەکان بکە، بانگی بروتوس[٥٢] بکە، ئەمجا بینەران دەتۆقێنی و تەنانەت ئەوانەش لە دەورت کۆ دەبنەوە، کە وەکو هاوتاوانانی ئێبەرت هەڕەشەیان لێ دەکرێ. تۆ دەبێ خۆت بدەیتە دەستی توورەییتەوە. بەلای کەمەوە مەیەڵە بێ چەک و ئابڕووبراو وەکو ئێبەرتی شەرمەزار بمرین.

**دانتۆن:** تۆ بیرەوەریت خراپە. تۆ بەپیاوێکی پیرۆزی مردوو ناوت بردم. تۆ مافت لەوە زیاتر هەبوو کە خۆت بڕوای پێ بکەی. من لەلای شووورای ناوچەکان بووم، زۆر بەسام بوون، بەڵام وەکو مردوونێژ بەسام بووم. من موفەڕکێکم و موفەڕک فڕێ نادرێتە کۆڵان. تۆ ڕاستت کرد.

**لاکروا:** بۆچی هێشتت بەوە بگات؟

**دانتۆن:** بەوە؟ بەڵێ ڕاستە، لەم دواییەدا وەڕس بووم. هەمیشە لە هەمان چاکەتتدا بێم و بچم و هەمان چارە بەیەکدا بدەم! ئەمە جێی بەزەییە. ئامێرێکی مۆسیقیی وا داماو بی، کە ژێیەکەی هەمیشە هەمان دەنگی لێوە دەرچێ!

ئەمە بەرگەی ناگیرێ. ویستم ژیانم خۆش بکەم. من بەوە گەیشتم، شۆڕش هێمنم دەکا، بەڵام بەجۆرێکی تر لەوەی کە من بیرم لێی دەکردەوە.

ئەی پشت بەچییەوە بدەین؟ قەحپەکانمان دەتوانن هێشتا دەرۆستی دەستەخوشکەکانی نوێژی سەرپەرینگە بێن، ئەگینا هیچی تر پێ نازانم. بەپەنجەی دەست دەژمێردرێ:

ژاکۆبینییەکان روونیان کردەوە کە فەزیلەت شتی ڕۆژانەیە، کۆردیلییەکان پێم دەڵێن جەلادی ئێبەرت، ئەنجوومەنی ناوچە سزا دەکێشێ، ئەنجوومەن، - ئەمەش هۆکارێکە! بەڵام ئەگەر سی و یەکی مایس هەبێ، بەمەبەستی باشەوە دەستبەردار نابن. ڕۆپسپییێر دۆگمای شۆڕشە، نابێ بسڕدرێتەوە. ناشبێ. ئێمە شۆڕشمان نەکردووە، بگرە شۆڕش ئێمەی کردووە.

ئەگەر بشکرێ پێم خۆشترە سەرم بپەڕێنرێ لەوەی سەری خەڵک بپەڕێنم. کوونەلووتم پڕ بووە، بۆچی دەبێ ئێمەی مرۆڤ دژی یەکتر بجەنگین؟ دەبێ لە تەنیشت یەکەوە دانیشین و ئاسوودە بین. لە کاتێ خولقاندنماندا هەڵەیەک کراوە، شتێکمان نوقسانە، من هیچ ناوێکم بۆی نییە، ئێمە لە ناوسکی یەکتری دەرناهێنین، بۆچی دەبێ لەبەر ئەوە ورگی یەکتر هەڵدڕین؟ بڕۆن، ئێمە کیمیاگەری کڵۆڵین.

**کامی:** خۆشحالانەتر بڵێین واتە: مرۆڤ دەبێ چەند لە برسێتیی هەمیشەییدا کۆئەندامەکانی خۆی بخوا؟ یان، ئێمەی کەشتیشکاو دەبێ چەند بەسەر کەشتیی شکاوەوە لە تینوویێتیی نەشکاودا خوێنی یەکتر لە دەمارەکانەوە بمژین؟ یان، چەند دەبێ ئێمەی تۆژەر لە کاتی گەڕان لە گۆشتدا بەدوای شتی نەناسراودا، بۆ هەمیشە سەرپێچی بکەین چەندان بارەی حیسابەکانمان بەدەستی دارزاوەوە بنووسین؟

**دانتۆن:** تۆ زایەڵەیەکی بەهێزی.

**کامی:** وا نییە، دەنگی دەمانچەیەک وەکو هەورە گرمە دەنگ دەداتەوە. بۆ تۆ باشترە هەمیشە من لەلای خۆت بهێڵیتەوە.

**فیلیپۆ:** فرەنساش بۆ جەلادەکانی دەمێنێتەوە؟

**دانتۆن:** چی تێدایە؟ خەڵکی بەمە زۆر خۆشحاڵن. نەگبەتن، ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ لەوە زیاتر داوا بکات بۆ ئەوەی هەستی بهەژێ، نەجیب، بەفەزیلەت یان نوکتەباز بێ یان هەر بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک وەڕەس نەبێ؟

ئاخۆ بە سەرپەڕینگە یان بە تا یان لەبەر پیری دەمرن. هێشتا ئەوە باشترە، بە کۆئەندامی نەرمەوە بچنە پشتی شانۆوە و بتوانن لە کاتی ڕۆیشتنندا بە جوانی دەستیان ڕاوەشێنن و گوێیان لێ بێ بینەران چەپڵە لێ دەدەن. ئەمە زۆر سەلارانەیە و بۆ ئێمە گونجاوە، ئێمە هەمیشە لەسەر شانۆ وەستاوین، لەگەڵ ئەوەشدا دواجاریش بە جیدی بەرچەقۆ دەدرێین.

ئەمە زۆر باشە، کە کاتی ژیان کەمێک سنووردار دەکرێ، چاکەتەکە درێژ بوو، کۆئەندامەکانمان نەیانتوانی پڕی بکەنەوە. ژیان دەبێتە کورتە شیعرێک، ئەمە دەست پێ دەکا، هەر کەسێک هەناسە و عەقڵی تەواوی بۆ داستان هەبێت لە ٥٠ یان ٦٠ بڕگەدا؟ کاتی ئەوە هاتووە کە مرۆڤ ئەو کەمە پالاوتەیە ئیتر لە کوپەدا نەخواتەوە بگرە لە بادەی مەیدا، مرۆڤ ئاوها دەمی پڕ دەبێ، ئەگینا مرۆڤ نەیدەتوانی چەند دڵۆپێک لە دەفرە پڕەکەوە دابچۆڕێنێ.

لە ئەنجامدا من دەبێ هاوار بکەم، ئەم هیلاکییە بۆ من زۆرە، ژیان شایانی ئەو کارە نییە، کە مرۆڤ دەیکا بۆ ئەوەی لە ژیاندا بیهێڵێتەوە.

**پاریس:** دانتۆن کەواتە ڕابکە!

**دانتۆن:** مرۆڤ نیشتمان بەبنی پێڵاوەکانییەوە لەگەڵ خۆی دەبا؟

لە ئەنجامیشدا  ئەمە سەرەکیترین شتیشە: پڕکێشی ئەوە ناکەن.

(بە کامی): وەرە کوڕم، من پێت دەڵێم پڕکێشی ئەوە ناکەن. خواحافیز، خواحافیز!

(دانتۆن و کامی دەڕۆن).

**فیلیپۆ:** ئەوا دەچێ بۆ ئەوێ.

**لاکروا:** بڕوای بە هیچ یەکێک لەو وشانە نییە کە دەیڵێ. جگە لە تەمەڵی هیچی تر نییە! پێی خۆشترە لە سەری بدرێ بەڵام لێدوانێک نەدا.

**پاریس:** چی بکەین؟

**لاکروا:** بچینەوە بۆ ماڵەوە و وەکو لوکرێتسیا لە حاڵەتێکی ئابڕوودار بتۆڕینەوە.

## دیمەنی دووەم

ڕێگەیەکی ناو دارستان

خەڵکی پیاسە دەکەن

**هاووڵاتییەک:** ژاکلینی ئازیزم ، ویستم بڵێم کۆرن، من ویستم کۆر...

**سیمۆن:** کۆرنیلیا، هاووڵاتی، کۆرنیلیا.

**هاووڵاتی:** کۆرنیلیای ئازیزم بە کوڕێک شادی کردم.

**سیمۆن:** کوڕێکی بۆ کۆمار بووە.

**هاووڵاتی:** بۆ کۆمار، ئەمە سەدایەکی زۆر گشتیی هەیە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ...

**سیمۆن:** هەر ئاوهایە، تاک دەبێ بۆ گشتی...

**هاووڵاتی:** بەڵێ، ژنەکەشم وا دەڵێ.

**گۆرانیبێژ:** هەر ئەوەیە، هەر ئەوەیە

خۆشی و لەزەتی هەموو پیاوانە؟

**هاووڵاتی:** ئاخ ناوەکە، من هەرگیز لەسەر ناوێک ڕێک ناکەوم.

**سیمۆن:** ناوی بنێن: ڕم، مارات.

**گۆرانیبێژ:** لەژێر باری خەمدا، لەژێر باری مەراقدا

تەقەلا بکەی لە بەیانیی زووەوە

هەتا ڕۆژ بەسەر دەچێ.

**هاوولاتی:** من حەزم دەکرد سێ بوونایە، ژمارەی سێ دەبێ شتێک بگەیەنێ و ئەمجا شتێکی بەسوود و شتێکی ڕەوا، ئێستا دۆزیمەوە: جەنجەڕ، ڕۆپسپییێر.

ئەمجا سێیەمیان؟

**سیمۆن:** ڕم.

**هاوولاتی:** دراوسێ من سوپاستان دەکەم. ڕم، جەنجەڕ، ڕۆپسپییێر، ئەمانە ناوگەلی جوانن، ئەمە جوان دەردەچێ.

**سیمۆن:** من پێت دەڵێم، سینەی کۆرنیلیا وەکو گوانی دەڵەگورگە ڕۆماییەکەی لێ دێ، نەخێر، ئەمە نابێ. ڕۆمۆلوس[٥٣] ستەمگەر بوو، ئەمە نابێ.

(لەوێوە تێ دەپەڕن)

**سواڵکەرێک:** (گۆرانی دەڵێ): پڕ چنگێک خۆڵ

کەمێکیش قەوزە...

پیاوە ئازیزەکان، ژنە جوانەکان!

**یەکەم پیاو:** زەلام کار بکە، تۆ زۆر تێروتەسەل دیاری.

**دووەم پیاو:** ئەوەتا! (پارەی دەداتێ). دەستی وەکو مەخمەڵ نەرمونۆڵە. ئەمە بێشەرمییە.

**سواڵکەرەکە:** بەڕێزم ئەو چاکەتەتان لە کوێ بوو؟

**دووەم پیاو:** کار، کار! تۆ دەتوانی هەمان کارت هەبێت، دەمەوێ کارت بدەمێ، وەرە بۆ لام، من ماڵم لە...

**سواڵکەر:** بەڕێز، بۆچی کارتان کرد؟

**پیاوی دووەم:** شێتە، بۆ ئەوەی ئەو چاکەتەم هەبێ.

**سـوالْكەر:** ئازاری خـۆتانتـان دا بۆ ئەوەی لـەزەتێکتـان هەبێت، چـونکە چاکەتێکی وا لەزەتە، شرەیەکیش هەر لەزەت دەبەخشێ.

**پیاوی دووەم:** بێگومان، ئەگینا نابێ.

**سـوالْکەر:** گـوایە مـن شـێـتم. ئەم شـتــانە یەکـتـر دەسـڕنـەوە. لەو سەرکۆڵانەدا هەتاو بە گەرمی تیشک دەهاوێژێ و ئەمەش بۆ من زۆر ئاسانە.

گۆرانی دەڵێ: پڕ دەستێک لە خۆڵ

کەمێکیش قەوزە...

**رۆزالی:** (بە ئەدێلاید) لاچۆ، سـەرباز دێن، لە دوێنێـوە هیـچی گـەرم نەچووەتە لەشمانەوە.

**سوالْکەر:** ئاخۆ جارێک لە جاران

دوا چارەنووسم لەسەر ئەم زەوییە دەبێ!

بەرێزانم، خانمانم!

**سـەرباز:** ڕاوەسـتێ! منداڵەکـان لە کـوێوە دەچنـە دەرێ؟ (بە رۆزالی): تەمەنت چەندە؟

**رۆزالی:** تەمەنم بەقەدەر تەمەنی پەنجە بچووکەکەمە.

**سەرباز:** تۆ زۆر تیژی.

**رۆزالی:** تۆش زۆر کولی.

**سەرباز:** دەمەوێ خۆم بە تۆ تیژ کەم.

(گـۆرانی دەڵێ): کـرسـتـینە بچکۆلەکـە، کـرسـتـینە بـچـووکـە ئازیزەکەی من،

زیان ئازارت دەدا، زیان ئازار،

زیان ئازار، زیان ئازار!

**رۆزالی:** (گۆرانی دەڵێ): نەخێر، سەربازی بەڕێز

من حەزم لە زیاترە، حەزم لە زیاتر،

حەزم لە زیاتر، حەزم لە زیاتر!

(دانتۆن و کامی دێنە ژوورەوە).

**دانتۆن:** ئەمە خۆش نییە.

من لە هەوادا بۆنی شتێک دەکەم، وەکو هەتاو بێئابڕوویی بترووکێنێ.

مرۆڤ نایەوێ لەژێریدا باز بدات، پانتۆڵەکەی لە لەشیدا بدڕێنێ و وەکو سەگەکانی کۆڵان لە دواوە جووت ببێ؟

(لەوێوە تێ دەپەڕن).

**کوڕی گەنج:** ئای خانم، دەنگی زەنگوڵەیەک، تیشکی ئێوارە بەسەر درەختەکانەوە، جریوەی ئەستێرەیەک؛

**مەدام:** بۆنی گوڵێک، ئەم خۆشییە سروشتییانە، ئەم لەزەتە پاکەی سروشت! (بە کچەکەی): ئۆگینی، سەیر کە، تەنیا بەشکۆیی دەیبینێ.

**ئۆیگینی:** (دەستی دایکی ماچ دەکا): ئاخ دایە، من تەنیا ئێوە دەبینم!

**خانم:** منداڵی باش!

**کوڕی گەنج:** (بە گوێی ئۆیگینیدا دەچرپێنێ): لەوێ ئەو ژنە جوانە لەگەڵ ئەو پیرەمێردەدا دەبینی؟

**ئۆیگینی:** دەیناسم.

**کوڕی گەنج:** دەوترێ گوایە سکی پڕ کردووە.

**ئۆیگینی:** (پێ دەکەنێ): دەم پیس!

**کوڕی گەنج:** پیرەمێردەکە تێ دەپەڕێ، دەبینێ شکۆفەیەکی بچووک دەپشکوێ و لەبەر هەتاو بۆ پیاسەی دەبا و دەڵێ کە ئەو ئەو لێزمەبارانەیە، کە چەکەرەی پێ کردووە.

**ئۆیگینی:** چەند بێحەیایە، حەز دەکەم سوور هەڵگەرێم.

**کوڕی گەنج:** ئەمە لەوانەیە ڕەنگی من بپەڕێنێ.

**دانتۆن:** (بە کامی): تەنیا متمانەی هیچ شتێکی جیدیم پێ مەکە. من تێ ناگەم بۆچی خەڵکەکە لە کۆڵان ڕاناوەستن و بە ڕووی یەکتردا پێ ناکەنن. دەڵێم دەبێ بۆ پەنجەرە و گۆڕەکان پێ بکەنن و ئاسمان دەبێ شەق ببا و زەوی دەبێ لەبەر پێکەنین بگەوزێتەوە.

**پیاوی یەکەم:** من دڵنیاتان دەکەم، ئەمە دۆزینەوەیەکی ناوازەیە! هەموو هونەرە تەکنیکییەکان لە ڕێیەوە ڕووخسارێکی تر وەردەگرن. مرۆڤایەتی بە هەنگاوی گەورە بەرەو چارەنووسە بەرزەکەی ڕێ دەکا.

**پیاوی دووەم:** شانۆنامە تازەکەت بینی! منارەیەکی بابل! تێکچرژانی گوومەزەکان، پلیکانەکان، ڕاڕەو و هەموو شتێک ئەوەندە پرکێشانە و ئاسان تەقێنراونەتەوە. مرۆڤ لە هەموو هەنگاوێکدا سەری سووڕ دەخوا.

سەرێکی عاجباتییە. (بەشەرمەوە بە پێوە دەمێنێتەوە).

**پیاوی یەکەم:** چیتانە؟

**پیاوی دووەم:** هیچ! دەستەکانت، بەڕێز! چاڵاوەکە، ئاوها! من

سوپاستان دەکەم. هەر لەگەڵ هاتم، وەزعەکە خەتەر بوو!

**پیاوی یەکەم:** خۆ نەترسان؟

**پیاوی دووەم:** بەڵێ، زەوی توێکڵێکی تەنکە، هەمیشە دەڵێم لەوانەیە لەو شوێنەوەی کونێکی لێ بێ بکەومە ناوییەوە.

مـرۆڤ دەبێ بە ئاگـەدارییـەوە هەنگاو بنـێ، لەوانەیە توێکڵـەکـە بـشـکـێ و بـکـەوێـتـــە ناوییـــەوە. بـەڵام بـڕۆن بـۆ شـــانـۆ، مـن ئامۆژگاریتان دەکەم.

## دیمەنی سێیەم

ژوورێک

دانتۆن، کامی، لیوسیل

**کامی:** من پێتان دەڵێم، ئەگەر بەکۆپییەکی لە دار دروستکراو نەیاندرێتێ، لە شانۆ، لە کۆنسێرت و پێشانگەی هونەریدا پەرش و بڵاو نەکرێتەوە، ئەوا نە چاو دەیانبینێ نە گوێی دەیانبیستێ. ئەگەر یەکێک بووکەڵەیەک دابتاشێ، کە مرۆڤ پەتەکە دەبینێ پێوەی هەڵواسراوە، کە ڕادەکێشرێ و لە هەموو هەنگاوێکدا جومگەکانی بە شیعری پێنج خشتەکی قرچەیان دێت، چۆن کارەکتەرێکە، چ ئەنجامگیرییەکە! ئەگەر یەکێک هەستێکی بچووک، قسەیەکی نەستەق، چەمکێک بهێنێ و چاکەت و پانتۆڵی لەبەر بکا، دەست و قاچی بۆ بکات، سەروچاوی ڕەنگ بکا و سێ دیمەن ئازار بەو شتە بکێشێ، هەتا لە کۆتاییدا هاوسەرگیری دەکا یان خۆی دەکوژێ ئەمە ئیدیالێکە! ئەگەر یەکێک دەنگێکی ناخۆش لە ئۆپراوە هەستێنێ، کە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە لە میزاجی مرۆڤدا دەنگ پێ بداتەوە وەکو پایپی قورین بەئاوەوە دەنگ بە بولبول دەداتەوە ئای هونەر.

لە شانۆوە خەڵکی بخەنە سەر جادە: ئاخ، ڕاستیی داماو!

لە ڕێی ئەوانەی کە بە خراپی لاسایی خوا دەکەنەوە خوا خۆی

له بیر دەکەن. لە پەروەردگارەوە، کە درەوشاوە، بەشەوق و شاد، بە دەوروبەر و لە ناخیاندا، هەموو چرکەساتێک سەرلەنوێ لەدایک ببێ، هیچ نابینن و هیچ نابیستن. دەچنە شانۆ، شیعر و رۆمان دەخوێننەوە، تیایدا بیچمەکان دەکەنە رووخسار و بە بوونەوەرەکانی یەزدان دەڵێن: چەند ئاساییە.

یۆنانییەکان دەیانزانی چی دەڵێن، کاتێ گێڕایانەوە کە پەیکەرەکەی پیگمالیۆن[٥٤] رۆحی بەبەردا کراوە، بەڵام منداڵی نەبووە.

**دانتۆن:** هونەرمەندەکانیش وەکو داڤید[٥٥] لەگەڵ سروشتدا رەفتار دەکەن، کاتێ لە سێپتەمبەردا کوژراوەکانی کە لە فۆرسەوە[٥٦] فڕێ دەدرانە ناو کۆڵان، خوێنساردانە تابلۆی دەکێشا و وتی: من دوا گیانەڵای ژیانی ئەم بەدناکانە دەقۆزمەوە.

(دانتۆن بۆ دەرەوە بانگ دەکرێ).

**کامی:** لیوسیل، چی دەڵێی؟

**لیوسیل:** هیچ، ئەوەندە حەز دەکەم سەیرت کەم کە قسە دەکەی.

**کامی:** گوێشت لێمە؟

**لیوسیل:** ئای بێگومان.

**کامی:** قسەکەم راستە، تۆیش دەزانی من چیم وت؟

**لیوسیل:** نەء بەڕاستی نەء.

(دانتۆن دەگەڕێتەوە).

**کامی:** چیتە؟

**دانتۆن:** ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن بڕیاری گرتنمی دەرکردووە. ئینزاریان

کردم و شوێنێکیان بۆ هەڵهاتن بۆ پێشنیاز کردم. سەری منیان دەوێ، با وا بێ. من لەم چەقەچەقە کونەلووتم پڕ بووە. با بیبەن. چی تێدایە؟ بەئازایەتییەوە دەمرم؛ ئەمە لە ژیان ئاسانترە.

**کامی:** دانتۆن، هێشتا کات ماوە.

**دانتۆن:** مەحاڵە، – بەڵام بیرم لەوە نەدەکردەوە.

**کامی:** تەمەڵییەکەت!

**دانتۆن:** من تەمەڵ نیم، بەڵام ماندووم. زۆر پەلەمە.

**کامی:** بۆ کوێ دەڕۆی؟

**دانتۆن:** بەڵێ، ئەگەر کەسێک بیزانیبا!

**کامی:** بەجیدی، بۆ کوێ؟

**دانتۆن:** بۆ پیاسە، کوڕی گەنج بۆ پیاسە! (دەڕوا).

**لیوسیل:** ئاخ کامی!

**کامی:** منداڵی ئازیز بێدەنگ بە.

**لیوسیل:** من بیر دەکەمەوە، کە ئەم سەرە! کامییەکەی خۆم! ئەمە بێمانایە، وا نییە، من شێت بوومە؟

**کامی:** بێدەنگ بە، من و دانتۆن هاوڕا نین.

**لیوسیل:** زەوی دوورە و زۆر شتی لەسەرە، بۆچی دەبێ تەنیا هەر ئەو شتە بێ؟ کێ لێمی دەستێنێ؟ ئەمە مایەی نیگەرانییە. دەتانەوێ چی لێ بکەن؟

**کامی:** بۆتی دووبارە دەکەمەوە، دەتوانی بێدەنگ بی. تۆ دەتوانی بێدەنگ بی. دوێنێ لەگەڵ ڕۆپسپییێر قسەم کرد. دلۆڤان بوو. کەمێک پێوەندیمان خراپ بوو، ئەمە ڕاستە، ڕای جیاواز،

هیچی تر!

**لیوسیل:** سەردانی بکە.

**کامی:** ئێمە هاوپۆل بووین. ئەو هەمیشە مۆن و تەنیا بوو. من تەنیا سەردانیم کرد و هێنامە پێکەنین. هەمیشە وابەستەییەکی گەورەی پێشان داوم. من دەڕۆم.

**لیوسیل:** ئەوەندە بەپەلە، هاوڕێکەم؟ بڕۆ! وەرە! تەنیا ئەمەو (ماچی دەکا) ئەمەش! بڕۆ! بڕۆ.

(کامی دەڕوا).

ئێستا کاتێکی بەدناکە. ئێستا دەبێ وابێ. کێ دەتوانێ ئەمە تێپەڕێنێ؟ مرۆڤ دەبێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێ.

(گۆرانی دەڵێ): ئاخ جیابوونەوە، ئاخ جیابوونەوە، ئاخ جیابوونەوە

کێ بیری لە جیابوونەوە کردەوە؟

چۆن ئەمەم بەبیردا دێ؟ ئەمە باش نییە، کە ئاوها ڕێگە خۆی بدۆزێتەوە.

کاتێ چووە دەرەوە، وام بۆ دەرکەوت وەکو ئیتر نەتوانێ بگەڕێتەوە و هەمیشە لە من دوورتر بکەوێتەوە، هەمیشە دوورتر.

کاتێ ژوورەکە چۆڵ دەبێ، پەنجەرەکان کراونەتەوە، وەکو مردوویەکی تێدا کەوتبێ. من لە سەرەوە تەحەمولی ناکەم.

(دەڕوا).

## دیمەنی چوارەم

لە کێڵگەیەکدا

دانتۆن

**دانتۆن:** من لەوە زیاتر حەز ناکەم بڕۆم. نامەوێ لەم بێدەنگییەدا بەدەنگی هەنگاوەکانم و لرخەی هەناسەم ژاوەژاو دروست بکەم. (دادەنیشێ، دوای پشوویەک): باسی نەخۆشییەکیان بۆ کردم، کە مرۆڤ بیرەوەری لە دەست دەدا. مەرگ دەبێ شتێکی لێ دەست بکەوێ. هەندێ جاریش ئەو ئومێدەم بۆ دێت، کە لەوانەیە کاریگەری زیاتر بێت و هەموو شتێک لە دەست مرۆڤ دەدا. ئەگەر ئەمە وا بێ!

ئەوسا وەکو مەسیحییەک بە دەوری دوژمنەکەمدا ڕام دەکرد واتە بۆ ئەوەی بیرەوەریم قورتار بکەم. شوێنەکە دەبێ دڵنیا بێ، بەڵێ بۆ بیرەوەریم، بەڵام نەک بۆ من، گۆڕ زیاتر دڵنیاییم پێ دەبەخشێ، بەلای کەمەوە بیرچوونەوەم بۆ دەخوڵقێنێ! بیرەوەریم دەکوژێ. بەڵام لەوێ بیرەوەریم دەژی و خۆم دەکوژێ. من یان ئەو؟ وەڵامەکە ئاسانە.

(هەڵدەستێتە سەرپێ و دەگەڕێتەوە).

من لەگەڵ مەرگدا چاوبڕکێ دەکەم. زۆر خۆشە لە دوورەوە بەزەرەبین چاوبازیی لەگەڵ بکەی. لە ڕاستیدا من دەبێ بەهەموو مێژوو پێ بکەنم. هەستێکی مانەوەم تێدایە، کە پێم

دەڵێ، سبەینێش وەکو ئەمڕۆ دەبێ، دووسبەینێ و هەتاهەتایە هەموو شتێک وەکو ئێستا دەبێ. ئەمە ژاوەژاوێکی خاڵییە، دەیانەوێ بمترسێنن، پڕکێشی ئەوە ناکەن.

(دەڕوا)

## دیمەنی پێنجەم

ژوورێک

شەوە

دانتۆن، ژیولی

**دانتۆن:** (لە بەردەم پەنجەرەکە): ئاخۆ ئەمە هەرگیز نایەوێ بەکۆتا بێت؟ ئاخۆ ڕووناکییەکە هەرگیز ناکوژێتەوە و ئەم دەنگە هەرگیز ناڕزێ، نایەوێ هەرگیز بێدەنگ و تاریک بێ، کە ئێمە ئیتر گوێ لە گوناهە چەپەڵەکانی یەکتر نەگرین و سەیریان ناکەین؟ –سێپتەمبەر!–

**ژیولی:** (لەناو ژوورەکەوە بانگ دەکا): دانتۆن! دانتۆن!

**دانتۆن:** ها؟

**ژیولی:** (دێتە ژوورەوە): بۆ بانگ دەکەی؟

**دانتۆن:** بانگم کرد؟

**ژیولی:** تۆ باسی گوناهی چەپەڵ و ئەمجا بە ناڵە و نرکەوە وتت: سێپتەمبەر!

**دانتۆن:** من، من؟ نەخێر، من قسەم نەکرد، من بەحاڵ بیرم لەوە نەکردەوە، ئەمانە تەنیا بیرۆکەی زۆر بێدەنگی نهێنی بوون.

**ژیولی:** دانتۆن تۆ هەڵدەلەرزی.

**دانتۆن:** ئەی هەڵنەلەرزم، کە دیوارەکان قسە بکەن؟ ئەگەر جەستەم

پارچە پارچە بووبێ، کە بیرۆکەکانم ناسەقامگیر، گومڕا بە لێوی بەردەکانەوە قسە بکەن؟ ئەمە سەیرە.

**ژیولی:** ژۆرژ، ژۆرژەکەی خۆم!

**دانتۆن:** بەڵێ ژیولی، ئەمە زۆر سەیرە. من نامەوێ ئیتر بیر بکەمەوە، ئەگەر ئەوە یەکسەر قسە بکا. ژیولی هەندێ بیرۆکە هەن، نەدەبوو کەس گوێیان بۆ بگرێ. ئەمە باش نییە، کە وەکو منداڵ لە کاتی لەدایکبووندا یەکسەر دەقیژێن، ئەمە باش نییە.

**ژیولی:** ژۆرژ، ژۆرژ، خوا زەینت بۆ بهێڵێتەوە، دەمناسیتەوە؟

**دانتۆن:** ئەی بۆچی نا، تۆ مرۆڤی و ئەمجا ژنی و لە کۆتاییدا ژنی منی، زەویش شەش بەشی هەیە، ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمەریکا و ئوسترالیا و دووجار دوویش دەکاتە چوار. من شێت نەبوومە، دەبینی. بە قیژە نەدەوترا سێپتەمبەر؟ شتێکی وا نەدەوترا؟

**ژیولی:** بەڵێ دانتۆن، بەناو هەموو ژوورەکاندا گوێم لێی بوو.

**دانتۆن:** کاتێ چوومە بەردەم پەنجەرەکە. (سەیری دەرەوە دەکا)، شار خامۆشە، هەموو ڕووناکییەکان کوژاونەتەوە...

**ژیولی:** منداڵێک لەم نزیکە دەقیژێنێ.

**دانتۆن:** کاتێ چوومە بەردەم پەنجەرەکە بەناو هەموو کۆڵانەکاندا بە دەم قیژە و هاوارەوە دەوترا: سێپتەمبەر!

**ژیولی:** دانتۆن تۆ خەونت بینی. بەسەر خۆتدا زاڵ بە.

**دانتۆن:** خەونت بینی؟ بەڵێ خەونم بینی، بەڵام ئەمە بەجۆرێکی تر بوو، یەکسەر دەمەوێ پێتی بڵێم، سەری داماوم لاوازە، هەر ئێستا! ئێستا دۆزیمەوە! لەژێرمدا گۆی زەوی بەخێرایی خۆی قرخەی

لێوە هات، وەکو ئەسپێکی کێوی گرتم، بە کۆئەندامی گەورەوە دەستم خستە یاڵەکەیەوە و خۆم لە پەراسووەکانی توند کرد، سەرم بەرەو خوارەوە نزم کردبووەوە، قژەکەم بەسەر زەوییەوە دەشەکایەوە. بەو جۆرە پەلکێش کرام. لە ترسدا هاوارم کرد و بێدار بوومەوە. چوومە بەردەم پەنجەرەکە ژیولی لەوێ گوێم لێی بوو.

تەنیا وشە چی دەوێ؟ بۆچی ئەو شتە، چ پێوەندیی بە منەوە هەبوو. بۆچی دەستی خوێنینم بۆ درێژ دەکرێ؟ من پێمدا نەکێشا.

ژیولی کۆمەکم بکە، زەینم کول بووە. ژیولی لە سێپتەمبەردا نەبوو.

**ژیولی:** پاشاکان ٤٠ سەعات لە پاریسەوە دوور بوون...

**دانتۆن:** قەڵاکان ڕووخان، ئەریستۆکراتەکان لە شارن.

**ژیولی:** کۆمار لە دەست چوو.

**دانتۆن:** بەڵێ لە دەست چووە. نەمانتوانی دوژمن لە پشتی خۆمانەوە بەجێ بهێڵین، ئەگینا شێت بووین، دوو دوژمن بەسەر تەختەدارێکەوە، ئێمە یان ئەوان، بەهێزتر لاوازتر دەخاتە خوارەوە، ئاخۆ ئەمە نابەجێ نییە؟

**ژیولی:** بەڵێ، بەڵێ.

**دانتۆن:** ئێمە لێمان دان، ئەمە کوشتن نەبوو، ئەمە جەنگی ناوەوە بوو.

**ژیولی:** تۆ نیشتمانت قورتار کرد.

**دانتۆن:** بەڵێ کردم. ئەمە بەرگری لەخۆکردن بوو، دەبوو بیکەین.

پیاوەکەی سەر خاچ ژیانی خۆی خۆش کردبوو: شتی ناپەسند دەبێ ببێ، بەڵام قوڕ بەسەر ئەو کەسەی، لە ڕێیەوە ناپەسندی پەیدا دەبێت.

دەبێ، ئەمە ناچاری بوو. کێ دەیەوێ ئەو دەستە نەفرەت لێ بکا، کە نەفرەتی ناچاریی کەوتبێتە سەر؟ کێ وتی ناچاری، کێ؟ ئەوە چییە، کە لە ناخماندا قەحبەیی دەکا، درۆ دەکا، دزی دەکا و دەکوژێ؟.

ئێمە بووکەڵەین بەسەر تەلەوە، زەبروزۆری نادیار ڕامان دەکێشێ؛ هیچ ئێمە خۆمان نین! ئێمە ئەو شمشێرانەین کە خێوەکان شەڕی پێ دەکەن، وەکو لە مەتەڵدا مرۆڤ تەنیا دەستەکان نابینێ.

ئێستا بێدەنگ دەبم.

**ژیولی:** زۆر بێدەنگ، دڵی ئازیز؟

**دانتۆن:** بەڵێ ژیولی وەرە ناو جێوە.

## دیمەنی شەشەم

جادەیەک لە بەردەم خانووەکەی دانتۆندا

سیمۆن، چەند سەربازێک.

**سیمۆن:** بە شەو چەند دوورە؟

**هاووڵاتیی یەکەم:** چی بە شەو؟

**سیمۆن:** شەو چەند دوورە؟

**هاووڵاتیی یەکەم:** ئەوەندە دوورە وەکو دووریی نێوان خۆر هەڵاتن و خۆر ئاوابوون...

**سیمۆن:** نەگبەت، سەعات چەندە؟

**هاووڵاتیی یەکەم:** سەیری عەقرەبی سەعاتەکەت بکە؛ ئێستا ئەو کاتەیە کە لەژێر لێفەکاندا کڵاو دەدوورن.

**سیمۆن:** دەبێ بچینە سەرەوە! برۆ هاووڵاتی! ئێمە بە سەرمان کەفالەتی ئەوە دەکەین. مردوو یان زیندوو! کۆئەندامەکانی زۆر قەبەن. من لە پێشەوە دەڕۆم، هاووڵاتی. ڕێگەیەک بۆ ئازادی! مشووری ژنەکەم بخۆن! کڵاوەبەڕووی بۆ بەجێ دەهێڵم.

**هاووڵاتیی یەکەم:** کڵاوەبەڕوو؟ بەبێ ئەوەش دەبێ هەموو ڕۆژێک بەڕوویەکی زۆر بکەونە سەر کۆشی.

**سیمۆن:** بۆ پێشەوە هاووڵاتییان، ئێوە دەبنە مایەی شانازی بۆ نیشتمان.

**هاووڵاتی:** من دەمویست نیشتمان بۆ ئێمە ببێتە مایەی شانازی؛ لەگەڵ هەموو ئەو برینانە، کە ئێمە لە جەستەی ئەوانی ترمان کردووە، تاقە یەکێک لە ئێمەدا نەکراوە.

**هاووڵاتی:** دەتەوێ کە بەروانکەی پانتۆڵەکەت دابخرێ؟ ها، ها، ها.

ئەوانی تر: ها، ها، ها.

**سیمۆن:** بڕۆن، بڕۆن!

(خۆیان دەپەستەکێننە ماڵی دانتۆنەوە).

## دیمەنی حەوتەم

ئەنجـوومەنی نەتەوەیی

گرووپێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن

**لێژاند:** ئاخۆ ئەم قەسابخانەیەی ئەندامانی ئەنجوومەن نابڕێتەوە؟ ئەگەر دانتۆن بکەوێ کێی تر دڵنیایە؟

**ئەندامێک:** چی بکەین؟

**یەکـێکی تر:** دەبێ لە بەردەم چەپەرەی ئەنجـوومـەندا گوێی لـێ بگیـرێ. سـەرکـەوتنـی ئەم هۆکـارە مـسـۆگـەرە، ئەوان دەتوانن بـە چی بەرپەرچی دەنگەکەی بدەنەوە؟

**یەکێکی تر:** ئەمە مەحاڵە، فەرمانێک ڕێمان لێ دەگرێ.

**یەکـێکی تر:** دەبێ ئەم فـەرمـانـە بگەڕێتـەوە یان ڕێ بە ئـاوارتەییـیـەک بدرێ. من ئەم داوایە دەخـەمـە ڕوو. من حـسـێب بۆ پشـتگیـریی ئێوە دەکەم.

**سەرۆک:** دانیشتنەکە دەستی پێ کرد.

**لێـژاند:** (دەچێـتـە سـەر سـەکـۆکـە): شـەوی ڕابردوو چوار ئەندامی ئەنجـوومـەنی یاسـادانان گیـراون. دەزانم دانتـۆن یەکێکە لەوان، ناوی ئەوانـی تر نازانم. هـەرچ کـەسـێک بـن با بـن، داوا دەکـەم، کـە لە بەردەم چەپەرەدا گـوێیـان لێ بگیـرێ. هـاووڵاتیـیـان، من ڕوونی دەکـەمـەوە، مـن دانتـۆن بەهـەمـان شـێـوە بە پاک دەزانم وەکـو خـۆم و لـەو بڕوایەدا نـیم، بتـوانرێ هـیـچ سـەرکـۆنەیـەکم

بکرێ. من نامەوێ هێرش بکەمە سەر ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن یان سەر لێژنەی ئاسایش، بەڵام هۆکاری ڕەوا وام لێ دەکەن ترسی ئەوەم هەبێ ڕقی شەخسی و جۆشوخرۆشی شەخسی بتوانن ئازادیی پیاوەکان داگیر بکەن، کە گەورەترین خزمەتیان بە ئازادی کردووە. ئەو پیاوەی لە ڕێی وزەی ئەوەوە لە ساڵی ١٧٩٢دا فەرەنسا بە ئازادیی خۆی گەیشت، شایستەی ئەوەیە گوێی لێ بگیرێ، دەبێ بۆی هەبێ خۆی ڕوون بکاتەوە ئەگەر بەناپاکیی گەورە بدرێتە دادگە.

(پشێویی توند).

**چەند دەنگێک:** ئێمە پشتگیریی پێشنیازەکەی لێژاند دەکەین.

**ئەندامێک:** ئێمە بەناوی گەلەوە لێرەین، ناتوانن بەبێ ویستی هەڵبژێرەکانمان لە جێی خۆمان لامان بەرن.

**یەکێکی تر:** وشەکانتان بۆنی تەرمیان لێ دێ، ئێوە لە دەمی گیرۆندییەکانتان وەرگرتووە. ئیمتیازتان دەوێ؟ تەوری یاسا بەسەر هەموو سەرەکانەوە دێت و دەچێ.

**یەکێکی تر:** ئێمە ناتوانین ڕێ بەلێژنەکانمان بدەین، یاسادانەران لە پەنای یاساوە ڕەوانەی سەرپەڕینگە بکەن.

**یەکێکی تر:** تاوان پەنای نییە، تەنیا ئەو تاوانانە لەسەر عەرش ڕوو دەدەن کە تاجیان لەسەرە.

**یەکێکی تر:** تەنیا ناکەسبەچە داوای مافی پەنادان دەکەن.

**یەکێکی تر:** تەنیا بکوژان ددانی پێدا نانێن.

**ڕۆبسپییێر:** ئەوەی کە لەمێژەوە لەم کۆبوونەوەیەدا شڵەژان ڕوو نادا دەیسەلمێنی، کە مەسەلەکە پێوەندیی بە شتی گەورەوە هەیە.

ئەمـڕۆ بڕیار دەدرێ ئاخـۆ چەند پیـاوێک سـەرکـەوتن بەسـەر نیشماندا بەدەست دەهێنن.

چۆن دەتوانن ئەوەندە نکوڵی لە بنەماگەکانتان بکەن، بۆ ئەوەی ئەمـڕۆ ڕێی ئەوە بەچەند تاکـێک بدرێ، کـە دوێنێ بە شـابو. دێلاونی و فـابرتان نەدا؟ ئەم جیـاوازییـە بە قـازانجی چەند پیاوێک چی دەگەیەنێ؟ ئەو ستایشـانە چی لێ بکەم، کە مرۆڤ هی خۆی یان هاوڕێکانی دەکا؟ تەنیا ئەزموونی زۆر پێشانیان داین، ئێمە چاوەڕوانی چییان لێ بکەین. ئێمە پرسیاری ئەوە ناکەین ئاخۆ پیاوێک ئەم یان ئەو ڕەفتارە نیشتمانپەروەرانەیەی بەجێ هێناوە، ئێمە پرسیاری هەموو ڕەوتە سیاسییەکەی دەکەین.

بەوە دەچێ لێـژاند ناوی گـیـراوەکـان نەزانێ، سـەرجـەمی ئەنجوومەن دەیزانێ. لاکروای هاوڕێی لەگەڵیاندایە. بۆچی بەوە دەچێ لێژاند ئەوە نەزانێ؟ لەبەرئەوەی دەزانێ، تەنیا بێشەرمی دەتوانێ بەرگـری لە لاکـروا بکا. تەنیـا ناوی دانتـۆنی هێنا، لەبەرئەوەی لەو بڕوایەدایە ئیمـتیـازێک بەم ناوەوە بەسـتراوە. نەخێر، ئێمە ئیمتیازمان ناوێ، ئێمە بتمان ناوێ!

(چەپڵە).

دانتۆن چی لە لافایت، لە دیوموری، لە بریزو، فابر، شابو، ئێبێر باشترە؟ چی لەبارەی ئەمەوە دەڵێن، کە لەبارەی ئەوانەی ترەوە نەتوانرێ بوترێ،؟ ئەویشتان بەهەمان شێوە پاراست؟ بە چی شایانی باشتر مامەڵەکردنە لە هاووڵاتییەکانی؟

ئاخۆ لەبەرئەوەی چەند تاکێکی هەڵخەڵەتێنراو و خەڵکی تر، کە

نەیانهێشت هەڵخەڵەتێنرێن، لە دەوری ڕیزیان بەست بۆ ئەوەی بە گوێڕایەڵی بکەونە باوەشی بەختەوەری و دەستەڵاتەوە؟ هەتا زیاتر خیانەتی لە نیشتمانپەروەرەکان کرد، کە متمانەیان پێی هەبوو، ئەوەندە زیاتر بەجەختەوە دەبێ توندیی هاوڕێیانی ئازادی هەست پێ بکا.

دەیانەوێ بە بەدبەکارهێنانی ئەو زەبروزۆرە بتانترسێنن، کە خۆتان بەکارتان هێناوە. مرۆڤ لەبەر ستەمکاریی لێژنەکان دەقیژێنی، وەکو ئەو متمانەیەی گەل بەئێوەی بەخشیوە و ئێوەش بە لێژنەکانتان داوە گەرەنتیی دڵنیاییی نیشتمانپەروەرییان نەبێ. مرۆڤ خۆی وا لێ دەکا وەکو لە ترسدا هەڵبلەرزێ. بەڵام من پێتان دەڵێم، ئەوەی لەم چرکەساتەدا بترسێ تاوانبارە. چونکە هەرگیز بێتاوانی لە بەردەم هۆشیاییی گشتیدا ترسی نییە.

(هەموو چەپڵەی بۆ لێ دەدەن).

ویستیان منیش بترسێنن، پێیان وتم، کە ئەو مەترسییەی لە دانتۆن نزیک دەبێتەوە، دەتوانێ بگاتە لای منیش.

بۆیان نووسیم، هاوڕێکانی دانتۆن دەورەیان دام بەو بڕوایەوەی بیرەوەریی پێوەندییەکی کۆن، بڕوای کوێرانە بە فەزیلەتی مەراییگەر دەتوانن بەو ئاقارەمدا ببەن جۆشوخرۆش و هەست و سۆزم بۆ ئازادی کەم ببێتەوە.

من لێرەدا ڕوونی دەکەمەوە، هیچ شتێک نابێ ڕێم لێ بگرێ و مەترسی دانتۆنیش دەبێ ببێتە هی من. ئێمە هەموومان پێویستمان بە کەمێک پڕکێشی و گەورەییی ڕۆح هەیە. تەنیا

تاوانباران و ڕۆحە بوودەڵەکان لەوە دەترسن هاوشێوەی خۆیان ببینن لە تەنیشتیانەوە دەمرن، لەبەرئەوەی ئەوان ئەگەر پۆلێک هاوتاوان زیاتر بیانشارێتەوە، دەبینن کەوتوونەتە بەر تیشکی ڕاستی. بەڵام ئەگەر ڕۆحی لەو شێوەیە لەم کۆبوونەوەیەدا هەبێ، ئەوا ڕۆحی پاڵەوانانەش هەیە. ژمارەی هەرچیوپەرچییەکان زۆر نییە. ئێمە دەبێ تەنیا چەند سەرێک بپەڕێنین و نیشتمان ئازاد دەبێ.

(چەپڵە).

من داوا دەکەم کە پێشنیازەکەی لێژاند ڕەت بکرێتەوە.

(وەکو ئاماژەی ڕازیبوون هەموو ئەندامەکان هەڵدەستنە سەرپێ).

**سان ژیوست:** بەوە دەچێ لەم کۆبوونەوەیەدا چەند گوێیەکی هەستیار هەبن، کە ناتوانن تەحەمولی وشەی خوێن بکەن. چەند تێڕامانێکی گشتی دەتوانن قەناعەتیان پێ بکەن، کە ئێمە لە سروشت و لە کات دڵڕەقتر نین. سروشت بەهێمنی و بەبێ بەرهەڵستی یاساکانی خۆی پەیڕەو دەکا، لەو شوێنەدا مرۆڤ لەگەڵیان بکەوێتە گێرمە و کێشەوە لەناو دەبرێ. گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەکانی هەوادا، نێڵەیەکی ئاگری ناو زەوی، جووڵانەوەیەک لە هاوکێشەی بارستاییەکی ئاودا و پەتایەک، تەقینەوەی ڤوڵکانێک، لافاوێک هەزاران دەکەنە ژێرەوە. ئەنجام چییە؟ گۆڕانێکی فیزیکیی ناگرینگ، بەشێوەیەکی گشتی بەحاڵ هەستی پێ دەکرێ، کە بەبێ ئەوەی جێپەنجە جێ بهێڵێ، ئەگەر تەرم لەسەر ڕێگەکەی نەکەوتبێ بەسەردەچێ.

من ئێستا دەپرسم: ئاخۆ سروشتی ئاکاری لە شۆڕشەکانیدا زۆرتر لە سروشتی فیزیکی ڕەچاو بکات؟ ئاخۆ نابێ بیرۆکەیەک وەکو یاسایەکی فیزیا بتوانێ ئەو خەڵکە لەناوبەرێ، کە بەرهەڵستی دەکا. ئاخۆ بەشێوەیەکی گشتی ڕووداوێک، کە سەرجەمی سیمای سروشتی ئاکار، واتە مرۆڤایەتی دەگۆڕێ، بۆی نییە بەناو خوێندا بڕوا. ڕۆحی جیهان لە فەزای ئەقڵدا بەهەمان شێوە دەستمان بەکار دەهێنێ، وەکو چۆن لە فیزیادا ڤوڵکان یان لافاو بەکار دەهێنێ. چی تێدایە ئاخۆ بە پەتا دەمرن یان بە شۆڕش؟–

هەنگاوەکانی مرۆڤ لەسەرخۆن، مرۆڤ تەنیا دەتوانێ دوای چەندان سەدە بیانژمێرێ، لە پشتی هەر یەکێکەوە گۆڕی چەندان وەچە قووت دەبنەوە. گەیشتن بەئاسانترین دۆزینەوە و بنەماگە ژیانی چەندان ملیۆنی تێ چووە، کە بە دەم رێگەوە مردن. ئاخۆ ئەوە ئاسان نییە، کە لە کاتێکدا ڕەوتی مێژوو خێراترە، مرۆڤی زۆرتر هەناسەیان لێ ببڕێ؟

ئێمە خێرا و سادە ئەنجامگیری دەکەین: لەبەرئەوەی هەموو لە هەمان هەلومەرجدا دەخوڵقێنرێن، واتە هەموو یەکسانن، ئەو جیاوازییانەی لێ دەرچێ، کە سروشت خۆی خوڵقاندوویەتی.

لەبەر ئەوە دەبێ هەموو کەسێک لایەنی باشی هەبێ و لەبەر ئەوەش کەس نابێ مافی تایبەتی هەبێ، نە تاک، نە چینێکی بچووک یان گەورەی تاکەکان. هەموو بەشێکی ئەم ڕستە لە ڕاستیدا بەکار هێنراوە مرۆڤەکانی کوشتووە. ١٠ی تەمووز، ١٠ی ئاب، ٣١ی مایس نیشانەکانی جیاکارین. چوار ساڵ کاتی

پێویست بوو بۆ ئەوەی ببرێتە ناو جیهانی جەستەوە، لە بارودۆخی ئاساییدا سەدان ساڵی پێویست دەبوو و بە چەندان وەچە جیا دەکرایەوە. ئاخۆ ئەمە نیشانەی سەرسوورمانە، کە تەوژمی شۆڕش لە هەموو بازێکدا لە هەموو پێچاوپێچێکدا تەرمەکان فڕێ دەداتە دەرەوە؟

ئێمە هێشتا دەبێ چەند ئەنجامگیرییەک بخەینە سەر ڕستەکانمان، ئەگەر چەند سەد تەرمێک ڕێمان لێ بگرن ئەمە بکەین؟

مووسا گەلەکەی بەناو دەریای سوور و بیاواندا برد هەتا وەچەی کۆنی گەنیو لەناو چوو، پێش ئەوەی دەوڵەتی تازە دامەزرێنێ. یاسادانەر! ئێمە نە دەریای سوورمان هەیە نە بیاوان بەڵام ئێمە جەنگ و سەربڕینگەمان هەیە.

شۆڕش وەکو کچەکانی پێلیاس[٥٧] وایە؛ مرۆڤ پارچە پارچە دەکا، بۆ ئەوەی گەنجیان بکاتەوە. مرۆڤ وەکو بۆ یەکەمین جار خوڵقێنرابێ لە مەنجەڵی خوێنەوە وەکو زەوی لە شەپۆلی لافاوی گوناهەوە بە کۆئەندامی زۆر بەهێزەوە ڕادەبێ.

(چەپڵەیەکی درێژخایەن. چەند ئەندامێک بە جۆشوخرۆشەوە هەڵدەستنە سەرپێ).

داوا لە هەموو دوژمنە هیچوپووچەکانی ستەمکاری دەکەین، کە لە ئەوروپا و لە سەرتاپای گۆی زەوی خەنجەرەکەی بروتوسیان لەژێر جلەکانیانەوە هەڵگرتووە لەگەڵ ئێمەدا بەشداریی ئەم چرکەساتە بەرزە بن.

(گوێگران و ئەندامانی ئەنجوومەن مارسەی[٥٨] دەڵێن).

# پەردەی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

لویکسمبیور[٥٩]

هۆڵێکی زیندان

شۆمێت، پێن، مێرسیێ، ئێرۆ – سێشێل و زیندانی تر

**شۆمێت:** (قۆڵی پێنێ ڕادەکێشێ): گوێ بگرن پێن، لەوانەیە وا بێ، پێشووتر بەسەرمدا هات؛ ئەمڕۆ سەرم دێشێ، بەبڕیارەکانت کەمێک یارمەتیم بدە، زۆر بێتاقەتم.

**پێن:** ئاناکساگۆراسی فەیلەسووف وەرە وانەی ئاینت پێ بڵێمەوە. خوا نییە، چونکە: یان خوا جیهانی دروست کردووە یان دروستی نەکردووە. ئەگەر ئەو نەیخوڵقاندبێ ئەوا جیهان هۆکارەکەی لە خۆیدایە و خوا نییە، چونکە خوا تەنیا لەو ڕێیەوە دەبێ بە خوا، کە هۆکاری هەموو بوونێکی لەخۆ گرتبێ.– بەڵام خوا نابێ جیهانی خوڵقاندبێ، چونکە یان ئەفرێنەر جاویدانە وەکو خوا، یان سەرەتایەکی هەیە. ئەگەر ئەمەی دواییان بێ دەبێ خوا لە چرکەساتێکی دیاریکراودا خوڵقاندبێتی، دەبێ خوا دوای ئەوەی پشوویەکی زۆر درێژی داوە ئەمجا دەستی بەکار کردبێ، واتە دەبێ لە ناخی خۆیدا ئازاری گۆڕانکارییەکی کێشابێ، کە دەتوانرێ چەمکی کاتی بۆ بەکار بهێنرێ، کە هەردووکیان دژی جەوهەری خوا دەجەنگن. کەواتە نابێ خوا جیهانی خوڵقاندبێ. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە زۆر بەئاشکرا دەزانین، کە جیهان یان کە

ئێگۆی ئێمە بەلای کەمەوە لە ئارادایە و واتە بەپێی ئەوەی پێشوو دەبێ هۆکارەکەیشی لە خۆیدا یان لە شتێکدا بێ، کە خوا نییە، واتە نابێ خوا هەبێ – ئەمەش سەلمێنرا.

**شۆمێت:** ئاخ بەڕاستی، ئەمە دیسان ڕووناکیم پێ دەبەخشێ، سوپاس، سوپاس.

**مێرسیێ:** پێن، ڕاوەستن، بەڵام ئەگەر ئەفرێنەر جاویدان بێ؟

**پێن:** ئەمجا ئیتر ئەفرێنەر نییە، ئەمجا لەگەڵ خوا یان سیفەتی ئەودا یەکە، وەکو سپینۆزا دەڵێ، ئەمجا خوا لە هەموو شتێکدایە، بەڕێزترین لە ئێوەدا، لە ئەناکساگرۆسی فەیلەسووف و لە مندا؛ ئەمە هێندە نەنگ نەدەبوو، بەڵام دەبێ ددانی پێدا بنێن، کە زۆر پێوەندیی بەخاوەن شکۆی ئاسمانەوە نییە، کاتێ خوای گەورە لە هەر یەکێک لە ئێمەدا تووشی دانیەشە دەبێ، سووزەنەک دەگرێ، زیندەبەچاڵ دەکرێین یان بەلای کەمەوە بتوانێ ئەو وێنا ناخۆشانەی بۆی هەبێ.

**مێرسیێ:** بەڵام دەبێ هۆکارێک هەبێ.

**پێن:** کێ نکووڵی لەمە دەکا؛ بەڵام کێ پێتان دەڵێ، ئەم هۆکارە ئەوەیە، چی ئێمە وا لێ دەکا وێنای خوا، واتە وەکو تەواو بیری لێ بکەینەوە؟ ئێوە جیهان بەتەواو دەزانن؟

**مێرسیێ:** نەخێر.

**پێن:** ئەی چۆن دەتانەوێ لە کاریگەرییەکی ناتەواوەوە ئەنجامگیریی هۆکارێکی تەواو بکەن؟

ڤۆڵتێریش لەگەڵ خوادا پڕکێشیی نەکرد، هەروەکو چۆن پڕکێشیی نەکرد لەگەڵ پاشاکاندا تێکی بدا، لەبەر ئەوە کردی.

ئەگەر کەسێک جارێک لە جاران جگە لە عەقڵ هیچی تری نەبێ و تەنانەت شێلگیرانە نەزانێ بەکاری بهێنێ، یان پڕکێشی نەکا بەکاری بهێنێ ئەوا نەزانە.

**مێرسیێ:** بەپێچەوانەوە من پرسیار دەکەم ئاخۆ هۆکارێکی تەواو دەتوانێ کاریگەرییەکی تەواوی هەبێ واتە ئاخۆ شتێکی تەواو دەتوانێ شتێکی تەواو بخوڵقێنێ؟ ئاخۆ ئەمە مەحاڵ نییە، لەبەرئەوەی شتە خوڵقێنراوەکە هەرگیز ناتوانێ هۆکارەکەی لە خۆیدا هەبێ، وەکو ئێوە وتتان سەر بەتەواوییە؟

**شۆمێت:** بێدەنگ بن! بێدەنگ بن!

**پێن:** فەیلەسووف هێمن ببەرەوە. ئێوە ڕاست دەکەن؛ بەڵام ئەگەر پێویست بکات خوا جارێک لە جاران شتێک بخوڵقێنێ، ئەگەر بتوانێ تەنیا شتێکی ناتەواو بخوڵقێنێ، ئەوا سڵی لێ دەکاتەوە و بەتەواوی بەدەست لێنەدراوی دەیهێڵێتەوە. ئاخۆ ئەوە زۆر مرۆڤانە نییە، بتوانین خوا تەنیا وەکو خوڵقێنەر وێنا بکەین؟ لەبەرئەوەی ئێمە هەمیشە دەبێ خۆمان بهەژێنین و ڕاوەشێنین بۆ ئەوەی تەنیا بتوانین بەخۆمان بڵێین: ئەوە ئێمەین! ئاخۆ دەبێ ئەم پێویستییە کڵۆڵەش بۆ خوا بهۆنینەوە؟ ئاخۆ دەبێ، ئەگەر ڕۆحمان بچێتە ناو جەوهەری پیرۆزییەکی هارمۆنی هێوری جاویدانەوە، یەکسەر گریمانەی ئەوە بکرێ پەنجەی درێژ بکا و ڕەفتاری ناڕەزاییانە و وەڕسکەرانە بکا؟ لەبەر پێویستیی زۆرمان بەخۆشەویستی، وەکو چۆن بە نهێنی بە گوێی یەکتردا دەیڵێین. ئاخۆ دەبێ هەموو ئەم شتانە بکەین، تەنیا بۆ ئەوەی خۆمان بکەینە کوڕی خوا؟ من بەباوکێکی

بچـووکـتـر دڵی خـۆم خـۆش دەکـەم، بە لای کـەمـەوە نـاتوانم بانگەشــەی ئەوەی بۆ بکەم، کـە لـەژێر پێگەکـەیەوە لە تەویلـەی بەرازدا یان لەسەر کەشتیی سزا پەروەردەی کردووم.

ئەوەی ناتـەواوە لایبـەن، ئەوسـا دەتوانن بەتـەنیـا نمایشـی خـوا بکەن، سـپـینۆزا هـەوڵی ئەمـەی دا. مـرۆڤ دەتوانێ نکووڵی لە بـەدی بکا بـەڵام نەک لـە ئازار؛ تـەنیــا عـــەقڵ دەتوانـێ خـــوا بسـەلمێنێ، هـەست لێی توورە دەبێ. ئاناکساگۆراس، سـەرنجی ئەوە بدە، من بۆچی ئازار دەچێژم؟ ئەمە گابەردی خوانەناسییە. بچـووکـتـرین لـەرزینـەوەی ئازارە و تەنیــا لە گــەردیلـەیەکــدا دەکـەوێتـە جـووڵە، درزێک لە سـەرەوە بۆ خـوارەوە لە بوونەوەردا دەکا.

**مێرسیێ:** ئەی ئاکار؟

**پێن:** لەپێشدا لە مـۆراڵدا خوا دەسەلمێنن و ئەمجا لە خـوادا ئاکار. ئێوە بە ئاکـارتانەوە چیتــان دەوێ؟ من نازانم خـۆی لە خـۆیدا و بۆ خۆی شتی باش و شتی خراپ هەیە و لەبەر ئەوە پێویستم بەوە نییە شـێوەی ڕەفتارم بگۆڕم. من بەپێی سـروشتی خـۆم ڕەفتـار دەکـەم، ئەوەی بۆ ئـەو گـونجـاو بێ، بۆ من باشـە و مـن دەیکەم، ئەوەی ئـەو حــەزی لێی نەبێ، بۆ من بـەدە و من نایکـەم و کــاتێ بێتـە سـەرە ڕێگەم دژی بەرگـری لە خـۆم دەکـەم. ئێـوە دەتوانن، وەکو دەوترێ، بەفەزیلـەت بمێننـەوە و لە دژی ئەو شتـەی بە نەنگ ناو دەبرێ بـەرگـری لە خـۆتان بکەن، بەبێ ئەوەی پێـویسـت بکا لەبەر ئەوە ڕقتان لە نەیارەکانتان ببێتەوە، کە ئەمـەش هـەستێکی غەمگینە.

**شۆمێت:** ڕاستە، زۆر ڕاستە.

**ئێرۆ:** ئای ئاناکساگۆراسی فەیلەسووف، بەڵام مرۆڤ دەشتوانێ بڵێ، بۆ ئەوەی خوا هەموو شتێک بێت، دەبێ پێچەوانەی خۆیشی بێ، واتە سەرومەڕ و ناسەرومەڕ بێ، باش و خراپ، شاد و غەمگین، بێگومان ئەنجامەکە یەکسانە بە سفر، هەر شتە و ئەوی تر لادەبا، بەهیچ ئەنجامێک ناگەین.

دڵت خۆش بێ، تۆ بە بەختەوەری دەردەبەی، تۆ دەتوانی بەهێمنی لە مەدام مۆمۆرۆدا[٦٠] نوێژ بۆ کاری وەستایانەی سروشت بکەی، بەلای کەمەوە چەپکەگوڵەکانی لەسەر ڕەفەکان بۆ بەجێ هێشتووی.

**شۆمێت:** بەڕێزانم، من سوپاسێکی دڵسۆزانەتان دەکەم.

(دەڕوا)

**پێن:** هێشتا متمانەی نییە، لە کۆتاییدا بە ڕۆنی پیرۆز ناوچەوانی چەور دەکرێ، ڕووی پێیەکانی دەکاتە مەکە و خەتەنە دەکرێ، بۆ ئەوەی ڕێی لێ ون نەبێ.

(دانتۆن، لاکروا، کامی، فیلیپۆ دەهێنرێنە ژوورەوە).

**ئێرۆ:** (بەرەو دانتۆن ڕادەکا و باوەشی پێدا دەکا): بەیانیت باش، دەبوو بڵێم شەوباش. ناتوانم بپرسم چۆن خەوتی. چۆن دەخەوی؟

**دانتۆن:**: ئێستا باشە، مرۆڤ دەبێ بەدەم پێکەنینەوە بچێتە نێو جێخەوەوە.

**مێرسیێ:** (بە پێن): ئەم دۆگە[٦١] بەباڵی کۆترەوە! ئەو بلیمەتی بەدناکی

شۆڕشە، پڕکێشی کرد و پەلاماری دایکی دا، بەڵام دایکی لەو بەهێزتر بوو.

**پێن:** ژیان و مردنی وەکو یەک بەدبەختین.

**لاکرۆ:** (بە دانتۆن): لەو بڕوایەدا نەبووم وا خێرا دێن.

**دانتۆن:** من زانیم، پێشووتر ئاگەدار کرابوومەوە.

**لاکروا:** ئەی تۆ هیچت نەوت؟

**دانتۆن:** لەبارەی چییەوە؟ بەجەڵدە مردن باشترین مردنە، ویستت پێشووتر نەخۆش بکەوی؟ – لەو بڕوایەدا نەبووم پڕکێشیی ئەوە بکەن.

(بە ئێرۆ): باشترە خۆت بخەیتە ژێر خاکەوە وەکو لەوەی جەستەت تلۆق بکا؛ پێم خۆشترە ببێ بە سەرین لەوەی ببێ بە کورسی.

**ئێرۆ:** بەلای کەمەوە پەنجەی مێخەکەیی بە ڕوومەتی خانمە شۆخە ڕزیوەکەدا ناهێنین.

**کامی:** (بە دانتۆن): خۆت هیلاک مەکە. تۆ دەتوانی ئەوەندەی تر زمانت هەتا ملت درێژ بکەیتەوە، بەڵام ناتوانی ئارەقەی مەرگی لە تەوێڵت پێ بلێسیتەوە. ئای لیوسیل! ئەمە دەردێکی گەورەیە.

(زیندانییەکان بە پاڵەپەستەکێ بەیەکەوە لە دەوری زیندانییە تازەگەیشتووەکان کۆ دەبنەوە).

**دانتۆن:** (بە پێن): ئەوەی ئێوە بۆ خۆشیی وڵاتەکەتان کردتان، من بۆ وڵاتەکەی خۆم هەوڵم بۆی دا. من کەمتر بەختەوەر بووم، بۆ سەرپەڕینگەم دەنێرن، با وا بێ، من پێم هەڵناکەوێ.

**مێرسیێ:** (بە دانتۆن): خوێنی بیست و دووەکە دەتخنکێنێ.

**زیندانییەک:** (ڕوو دەکاتە ئێرۆ): دەسەڵاتی گەل و دەسەڵاتی عەقڵ یەکن.

**یەکێکی تر:** (بە کامی): ئێستا بەڕێوەبەری گشتیی ستوونەکان، چاککردنی تۆ بۆ ڕووناکیی شەقامەکان فەرەنسای ڕووناکتر نەکردەوە.

**یەکێکی تر:** وازی لێ بهێنن! ئەوە لێوەکان بوون کە وشەی بەزەییان گۆ کرد.

(ئامێز بە کامیدا دەکا، چەندان زیندانی تر چاو لەو دەکەن).

**فیلیپۆ:** ئێمە قەشەین، لەگەڵ ئەوانەدا نزامان کرد کە دەمرن، ئێمە تووش بووینە و بە هەمان پەتا دەمرین.

**چەند دەنگێک:** ئەو تەشقەڵەیەی بەئێوە دەکرێ، هەمووومان دەکوژێ.

**کامی:** بەڕێزانم من زۆر سکاڵای ئەوە دەکەم، کە هەوڵەکانمان هێندە بێ بەر بوون، من دەچمە سەر سەرپەڕینگە، لەبەرئەوەی چاوەکانم لەبەر چارەنووسی چەند نەگبەتێک فرمێسکیان تێ زاوە.

## دیمەنی دووەم

ژوورێک

فۆکێ تانڤیل، ئێرمان

**فۆکێ:** هەموو شتێک ئامادەیە؟

**ئێرمان:** زەحمەت دەبێ؛ ئەگەر دانتۆنیان لەگەڵ نەبوایە ئاسان دەبوو.

**فۆکێ:** دەبێ لەپێش ئەوانی تردا سەما بکا.

**ئێرمان:** سوێندخۆرەکان دەترسێنێ؛ ئەو داهۆڵی شۆڕشە.

**فۆکێ:** سوێندخۆرەکان دەبێ ئەوەیان بوێ.

**ئێرمان:** چارەسەرێک پێ دەزانم، بەڵام یاسا پێشێل دەکا.

**فۆکێ:** دەی بیڵێ.

**ئێرمان:** ئێمە تیروپشک ناکەین، بگرە کەسە بەخۆکان هەڵدەبژێرین.

**فۆکێ:** دەبێ ئەمە ببێ. ئەمە شکاندنی چەند نیشانەیەکە بە یەک بەرد. نۆزدە کەسن. لێزانانە تێکەڵ کراون. چوار تەزویرچییەکە، ئەمجا چەند بازرگان و نامۆیەک. دادگەکە توندوتیژە. گەل پێویستی بەشتی وایە. واتە خەڵکێکی دڵسۆز! بۆ نموونە وەکو کێ؟

**ئێرمان:** لێرۆی، کەرە و گوێی لە هیچ لەو شتانە نییە کە شکات لێکراوەکان دەیڵێن، دانتۆن دەتوانێ ئەوەندە هاوار بکا تا قورگی دەنووسێ.

**فۆكێ:** زۆر باشه، بەردەوام به.

**ئێرمان:** ڤیلێت و لۆیمیر، یەکێکیان هەمیشه له مەیخانەیه و ئەوی تر هەمیشه دەخەوێ، هەردووکیان تەنیا کاتێک دەمیان دەکەنەوه که وشەی تاوانبار! بڵێن.

گیرار ئەو بنەماگەیەی هەیه، نابێ کەس قورتاری بێ، که ڕۆژێک له ڕۆژان هاتبێته بەردەم دادگه. ڕێناودی...

**فۆكێ:** ئەویش؟ جارێکیان یارمەتیی دەربازبوونی چەند پیاوێکی ئاینیی دا.

**ئێرمان:** بێدەنگ به، پێش چەند ڕۆژێک هات بۆ لام و داوای کرد هەموو حوکمدراوەکان لەپێش سەرپەڕاندنیان خوێنیان لێ دەربهێنرێ بۆ ئەوەی کەمێک له پەلوپۆ بکەون، ڕەفتاری زۆرجار ڕکابەریان پەستی دەکەن.

**فۆكێ:** ئای ئەوه زۆر باشه. واته دەتوانم متمانه بکەم.

**ئێرمان:** تەنیا بمهێڵه من بیکەم.

## دیمەنی سێیەم

لویکسەمبیور

ڕاڕەوێک

لاکروا، دانتۆن، مێرسیێ و زیندانیانی تر دێن و دەچن

**لاکروا:** (بە یەکێک لە زیندانییەکان): چۆن دەبێ ئەوەندە نەگبەت و لە بارودۆخێکی وا کلۆڵدا بێت؟

**زیندانییەکە:** هەرگیز گالیسکەی سەرپەڕینگەکان پێیان نەوتووی کە پاریس قەسابخانەیە؟

**مێرسیێ:** لاکروا، وا نییە؟ یەکسانیی داسولکەکەی بەسەر هەموو کەللەسەرەکاندا دەگێڕێ، گڕکانی شۆڕش ڕێ دەکا، سەرپەڕینگە خەڵکی بە کۆماری دەکا! وا خەڵکی لەسەر باڵکۆنەکان چەپڵە لێ دەدەن و ڕۆمەکان دەستیان بە یەکدا دەسوون، بەڵام گوێیان لێ نییە، کە هەموو یەکێک لەم وشانە لرخەی قوربانییەکە، جارێک بەدوای ئەم دەستەواژانەی خۆتاندا بڕۆن، هەتا ئەو خاڵەی کە بەرجەستە دەبێ.

سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن، ئێوە ئەو هەموو شتانەتان وتووە، ئەمە وەرگێڕانی لاساییەکەرانەوەی وشەکانتانە. ئەو کلۆڵانە، جەلادەکانتان و سەرپەڕینگە ئەو ئاخاوتنانەی ئێوەن کە ڕوحیان بەبەردا کراوە. ئێوە سیستەمەکانی خۆتان بینا کرد، وەکو چۆن بایازێت[٦٢] ئەهرامەکانی بە کەللەسەری مرۆڤ

بینا کرد.

**دانتۆن:** ڕاست دەکەی.

لەم سەردەمەدا هەموو شتێک بەگۆشتی مرۆڤ دەکرێ. ئەمە نەفرەتی سەردەمەکەمانە. ئێستا لەشی منیش بەکار دەهێنرێ.

ئێستا دەبێتە ساڵێک، کە دادگەی شۆڕشم دروست کرد. من داوای بەخشین لە خوا و لە مرۆڤ دەکەم، من ویستم پێش کوشتنە نوێیەکانی سێپتەمبەر بکەوم، ئومێدم ئەوە بوو بێتاوانەکان ڕزگار بکەم، بەڵام ئەم کوشتنە لەسەرخۆیە بە شتە ڕووکەشییەکانییەوە سامناکترە و بەهەمان شێوە ڕێی لێ ناگیرێ. بەڕێزانم هیوام ئەوە بوو هەموو ئەم جێیە بەجێ بهێڵن.

**مێرسیێ:** ئای، ئێمە لێرە دەردەچین.

**دانتۆن:** من ئێستا لەگەڵتانم، خوا خۆی دەزانێ ئەمە چۆن کۆتاییی دێت.

## دیمەنی چوارەم

دادگەی شۆڕش

**ئێرمان:** (بە دانتۆن): هاوولاتی، ناوت.

**دانتۆن:** شۆڕش ناوم دەهێنێ. شوقەکەم بەم زووانە لەناو دەچێ و ناوم دەچێتە پەرستگەی شەرەفی مێژووەوە.

**ئێرمان:** دانتۆن، ئەنجوومەن ئێوە لەگەڵ میرابۆ، دیوموریز، لەگەڵ ئۆرلیا، لەگەڵ گیرۆندییەکان، لەگەڵ نامۆکان و لەگەڵ لێژنەی لودڤیگی ۱۷ بەوە تاوانبار دەکا خەریکی پیلانگێڕان بووبن.

**دانتۆن:** دەنگم، کە بۆ مەسەلەی گەل زایەڵەم پێی هێنا، بەبێ زەحمەت بوختانەکانتان ڕەت دەکاتەوە. ئەو داماوانەی شکات لە من دەکەن، با لێرە دەرکەون و من شەرمەزاریان کەم. با ئەنجوومەنەکان بێنە ئێرە، من تەنیا لە بەردەم ئەوان وەڵام دەدەمەوە. من وەکو شکاتکار و وەکو شایەد پێویستم پێیانە.

با خۆیان پێشان بدەن.

ئەی چی من بەئێوە و حوکمەکەتانەوە دەبەستێ. من ئەمەم پێ وتن هیچ بەم زووانە دەبێتە پەناگەم – ژیان لە من بووەتە بار، حەز دەکەم لە کۆڵم بکرێتەوە، من تاسەی ئەوە دەکەم لێی دابڕێم.

**ئێرمان:** دانتۆن، پڕکێشی لە تاوانەوەیە، هێوری لە بێگوناهییەوە.

**دانتۆن:** بێگومان پڕکێشیی شەخسی دەبێ سەرزەنشت بکرێ، بەڵام ئەو پڕکێشییە نەتەوایەتییەی من زۆرجار پێشانم داوەو زۆرجار پێیەوە بۆ ئازادی خەباتم کردووە، لە شایستەترینی هەموو فەزیلەتەکانە. ئەوە پڕکێشیی منە، ئەمە ئەو شتەیە، کە بۆ باشیی کۆمار دژی شکاتلێکارە داماوەکانم بەکاری دەهێنم. ئاخۆ دەتوانم بەسەر خۆمدا زاڵ بم، کە دەبینم بەو شێوە سووکە بوختانم بۆ کراوە؟

لە شۆڕشگێڕێکی وەکو منەوە نابێ چاوەڕوانی بەرگرییەکی سارد بکرێ. پیاوانی شێوەی من لە شۆڕشەکاندا لە نرخاندن نایەن، بلیمەتیی ئازادی بە تەوێڵیانەوە دەشەکێتەوە.

(ئاماژەی چەپڵە لەناو گوێگراندا).

من شکاتم لێ دەکرێ کە لەگەڵ میرابۆ، دیوموریز و ئۆرلیان پیلانم گێڕاوە، کڕنووشم لە بەرپێی ستەمکاراندا بردووە، داوام لێ دەکرێ لە بەردەم ئەو دادپەروەرییە ڕژدەی کە مرۆڤ ناتوانێ لە دەستی دەربازی بێ، وەڵام بدەمەوە.

هەی سان ژیوستی کڵۆڵ تۆ بۆ ئەم کفرەت بەرپرسیاری لە بەردەم وەچەکانی داهاتوودا.

**ئێرمان:** داواتان لێ دەکەم بە هێمنی وەڵام بدەنەوە، بیر لە مارات بکەنەوە، ئەو بە ترس و سامەوە چووە بەردەم دادوەرەکانی.

**دانتۆن:** ئەوان سەرجەمی ژیانمیان پاوان کرد، ئاخۆ لەوانەیە بەمجۆرە بیەوێ ڕاست ببێتەوە و ڕووبەڕوویان ببێتەوە، لەژێر قورساییی هەر یەکێک لە هەڵسوکەوتەکانمدا دەیاننێژم.

من شانازیی پێوە ناکەم. چارەنووس دەستمان دەگرێ، بەڵام

تەنیا سروشتە بەهێزەکان کۆئەندامەکانین. من لە گۆڕەپانی مارس دژی پادشایەتی جاڕی جەنگم دا، لە ١٠ی ئابدا بەزاندم، لە ٢١ی ژانیوەردا کوشتم و سەری پاشایەکم وەکو دەسکێشی شەڕ بۆ پاشاکان فڕێ دا.

(ئاماژەی چەند بارەی چەپڵە).

(دۆسیەی شکاتەکە هەڵدەگرێ). کاتێ چاوێک بەم دەستنووسە شەرمهێنەدا دەخشێنم وا هەست دەکەم هەموو جەستەم هەڵدەلەرزێ. ئەوانە کێن کە دەبوو دانتۆن ناچار بکەن لەو ڕۆژە سەیرەدا (ڕۆژی ١٠ی ئاب) خۆی پێشان بدا؟ ئەو بوونەوەرە مزدارانە کامانەن، کە وزەی لێیان قەرز کردبوو؟ با شکاتلێکەرەکانم دەرکەون! کە داوای ئەوە دەکەم من عەقڵم بەتەواوی لای خۆمە. من دەمامک لەسەر ئەو کەڵەکبازە بێمێشکانە دادەماڵم و ڕەوانەی ئەو پووچییەیان دەکەم، کە هەرگیز نەدەبوو لێیەوە بێنە دەرەوە.

**ئێرمان:** (زەنگ لێ دەدا): گوێتان لە زەنگۆڵەکە نییە؟

**دانتۆن:** مرۆڤێک کە بەرگری لە شەرەف و لە ژیانی دەکا، دەبێ دەنگی لە زەنگۆڵەکەت بەرزتر بکاتەوە.

من لە سێپتەمبەردا جەستە ئەنجن ئەنجکراوەکانی ئەریستۆکراتەکانم دەرخواردی گەرا تازەکانی شۆڕش دا. دەنگم بە زێڕی ئەریستۆکراتەکان و دەوڵەمەندەکان بۆ گەل چەکی دروست کرد. دەنگم ئەو گەرداوە بوو، کە هەوادارەکانی ستەمکاریی لەژێر لێشاوی ڕمدا ناشت.

(بەدەنگی بەرز چەپڵەی بۆ لێ دەدرێ).

**ئێرمان:** دانتۆن، دەنگت هیلاکە، ئێوە زۆر بەتوندی جووڵانەوە. جاری داهاتوو دەبێ بڕیاری بەرگیری لە خۆتان بدەن. پێویستتان بەبێدەنگییە.

دانیشتنەکە تەواو بوو.

**دانتۆن:** ئێستا ئێوە دانتۆن دەناسن؛ چەند سەعاتێکی کەمی تر و لە باوەشی ناوبانگدا خەو دەیباتەوە.

## دیمەنی پێنجەم

لویکسمبیور

زیندانێک

دیلۆن، لافلو، پاسەوانێکی زیندان

**دیلۆن:** زەلام ڕووناکیی لووتت ئاوها مەخەرە سەر ڕووخسارم. هە، هە، هە!

**لافلو:** دەمت داخە، مانگە داسوولکەییەکەت خەرمانەی داوە. هە، هە، هە!

**پاسەوان:** هە، هە، هە. بەڕێز لەو بڕوایەدان، کە لەبەر ڕووناکییەکەیدا دەتوانن بیخوێننەوە؟ (ئاماژە بۆ کاغەزێک دەکا، کە بەدەستیەوەیە).

**دیلۆن:** بمدەرێ!

**پاسەوان:** بەڕێز، مانگە داسوولکەکەم نیشتاوی لەلای من دروست کرد.

**لافلو:** پانتۆڵەکەت وا دەردەکەوێ وەکو خێزاو بووبێ.

**پاسەوان:** نەخێر، ئاو ڕادەکێشێ. (بە دیلۆن): لەبەر هەتاوەکەتان خۆی شاردەوە، بەڕێز، دەبێ شتێکم بدەنێ، بۆ ئەوەی بۆتان ڕووناک بکەمەوە، ئەگەر دەتانەوێ بخوێننەوە.

**دیلۆن:** بگرە زەلام! لاچۆ لە بەرچاوم.

(پارەی دەداتێ. پاسەوانەکە دەڕوا)

(دەخوێنێتەوە): دانتۆن دادگەکەی ترساند، سوێندخۆرەکان دوودڵن، گوێگرەکان پرتەوبۆڵەیان بوو. پاڵەپەستۆیەکی ناوازە بوو. خەڵک لە دەوری کۆشکی داد پاڵەپەستۆیان بوو و هەتا پردەکان وەستابوون. دەستێکی پڕ لە پارە، لە دواییدا قۆڵێک، هم! هم! (دێت و دەچێ و جاروبار لە بوتڵێکەوە خواردنەوە دەکاتە پەرداخێکەوە.) تەنیا پێیەکم لەسەر جادە بوایە. نایەڵم ئاوها سەرم ببڕن. بەڵێ، تەنیا پێیەکم لەسەر جادە!

**لافلو:** ئەی ئەگەر لەسەر گەلیسکەکە بی، ئەوە گرینگ نییە.

**دیلۆن:** لەو بڕوایەدای؟ هێشتا چەند هەنگاوێک لە نێواندایە، ئەوەندە گەورەن بۆ ئەوەی بە تەرمی دیسەمبڤیرەکان بپێورێن. کاتی ئەوە هاتووە، کە مرۆڤە دادپەروەرەکان سەر بەرز بکەنەوە.

**لافلو:** (لەبەر خۆیەوە): هەتا ئاسانتر بپێکرێ ئەوەندە باشترە. دەی پیرە، چەند پەرداخێکی تر و من باڵ دەگرمەوە.

**دیلۆن:** لە کۆتاییدا کەڵەکبازەکان، شێتەکان خۆیان ملی خۆیان دەپەڕێنن. (بەڕاکردن دێت و دەچێ).

**لافلو:** (کەمێک دوور): مرۆڤ دەتوانێ دیسان ژیانی بەباشی خۆش بوێ، وەکو ئەو منداڵەی خۆی خۆی دووگیان کردبێ. ئەمە زۆر ڕوو نادا، کە مرۆڤ لەگەڵ ڕێککەوت دەست تێکەڵ بکا و بتوانێ ببێتە باوکی خۆی. کوڕ و باوک لە هەمان کاتدا. ئۆدیبێکی ئاسوودە!

**دیلۆن:** مرۆڤ تەرم دەرخواردی گەل نادا، لەوانەیە ژنەکانی دانتۆن و کامی پارەی کاغەز بەسەر گەلدا فڕێ بدەن، ئەمە لە کەللەسەر

باشتره.

**لافلو:** من له دوای ئەوه چاوەکانی خۆم دەرناهێنم، لەوانەیە پێویستم پێیان بێت بۆ ئەوەی بۆ جەنەراڵە باشەکە پێیان بگریم.

**دیلۆن:** ئەگەر دەست له دانتۆن بدرێ! کێی تر دڵنیا دەبێ؟ ترس یەکیان دەخا.

**لافلو:** ئەو حسابی ڕۆیشتووه. چی تێدا بەسەره، ئەگەر پێ بەتەرمێکدا بنێم بۆ ئەوەی له گۆڕ بێمه دەرێ؟

**دیلۆن:** تەنیا پێیەک لەسەر جادە! من ئەوەندە خەڵک دەدۆزمەوە، کۆنەسەرباز، گیرۆندی، کۆنەبەگ، زیندانەکان دەشکێنین، دەبێ لەگەڵ زیندانییەکان ڕێک بکەوین.

**لافلو:** بێگومان، کەمێک بۆنی کەڵەکبازیی لێ دێ. جا چییە؟ حەز دەکەم ئەوەش تاقی بکەمەوە، من هەتا ئێستا یەکلایەن بووم. مرۆڤ تووشی ویژدان کرۆژی دەبێ، ئەمه لێتێکچوونه، ئەوەندە ناخۆش نییه مرۆڤ بۆنی بۆگەنی خۆی بکا.

له ئەگەری سەرپەڕینگه وەڕەس بووم، ئەوەندە چاوەڕوانی شتەکە بکرێ! من له زەینی خۆمدا بیست جار تاقیم کردووەتەوە. هیچ شتێکی توندوتیژیشی نەماوە؛ زۆر ئاسایی بووە.

**دیلۆن:** دەبێ بلیتێک بۆ ژنەکەی دانتۆن بنێردرێ.

**لافلو:** ئەی دوایی من له مەرگ ناترسم، بەڵام له ئازار دەترسم. لەوانەی بیەشێ، کێ گەرەنتیی ئەوەم دەداتێ؟ دەوترێ تەنیا چرکەساتێکه، بەڵام ئازار کاتپێوێکی وردتری هەیە، یەک لەسەر شەستی چرکەیەک وردتر دەکاتەوە. نەخێر! ئازار تاقه گوناهه و

ئازارکێشان تاقە نەنگییە، من بەفەزیلەت دەمێنمەوە.

**دیلۆن:** لافلو گوێ بگرە، ئەو زەلامە بۆ کوێ چوو؟ من پارەم هەیە، دەبێ شتەکە مەیسەر ببێ، دەبێ پلان دانێین، پلانەکەی من تەواو بووە.

**لافلو:** یەکسەر، یەکسەر! من زیندەوانەکە دەناسم، قسەی لەگەڵ دەکەم. جەنەراڵ دەتوانی پشتم پێ ببەستی، لەم تەنگژەیە قورتارمان دەبێ، (لە کاتی چوونە دەرەوەدا لەبەر خۆیەوە) بۆ ئەو بچینە تەنگژەیەکی ترەوە، من بۆ گەورەترین تەنگژە، جیهان، ئەو بۆ تەنگترین تەنگژە، گۆڕ.

## دیمەنی شەشەم

ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی

سان ژیوست، باریێر، کۆلۆ دێربۆ، بیلۆ-ڤارێن

**باریێر:** فۆکێ چی دەنووسێ؟

**سان ژیوست:** دووەم لێکۆڵینەوە تەواو بووە. زیندانییەکان داوای دەرکەوتنی چەندان ئەندامی لێژنە و ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی دەکەن، لەبەر ڕێنەدان بەشایەدەکان، داوایان لە گەل کردووە. گوایە هەڵچوونی هەستەکان لە وەسفکردن نایەت. دانتۆن لاسایی یوپیتەری کردووەتەوە و سەری ڕاوەشاندووە[٦٣].

**کۆلۆ:** ئەوەندە ئاسانتر سامسۆن[٦٤] دەتوانێ بەقژ بیگرێ.

**باریێر:** ئێمە نابێ خۆمان پێشان بدەین، لەوانەیە ژنە ماسیفرۆشەکان و کۆنەفرۆشەکان بەشکۆ نەمانبینن.

**بیلۆ:** گەل غەریزەیەکی هەیە بۆ ئەوەی شەقی تێ هەڵدرێ ئەگەر تەنیا بە نیگاش بێ، نیگایەکی بە سووک سەیرکردنی لەخۆبایی وای بەدڵە. تەوێڵ و تووڕەیی وا لە دروشمی دەرەبەگانە خراپترن، ئەریستۆکراتی نەرمی ڕق لە مرۆڤ بوونەوە خۆی داوە بەسەریاندا، دەبێ یارمەتیی هەموو کەسێک بدا بەری بکەوی، چونکە هەر نیگایەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێ مرۆڤ تووڕە دەکا.

**باریێر:** وەکو سیگفریدی قۆچلێڕواو[٦٥] خوێنی قوربانییەکانی

سێپتەمبەر وای لێی کردووە ئازاری پێ نەگا.

رۆپسپیێر چی دەڵێ؟

**سان ژیوست:** وا پێشان دەدا وەکو شتێکی بۆ وتن هەبێ.

سوێندخـۆرەکان دەبێ خـۆیان وا پێـشـان بدەن کـە لە زووەوە ڕینوێنی کراون مشتومڕەکان کۆتایی پێ بهێنن.

**بارێر:** مەحاڵە، ئەمە نابێ.

**سـان ژیوست:** دەبێ برۆن، بەهەر نرخێک بووە و ئەگـەر پێویست بکا بەدەستی خۆشمان بیانخنکێنین. پڕکێشیی بکە! نابێ دانتۆن بە خـۆڕایی فـێری وشـەی کردبـین. شـۆڕش بەسـەر تەرمـاکەندا پێی هەڵناکەوێ، بەڵام ئەگەر دانتۆن لە ژیاندا بمێنێتەوە، ئەوا پالێمی جلەکانیان دەگرێ و شتێک لە سیمایدایە وەکو ئەوەی بتوانێ ئازادیی زۆرگیر بکا.

(سان ژیوست بانگ دەکرێتە دەرەوە)

(زیندەوانێک دێتە ژوورەوە).

**زیندانەوان:** لە سـان پێلاگی زیندانییـەکـان لە سـەرەمـەرگدان، داوای پزیشک دەکەن.

**بیلۆ:** ئەمە پێویست ناکا، ئەوەندە جەلاد کەمتر عەزیەتی دەبێ.

**زیندانەوان:** ژنی دووگیانیان لەگەڵدایە.

**بیلۆ:** باشتر، ئیتر منداڵەکانیان پێویستیان بە دارەمەیت نییە

**بارێر:** سیلی ئەریستۆکراتێک دانیشتنێک لە کیسی دادگەی شۆڕش دەهێڵێتەوە. هەموو دەرمانێک دژە شۆڕشە.

**کۆلۆ:** (کاغەزێک هەڵدەگرێ): داواکارییەک، ناوی ژنێک!

**باریێر:** بێگومان یەکێک لەوانەی کە گوایە ناچار کراوە لە نێوان تەختەی سەرپەڕینگە و جێخەوی ژاکۆبییەکدا هەڵبژێرێ. ئەوانەی وەکو لوکریتسیا دوای لەدەستدانی ژن و مێردایەتییان دەمرن، بەڵام کەمێک دواتر وەکو ژنە ڕۆماییەکە، لە جێخەوی منداڵدا یان بە شێرپەنجە یان لەبەر پیری و پەککەوتەیی. لەوانەیە ئەوەندە ناخۆش نەبێ تارکوینیوسێک[٦٦] لە کۆماری بەشکۆی کچێکی پاکیزەوە دەربێ.

**کۆلۆ:** زۆر پیرە. خانم داوای مردن دەکا، دەزانێ چۆن گوزارشت لە خۆی بکا، زیندانەکە وەکو سەری دارەنداز بەسەرییەوەیە. چوار هەفتەیە لە زیندانداﯾە. وەڵامەکە ئاسانە. (دەنووسێ و دەخوێنێتەوە): ژنە هاووڵاتی، هێشتا ئەو کاتە ئەوەندە زۆر نییە، کە تۆ مەرگ بە ئاوات دەخوازی.

**باریێر:** جوانت وت. بەڵام کۆلۆ ئەوە بەس نییە، کە سەرپەڕینگە دەست بەپێکەنین بکا، ئەگینا خەڵکەکە ترسیان لێی نامێنێ. مرۆڤ نابێ ئەوەندە خۆی نزیک پێشان بدا.

(سان ژیوست دەگەڕێتەوە).

**سان ژیوست:** هەر ئێستا خەبەرلێدانێکم بیست. لەناو زیندانەکاندا پیلان دەگێڕن، مرۆڤێکی لاوی لافلو ناو هەموو شتێکی ئاشکرا کرد. لەگەڵ دیلۆندا لە هەمان ژووردا بوو، دیلۆن خواردوویەتییەوە و شتی درکاندووە.

**باریێر:** بەبوتڵەکەی خۆی ملی خۆی دەبڕێ، ئەمە زۆرجار ڕووی داوە.

**سان ژیوست:** گوایە ژنەکانی دانتۆن و کامی لەناو گەلدا پارە دابەش دەکەن، گوایە دیلۆن دەیەوێ هەڵبێ، دەیانەوێ زیندانییەکان

ئازاد بکەن، دەیانەوێ ئەنجوومەن بتەقێننەوە.

**بارێر:** ئەمانە مەتەڵن.

**سان ژیوست:** بەڵام ئێمە لەگەڵ مەتەڵدا لە خەودا دەیگێڕینەوە. من سکاڵاکەم لە دەستدایە، لەگەڵیدا لووتبەرزیی شکاتلێکراوەکان، پرتەوبۆڵەی گەل، نیگەرانیی سوێندخۆرەکان، من ڕاپۆرتێک دەنووسم.

**بارێر:** بەڵێ، سان ژیوست برۆ و ڕستەکانت بهۆنەوە، کە تیایدا هەموو وێرگولێک شمشێرێک و هەموو خاڵێک سەرێکی پەڕێنراو بێ.

**سان ژیوست:** ئەنجوومەن دەبێ فەرمان بدا، دادگە دەبێ بەبێ پچڕان درێژە بە دادگەییەکە بدا و دەتوانێ هەموو شکاتلێکراوێک، کە ئەو ڕێزە پێشێل بکا کە شایانی دادگەیە یان ببێتە هۆی دەرکەوتنی تێکدەرانە لە مشتومڕ دوور بخرێتەوە.

**بارێر:** تۆ غەریزەیەکی شۆڕشگێڕانەت هەیە، کە زۆر میانڕۆ و کاریگەری خۆی دەبێ. ئەوان ناتوانن بێدەنگ بن، دانتۆن دەبێ هاوار بکا.

**سان ژیوست:** من متمانە بە پشتگیریی ئێوە دەکەم. خەڵکی وا لە ئەنجوومەندا هەن، کە وەکو دانتۆن نەخۆشن و لە هەمان چارەسەر دەترسن. جارێکی تر پڕکێشییان پەیدا کردووەتەوە و لەبارەی پێشێلکردنی شێوازەکانەوە دەقیژێنن...

**بارێر:** (قسەکەی پێ دەبڕێ): من پێیان دەڵێم: ئەو کونسوڵەی لە ڕۆما، کە پیلانەکەی کاتیلینای ئاشکرا کرد و یەکسەر تاوانبارەکانی بەمەرگ سزا دا بە پێشیلکردنی ئەتەکێتەکان

شکاتی لێ کرا. کێ شکاتلێکەرەکانی بوون؟

**کۆلۆ:** (بە جۆشوخرۆشەوە): سان ژیوست برۆ. گڕکانی شۆڕش ڕێ دەکا. ئازادیی ئەو لاوازانە کە کۆشە گەورەکانیان بیپیتێن، لە ئامێزپێداکردندا دەخنکێن، شکۆی گەل وەکو یوپیتەر بۆ سێمێلە[٦٧] لەژێر هەورەگرمە و هەورەبرووسکەدا دەرکەوێ و بیکاتە خۆڵەمێش. سان ژیوست برۆ ئێمە یارمەتیت دەدەین پوازی هەورەگرمە بەسەر ترسنۆکەکاندا فڕێ بدەی.

(سان ژیوست دەڕوا).

**بارێر:** گوێت لە وشەی چارەسەر بوو؟ هێشتا سەرپەڕینگە دەکەنە دەرمانێکی دژە سووزەنەک. دژی میانڕۆکان ناجەنگن، دژی نەنگی دەجەنگن.

**بیلۆ:** هەتا ئێستا ڕێگەکەمان بەیەکەوەیە.

ڕۆپسپییێر دەیەوێ شۆڕش بکاتە هۆڵی زانکۆی ئاکار و سەرپەڕینگە وەکو کورسیی وانەوتنەوە بەکار بهێنێ.

**بیلۆ:** یان وەکو کورسیی نزا.

**کۆلۆ:** بەڵام ئەمجا لەسەری نەوەستێ، بگرە پاڵ بکەوێ.

**بارێر:** ئەمە ئاسانە. دنیا دەبێ لنگەوقووچ بێ، ئەگەر بەناو کوڕە لاسارەکان لەلایەن خەڵکە بەناو سەرڕاستەکانەوە هەڵبواسرێن.

**کۆلۆ:** (بە بارێر): کەی دیسان دێی بۆ کلیشی[٦٨]؟

**بارێر:** ئەگەر ئیتر دوکتۆرەکە نەیەت بۆ لام.

**کۆلۆ:** وا نییە، هەسارەیەک بەسەر شوێنەکەوەیە، لەژێر تیشکی درەوشاوەیدا مۆخی پشتت وشک ببێتەوە.

**بیلۆ:** بەم نزیکانە پەنجە ناسکەکانی دیماهی نەشمیل لە کێلانەکەی دەردەهێنن و وەکو پەلک بەسەر پشتیدا شۆڕی دەکاتەوە.

**بارێر:** (شانی هەڵدەتەکێنێ): وس! نابێ بەفەزیلەتەکە هیچ لەبارەیەوە بزانێ.

**بیلۆ:** ئەو موشتاقێکی لە پیاوەتی کەوتووە.

(بیلۆ و کۆلۆ دەڕۆن).

**بارێر:** (بە تەنیا): ئەم ترسناکانە! هێشتا ئەوەندە کات بەسەرنەچووە، کە مەرگت بە ئاوات دەخواست! ئەم شتانە دەبوو ئەو زمانە وشک بکەن، کە ئەم وشانەیان وت.

ئەی من؟

کاتێ بکوژانی سێپتەمبەر هەڵیان کوتایە سەر زیندانەکان، زیندانییەک دەست دەداتە چەقۆکەی، خۆی دەخاتە ناو بکوژەکانەوە، لە سنگی قەشەیەکی دەچەقێنێ، قورتاری دەبێ!

کێ دەتوانێ هیچی دژ بکا؟

ئاخۆ من خۆم دەخەمە ناو بکوژەکانەوە، یان لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەواییدا دادەنیشم، ئاخۆ من سەرپەڕێنەرێک دەبەم یان قەڵەمبڕێک؟ ئەمە هەمان حاڵەتە، تەنیا بەهەلومەرجێکی ئاڵۆزتر، هاوپێوەندییە بنەماییەکان هاوشێوەن.

ئەگەر بۆی هەبێ کەسێک بکوژێ، بۆشی هەیە دوو بکوژێ، سێ، زیاتریش؟ لە کوێدا بەکۆتا دێت؟ ئەمجا دەنکە جۆیەکان دێن: دوو دەنکە جۆ دەبنە خەرمانێک، سێ، چوار، ئەی چەند؟ ویژدانەکەم وەرە، وەرە مریشکەکەم، وەرە دو، دو، دو، ئەوە دانە.

بەڵام -منیش زیندانی بووم؟ تۆمەتبار بووم، ئەمە هەمان شتە، من لە مردن دڵنیا بووم.

(دەڕوا).

## دیمەنی حەوتەم

کۆنسێرگە

لاکروا، دانتۆن، فیلیپۆ، کامی

**لاکروا:** دانتۆن، تۆ باش هاوارت کرد، ئەگەر پێشووتر وا خەمی ژیانت بخواردایە، ئێستا بەجۆرێکی تر دەبوو. وا نییە، کاتێ مەرگ وا بێشەرم لە یەکێک نزیک دەبێتەوە و لە گەرووییەوە بۆگەنی دێت و هەمیشە زیاتر خۆی دەسەپێنێ؟

**کامی:** کاتێ یەکێکی زۆرگیر دەکرد و بەزۆرانبازی و کێشمەکێش دزیی خۆی لە کۆئەندامە گەرمەکان دەکرد! بەڵام بەمجۆرە لە هەموو ڕەسمیاتەکاندا، وەکو چۆن زەماوەند لەگەڵ پیرێژنێکدا دەکرێ، وەکو چۆن خاڵەکانی ڕێککەوتنەکان دادەنرێن، وەکو چۆن شایەدەکان بانگ دەکرێن، وەکو چۆن ئامین دەگوترێ و وەکو چۆن ئەمجا لێفە هەڵدەدرێتەوە و لەسەرخۆ بە کۆئەندامە ساردەکانییەوە دەچێتە ژێرییەوە!

**دانتۆن:** ئەمە کێشمەکێشە، کە قۆڵ و دان یەکتر بگرن! بەڵام من وام بۆ دەردەکەوێ، وەکو کەوتبمە ناو زبڵەوە و توندوتیژیی جەستەیی کۆئەندامەکانم لەسەرخۆ بەڕێکوپێکی لە کار بخەن: هێندە میکانیکییانە بکوژرێی!

**کامی:** لەوێ بەتەنیا بکەوی، سارد، ڕەق لە تەمومژی شێداری گەنیودا، لەوانەیە؛ کە مەرگ بەکاوەخۆی ژیان لە ڕیشاڵەکانەوە ئازار

دەدا، بەو ئاگاییەوە دەیکا کە ڕەنگ بێ بۆگەن بکا!

**فیلیپۆ:** بێدەنگ بن، هاوڕێیانم. ئێمە وەکو گوڵە سۆسەن واین، کە دوای زستان تۆو دەگرێ. ئێمە تەنیا بەوە لەو گوڵانە جیا دەکرێینەوە کە دەگوازرێنەوە، کە ئێمە لە سەرووی ئەو هەوڵەوە کەمێک بۆگەنمان دێ. ئاخۆ ئەمە ئەوەندە خراپە؟

**دانتۆن:** ڕوانگەیەکی بەشاکۆیە! لە سەرەنوێلکەیەکەوە بۆ یەکێکی تر! ڕاست نییە، تیۆری چینایەتیی خوایی؟ لە سەرەکییەوە بۆ لاوەکی، لە لاوەکییەوە بۆ سێیەم و هەتا دوایی؟ من کونەلووتم لە تەختەی قوتابخانە پڕ بووە، وەکو مەیموون بەسەر مێخەکەی پاشەڵمەوە دانیشتووم.

**فیلیپۆ:** ئەی چیت دەوێ؟

**دانتۆن:** بێدەنگی.

**فیلیپۆ:** بێدەنگی لە خوادایە.

**دانتۆن:** لە هیچدایە. لە شتێکی بێدەنگتردا خۆت نغرۆ بکە وەکو لە هیچ و ئەگەر بەرزترین بێدەنگیی خوا بێ، ئاخۆ هیچ خوا نییە؟ بەڵام من کافرم. ئەو ڕستە نەفرەتییە: شتێک ناتوانێ ببێتە هیچ! منیش شتێکم، ئەمەیە دەردەکە!

کردگار خۆی هێندە بەرین کردووە. هیچ شتێک خاڵی نییە، هەموو شتێک پڕە لە ئاپۆڕەی خەڵک.

هیچ خۆی کوشت، کردگار برینەکەیەتی، ئێمە دڵۆپە خوێنەکانین، جیهان ئەو گۆڕەیە کە تێیدا بۆگەن دەکا.

ئەمە سەدایەکی شێتانەی هەیە، بەڵام شتێکی ڕاستیشی تێدایە.

**کامی:** جیهان جوولەکەی جاویدانە[٦٩]، هیچ مردنە، بەڵام مەحاڵە. ئاخ نەتوانی بمری، نەتوانی بمری، وەکو لە گۆرانییەکەدا دەوترێ.

**دانتۆن:** ئێمە هەموو بە زیندوویی لە گۆڕ نراوین و وەکو پاشاکان لە دارەندازی سێ یان چوار چیندا نێژراوین، لەژێر ئاسماندا، لە ماڵەکانماندا، لە چاکەت و کراسەکانماندا.

ئێمە ٥٠ ساڵە بە نینۆک سەری دارەندازەکان دەڕنین! بەڵێ هەر کەسێک بڕوای بەفەوتان هەبێ! فریای ئەو کەسە دەکەون.

مەرگ ئومێدی تێدا نییە، مەرگ تەنیا ئاسانترە، ژیان ئاڵۆزترە، بۆگەنییەکی ڕێک خراوە، ئەمە هەموو جیاوازییەکەیە!

بەڵام من بەم شێوە بۆگەنییە ڕاهاتووم، مەگەر هەر شەیتان بزانێ چۆن لەگەڵ بۆگەنییەکی تر هەڵدەکەم.

ئای ژیولی! ئەگەر بەتەنیا بڕۆم! ئەگەر بەتەنیا بەجێم بهێڵێ!

ئەگەر بەتەواوەتیش داڕزیمایە، بەتەواوی لەناو چووبام چنگێک خۆڵی ئازارچەشتوو دەبووم، هەموو گەردیلەیەکم دەیتوانی لەلای ئەو تەنیا هێوری ببینێتەوە.

من ناتوانم بمرم، نەخێر، من ناتوانم بمرم. ئێمە دەبێ هاوار بکەین، دەبێ هەموو تنۆکێکی ژیان لە کۆئەندامەکانم دەربهێنن.

**دیمەنی هەشتەم**

ژوورێک

فۆکێ، ئامار، ڤۆلان

**فۆکێ:** من لە بیرم نەماوە، چی وەڵام بدەمەوە، داوای لێژنەیەک دەکەن.

**ئامار:** ئێمە کەڵکبازەکانمان هەیە، واتە تۆ ئەو شتەت هەیە کە داوای دەکەی.

(کاغەزێک دەداتە دەستی فۆکێ).

**ڤۆلان:** ئەمە ڕازیتان دەکا.

**فۆکێ:** بەڕاستی، ئەمەمان پێویست بوو.

**ئامار:** ئێستا وا بکە، کە ئێمە و ئەوان شتەکەیان لە کۆڵ ببێتەوە.

## دیمەنی نۆیەم

دادگەی شۆڕش

**دانتۆن:** کۆمار لە مەترسیدایە و هیچ ڕێنوێنییەکی نییە! ئێمە داوا لە گەل دەکەین، دەنگم هێشتا ئەوەندە زولاڵە بۆ ئەوەی وتار بەسەر تەرمی قوربانییەکانی سێپتەمبەردا بدەم.

من دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە داوای لێژنەیەک دەکەین. دەبێ شتی گرینگ بدۆزینەوە. من دەچمە قەڵای عەقڵەوە، بەتۆپی ڕاستییەوە دێمەوە دەرەوە و دوژمنەکانم ئەنجن ئەنجن دەکەم.

(ئاماژەی چەپڵە)

(فۆکێ، ئامار، ڤۆلان دێنە ژوورەوە).

**فۆکێ:** بەناوی کۆمارەوە بێدەنگ بن، ڕێز لە یاسا بگرن. ئەنجوومەن بڕیار دەدا: لەبەرئەوەی کە لە زیندانەکاندا شوێنپەنجەی یاخیبوون دیارە، بەهۆی ئەوەی کە ژنەکانی دانتۆن و کامی پارە بەناو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە و گوایە ژەنەراڵ دیلۆن دەیەوێ هەڵبێ و پێشی یاخیبووان بکەوێ بۆ ئەوەی شکاتلێکراوەکان ئازاد بکا، لە دواییدا لەبەرئەوەی ئەمانە هەوڵیان دا خۆپێشاندانی نائارامانە بێننە ئاراوە و هەوڵیان داوە سووکایەتی بە دادگە بکەن، دادگە ئەو مافەی پێ دەدرێ بەبێ پچڕان درێژە بەلێکۆڵینەوە بدات و هەموو کەسێکی ملکەچی خۆی بۆ یاسا کە قەرزاریەتی ڕەچاو نەکا لە مشتومڕەکان دوور بخرێتەوە.

**دانتۆن:** من پرسیار لە ئامادەبووان دەکەم، ئاخۆ ئێمە تەوسمان بە دادگە، بە گەل یان بە ئەنجوومەنی نیشتمانی کردووە؟

**دەنگێکی زۆر:** نەخێر! نەخێر!

**کامی:** ئەو کلۆلانە، دەیانەوێ لیوسیلەکەی من بکوژن!

**دانتۆن:** ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕاستییان بۆ دەردەکەوێ. من نەگبەتیی گەورە دەبینم بەسەر فرەنسادا دەبارێ. ئەوە دیکتاتۆریەتە، ڕووپۆشەکەی دڕاندووە، سەری بەرز ڕاگرتووە، بەسەر تەرمەکانماندا هەنگاو دەنێ. (پەنجە بۆ ئامار و ڤۆلان درێژ دەکا): ئەو بکوژە ترسنۆکانە ببینن، ئەو قەلەڕەشانەی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی ببینن!

من لەبەر خیانەتی گەورە سکالا لە ڕۆبسپییێر، سان ژیوست و جەلادەکانیان دەکەم.

دەیانەوێ کۆمار لە خوێندا بخنکێنن. سکەکانی گالیسکەی سەرپەڕینگەکان جادەی سەربازین، کە دوژمنەکان بەسەریدا دەگەنە ناوجەرگەی نیشتمان.

هەتا کەی دەبێ گۆڕ جێپێیەکانی ئازادی بێ؟

ئێوە نانتان دەوێ و ئەوان کەللەسەرتان بۆ فڕێ دەدەن. ئێوە تینووتانە و ئەوان ناچارتان دەکەن خوێنی پلیکانەکانی سەرپەڕینگەکان بلێسنەوە.

(جموجۆڵی خێرا و توندی گوێگران، خڕەی چەپڵە).

**دەنگێکی زۆر:** بژی دانتۆن، با بڕووخێ لێژنەی لێکۆڵینەوە!

(زیندانییەکان بەزۆر دەکرێنە دەرەوە).

## دیمەنی دەیەم

گۆڕەپانی بەردەم کۆشکی داد

ئاپۆڕەیەک خەڵک

**دەنگێک:** بڕووخێ دێسێمبەرڤیرن! بژی دانتۆن!

**هاوولاتیی یەکەم:** بەڵێ ئەوە ڕاستە، کەللەسەر لە جیاتیی نان، خوێن لە جیاتیی شەراب.

**چەند ژنێک:** سەرپەڕینگە ئاشێکی خراپە و سامسۆن نانەوایەکی خراپە، ئێمە نانمان دەوێ، نان!

**هاوولاتیی دووەم:** نانەکەی ئێوە دانتۆن خواردی، سەری دانتۆن نان بە هەمووتان دەدا، ئەو ڕاستی کرد.

**هاوولاتیی یەکەم:** دانتۆن لە ١٠ی ئابدا لەگەڵ ئێمەدا بوو، دانتۆن لە ئەیلوولیشدا لەگەڵمان بوو. ئەو خەڵکەی شکاتیان لێ کردووە لە کوێ بوون؟

**هاوولاتیی دووەم:** لافایت لە ڤێرسای لەگەڵتان بوو بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ناپاک بوو.

**هاووڵاتیی یەکەم:** کێ دەڵێ گوایە دانتۆن ناپاکە؟

**هاووڵاتیی دووەم:** ڕۆبسپییێر.

**هاووڵاتیی یەکەم:** ڕۆبسپییێریش ناپاکە.

**هاووڵاتیی دووەم:** کێ ئەوە دەڵێ؟

**هاووڵاتیی یەکەم:** دانتۆن.

**هاووڵاتیی دووەم:** دانتۆن جلی جوانی هەیە، دانتۆن خانوویەکی جوانی هەیە، دانتۆن ژنێکی جوانی هەیە، دانتۆن لە شەرابی بورگوندا خۆی دەشوا، گۆشتی حەیوانی کێوی لەسەر قاپی زیوین دەخوا و کە مەست دەبێ لەلای ژن و کچەکانی ئێوە دەخەوێ،.

دانتۆن وەکو ئێوە هەژار بوو. ئەم هەموو شتەی لە کوێ بوو؟

دەربار بۆی کڕی، بۆ ئەوەی تاجەکەی بۆ ڕزگار بکا. دۆقی ئۆرلیان پێشکێشی کرد، بۆ ئەوەی تاجەکەی بۆ بدزێ.

نامۆکە پێی دا، بۆ ئەوەی ناپاکی لە هەمووتان بکا. ڕۆبسپییێر چی هەیە؟ ڕۆبسپییێری خاوەن فەزیلەت. ئێوە هەمووتان دەیناسن.

**هەموویان:** بژی ڕۆبسپییێر! بمرێ دانتۆن! مردن بۆ ناپاک.

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی یەکەم

جادەیەک

دیوما، هاووڵاتییەک

**هاووڵاتی:** مرۆڤ چۆن دەتوانێ پاش لێکۆڵینەوەیەکی ئاوها حوکمی مەرگ بەسەر ئەوەندە خەڵکی بێتاواندا بدا؟

**دیوما:** بەڕاستی ئەوە ناوازەیە، بەڵام پیاوانی شۆڕش هەستێکیان هەیە، کە خەڵکی تر نییانە، ئەم هەستەش هەرگیز خیانەتیان لێ ناکا.

**هاووڵاتی:** ئەمە هەستی پڵنگە. تۆ ژنت هەیە.

**دیوما:** بەم زووانە دەڵێم یەکێکم هەبوو.

**هاووڵاتی:** ئەمجا ئەوە ڕاستە!

**دیوما:** دادگەی شۆڕش جیابوونەوەمان ڕادەگەیەنێ، سەرپەڕینگە لە مێز و جێخەوی هاوبەشمان جیا دەکاتەوە.

**هاووڵاتی:** تۆ دڕندەی!

**دیوما:** گەمژە! تۆ بە بروتوس سەرسامی؟

**هاووڵاتی:** لە ناخی دڵەوە.

**دیوما:** دەبێ مرۆڤ هەر قونسوڵی ڕۆما بێ و بتوانێ سەری خۆی بەڕووپۆش داپۆشێ بۆ ئەوەی خۆشەویستترین کەسی بۆ نیشتمان بکاتە قوربانی؟ من بەقۆڵی چاکەتە سوورەکەم چاوم

دەسڕمەوە، ئەمە هەموو جیاوازییەکەیە.

**هاوولاتی:** ئەمە سامناکە.

**دیوما:** لاچۆ، تۆ لە من تێ ناگەی.

(هەردووکیان دەڕۆن).

## دیمەنی دووەم

ژیولی، مێرمنداڵێک

**ژیولی:** تەواو. لە بەردەمیدا هەڵدەلەرزین. لە ترساندا کوشتیان! بڕۆ!
بۆ دواجار بینیم، پێی بڵێ ناتوانم وا بیبینم.
(چەپکێک قژی دەداتێ).
ئەوەتا، ئەمەی بۆ ببە و پێی بڵێ ئەو بەتەنیا ناڕوا. خۆی تێم دەگا و ئەمجا زوو بگەڕێرەوە، دەمەوێ نیگاکانی لە چاوەکانتدا بخوێنمەوە.

**دیمەنی سێیەم**

کۆنسیرگە

لاکروا. ئێرۆ لەسەر جێخەوێک. دانتۆن، کامی لەسەر جێخەوێکی تر

**لاکروا:** مرۆڤ قژ و نینۆکی وا درێژ دەبن بەڕاستی شەرمی لە خۆی بێ.

**ئێرۆ:** تۆزێک ئاگەدار بە، بە پژمە سەروچاوم پڕ دەکەی لە لم.

**لاکروا:** ئازیزترین، ئاوهاش مەچنە سەر پێم، پێم تلۆقی هەیە.

**ئێرۆ:** هێشتا بەدەست جرۆجانەوەرەوە دەناڵێنن.

**لاکروا:** ئاخ، ئەگەر تەنیا جارێ بەتەواوی لەم کرمانە ڕزگارم بوایە.

**ئێرۆ:** دەی، خەوێکی خۆش، ئێمە دەبێ بزانین چۆن بەیەکەوە هەڵدەکەین، جێگەکەمان تەنگە.

لە خەودا بە نینۆکەکانتان چرنووکم لێ مەگرن. دەی!

ئاوها کفنەکە ڕامەکێشە، لە خوارەوە ساردە.

**دانتۆن:** بەڵێ کامی، سبەینێ پێڵاوی دڕاوین، کە فڕێ دەدرێینە سەر کۆشی زەویی سواڵکەر.

**کامی:** ئەو چەرمی گایە، بەقسەی پلاتۆن فریشتەکان قاپقاپیان بۆ خۆیان لێی دروست کردووە و پێیەوە لەسەر زەوی پێوەی هەڵدەبەزنەوە. بەڵام لە دوای ئەوەش هەر دەبێ. لیوسیلەکەی خۆم!

**دانتۆن:** بێدەنگ بە کورِم–

**کامی:** دەتوانم؟ دانتۆن تۆ لەو بڕوایەدای؟ دەتوانم؟ ناتوانن دەست لەو بدەن. ئەو تیشکی جوانییەی کە لە جەستە شیرینەکەیەوە دەڕژێ، لە کواژنەوە نایەت. مەحاڵە! سەیر کە خاک پڕکێشی ئەوە ناکا داپۆشێ، بەدەوریدا کەوانە دروست دەکا، هەڵاوی گۆڕ وەکو شەونم بەسەر برژانگەکانییەوە دەبریسکێنەوە، کریستاڵ وەکو گوڵ بەدەورەی کۆئەندامەکانییەوە چەکەرە دەکەن و کانیی ڕوون لە خەودا بەگوێیدا دەچرپێن.

**دانتۆن:** بخەوە، کورِم، بخەوە.

**کامی:** دانتۆن گوێ بگرە، لە نێوان خۆماندا بێ، هێندە داماوانەیە کە مرۆڤ بمرێ. هیچ سوودێکیشی نییە. من دەمەوێ دوا نیگا جوانەکان لە چاوی ژیان بدزم، دەمەوێ چاوەکانم کرابنەوە.

**دانتۆن:** بەبێ ئەوەش بە کراوەیی دەیانهێڵیتەوە، سامسۆن چاوەکانی مرۆڤ داناخا. خەو بە بەزەییترە. بخەوە، کورِم، بخەوە.

**کامی:** لیوسیل، ماچەکانت لەسەر لێوەکانم قسە دەکەن، هەموو ماچێک دەبێتە خەونێک، چاوەکانم دەنوقێن و توند دەتگرن.

**دانتۆن:**: ئەی سەعات نایەوێ هێور ببێتەوە؟ بەهەموو چکەیەک دیوارەکانم لێ نزیکتر دەکاتەوە، هەتا وەکو دارەندازێک تەنگ دەبن.

کاتێ منداڵ بووم چیرۆکێکم خوێندەوە، مووەکانم بەرز بوونەوە.

بەڵێ بە منداڵی! ئەمە شایانی ئەوە بوو بەخواردن خۆم گەورە بکەم و لەشم گەرم ڕابگرم. تەنیا کار بوو بۆ گۆڕهەڵکەن!

من وام بۆ دەردەکەوێ، کە لرخەم دێت. جەستەی ئازیزم، دەمەوێ لووتم بگرم و وا لە خۆم بکەم کە تۆ ژنی، کە بە سەما ئارەقە دەکا و بۆگەنی دێت و شتی بەئەدەبانەت پێ دەڵێن. ئەگینا کاتمان زیاتر بەیەکەوە گوزەراندووە.

سبەی کەمانجەیەکی شکاوی، میلۆدییەکەی سەری تەواو بووە. سبەی شووشەیەکی بەتاڵی، شەرابەکەی ناوی خوراوەتەوە، بەڵام من مەست نیم و بە سکی ناشتا دەچم دەخەوم. ئەوانە خەڵکی بەختەوەرن کە هێشتا دەتوانن خۆیان مەست بکەن. سبەینێ پانتۆڵێکی داچۆڕاوی، دەخرێیتە دۆڵابەوە و مۆرانەکان دەتخۆن، دەتوانی بەو جۆرەی بتەوێ بۆگەنت بێ.

ئاخ، ئەمە هیچ سوودی نییە. بەڵێ، ئەوەندە داماوانەیە کە بمری. مەرگ لاسایی لەدایکبوون دەکاتەوە، لە کاتی مردندا ئەوەندە داماو و ڕووتین، وەکو کۆرپەی تازە لەدایکبوو.

بێگومان کفن دەکرێتە دایبیمان.

چی سوودی هەیە؟ ئێمە دەتوانین لە گۆڕدا گڕوگاڵ بکەین، وەکو چۆن لە لانکەدا گڕوگاڵ دەکەین.

کامی! ئەو خەوتووە (بەوەی بەسەریدا دادەچەمێتەوە) خەونێک لە نێوان برژانگەکانیدا گەمە دەکا. نامەوێ شەونمی زێڕینی خەو لە چاوی بسڕمەوە.

(هەڵدەستێتە سەرپێ و دەچێتە بەردەم پەنجەرەکە).

من بەتەنیا ناڕۆم، ژیولی سوپاست دەکەم. بەڵام حەزم دەکرد بەجۆرێکی تر بمرم، بەبێ هیلاکی، وەکو چۆن ئەستێرەیەک دەکەوێ، وەکو چۆن دەنگێک خۆی کۆتایی بەخۆی دەهێنێ، بە

لێوی خۆی هەتا دەمرێ ماچی خۆی دەکا، وەکو چۆن تیرێژێک لە لافاوە ڕوونەکاندا خۆی دەنێژێ.-

وەکو فرمێسکی بریقەدار ئەستێرەکان لە شەودا کشاون، دەبێ خەمێکی گەورە بێ لەو چاوەدا کە لێیەوە داچۆڕان.

**کامی:** ئاه! (قیت بووەتەوە و بەدەست لە بنمیچەکە دەدات)

**دانتۆن:** کامی چیتە؟

**کامی:** ئۆه، ئۆه!

**دانتۆن:** (ڕای دەوەشێنێ): دەتەوێ بە چرنووک بنمیچەکە بهێنیتە خوارەوە؟

**کامی:** ئاخ تۆ، تۆ، بمگرە، قسە بکە، تۆ!

**دانتۆن:** هەموو جەستەت هەڵدەلەرزێ، ئارەقە بەتەوێڵتەوەیە.

**کامی:** ئەوە تۆی، کە من، وا! ئەوە دەستمە! بەڵێ ئێستا بەبیرم دێتەوە. ئاه دانتۆن، ئەوە دژوار بوو.

**دانتۆن:** چی؟

**کامی:** لە نێوان خەون و بێداریدا بووم. بنمیچەکە ونبوو و مانگ دابەزییە ناو ژوورەکەوە، زۆر نزیک، زۆر نزیک نزیک، بە قۆڵم گرتم. بنمیچی ئاسمان بە تیشکەکانییەوە نزم بووەوە، بەری کەوتم، دەستم لە ئەستێرەکان دا، وەکو یەکێک خەریک بێ بخنکێ لەژێر بنمیچە سەهۆڵییەکەیدا لەترم دەدا. دانتۆن ئەوە سامناک بوو.

**دانتۆن:** گڵۆپەکە تیشکێکی بازنەیی لە دیوارەکە دەدا، تۆ ئەوەت بینی.

**کامی:** با وا بێ، زۆری نەماوە ئەو تۆزە ئەقڵەی مرۆڤ ماویەتی ئەویش

له دەست بدا. شێتی قژەکەی گرتم، (هەڵدەستێتە سەرپێ.) حەز ناکەم ئیتر بخەوم، نامەوێ شێت ببم. (دەست دەداتە کتێبێک.).

**دانتۆن:** چی دێنی؟

**کامی:** بیرۆکەکانی شەو[٧٠].

**دانتۆن:** دەتەوێ لەپێشدا بمری؟ من پویسیل[٧١] دەبەم. نامەوێ ژیان وەکو کورسیی نزا بەجێ بهێڵم، بگرە دەمەوێ وەکو جێخەوی ژنێکی بەبەزەیی بەجێی بهێڵم. سۆزانییەک کە لەگەڵ هەموو دنیادا داوێنپیسی دەکا.

## دیمەنی چوارەم

گۆڕەپانی بەردەم کۆنسیرگە

زیندانەوانێک، دوو گالیسکەوان بەگالیسکەوە، چەند ژنێک.

**زیندانەوان:** کێ پێی وتوون بۆ ئێرە بئاژوون؟

**گالیسکەوانی ١:** من ناوم بۆ ئێرە بئاژوون نییە، ئەمە ناوێکی سەیرە.

**زیندانەوان:** گەمژە، کێ ئەو ئەرکەی پێ سپاردووی؟

**گالیسکەوانی ١:** من تەویلەم لەگەڵیدا وەرنەگرتووە، بۆ ئەوسەرە لە ١٠ سیێو[٧٢] زیاترم وەرنەگرتووە.

**گالیسکەوانی ٢:** ئەو ساختەچییە دەیەوێ نانبڕاوم بکا.

**گالیسکەوانی ١:** بەچی دەڵێی نانەکەم؟ (ئاماژە بۆ پەنجەرەی زیندانییەکان دەکا): ئەوە خواردنی کرمە.

**گالیسکەوانی ٢:** منداڵەکانی منیش کرمن و ئەوانیش بەشی خۆیان دەوێ، ئای، پیشەکەمان زۆر خراپە بەڵام باشترین گالیسکەوانیشین.

**گالیسکەوانی ١:** ئەمە چۆن دەبێ؟

**گالیسکەوانی ٢:** کێ باشترین گالیسکەوانە؟

**گالیسکەوانی ١:** ئەو کەسەی لە هەمووی دوورتر و لە هەمووی خێراتر دەڕوا.

**گالیسکەوانی ٢:** کەرە، کێ لەو کەسە زۆرتر دەڕوا کە لە جیهان

دەردەچێ و کێ خێراتر لەو کەسە دەڕوا کە لە چارەکە سەعاتێکدا ڕێگەکە دەبڕێ؟ بەتەواوی پێوراوە لێرەوە هەتا گۆڕەپانی شۆڕش ڕێک چارەکە سەعاتێکە.

**زیندانەوان:** خێرا هەی نارەسەنینە! لە دەروازەکە نزیکتری بکەنەوە، کچینە ڕێ بکەنەوە.

**گالیسکەوانی ١:** جێگەکان بگرن، مرۆڤ بەدەوری کچدا نائاژوێ، هەمیشە بە ناوەڕاستیدا.

**گالیسکەوانی ٢:** بەڵێ لەو بڕوایەدام، تۆ دەتوانی بە ئەسپ و گالیسکەوە بچیتە ناوەوە، سکەی باش دەدۆزیتەوە، بەڵام کە دەردەچیتەوە لەبەر پەتا دەبێ خۆت دوور بگری.

(بۆ پێشەوە دەئاژوون).

**گالیسکەوانی ٢:** (بە ژنەکان): بۆ وا واقتان وڕماوە و دەمتان داچەقاوە؟

**ژنێک:** ئێمە چاوەڕوانی موشتەرییە کۆنەکانین.

**گالیسکەوانی ٢:** مەبەستتان ئەوەیە گالیسکەکەی من فاحیشەخانەیە؟ ئەمە گالیسکەیەکی بەناموسە، پادشا و هەموو بەڕێزە خانەدانەکانی لە پاریسەوە بۆ خوان گواستەوە.

**لیوسیل:** (دێتە ژوورەوە. لەسەر بەردێک لە بەردەم پەنجەرەی زیندانییەکاندا دادەنیشێ: کامی، کامی!)

(کامی لە پەنجەرەکەوە دەردەکەوێ).

کامی گوێ بگرە، بەم دیواری زیندان و شیشە ئاسنینانەوە لە بەردەم ڕووخسارتدا دەمهێنیتە پێکەنین، ناتوانی دابچەمیتەوە؟

دەستـەكـانت لە كوێن؟ دەمـەوێ بۆ لای خـۆمت ڕاكێـشم، مـەلی ئازیز. (گۆرانی دەڵێ): دوو ئەستێرە بە ئاسمانەوەن

لە مانگ زیاتر دەدرەوشێنەوە،

یەكێكیان لە بەردەم پەنجەرەی ئازیزترینا دەجریوێتەوە

ئەوەی تریان لە بەردەم دەرگەی ژوورەكەدا.

وەرە وەرە، هـاوڕێكەم! بەبێدەنگی بەسـەر پلەكاندا وەرە سـەرەوە، هـەموو نووسـتوون. مانگ یـارمەتیم دەدا زۆر چاوەڕوان بم. بەڵام تۆ ناتوانی لە دەروازەكەوە بێیتە ژوورەوە، ئەوە جلێكە تەحـەمول نـاكـرێ. ئـەوە بۆ خـۆشـی نەنگە، كـۆتاییی پێ بهـێنە. تـۆ ناشجووڵێیتەوە، بۆچی قسە ناكەی؟ تۆ دەمترسێنی.

گـوێ بگرە! خـەڵكی دەڵێن تۆ دەبێ بمری و لـەبەر ئـەوە چارە بەیەكدا دەدەن. مـردن! من پێكەنینم بە ڕووخـسـارەكـان دێت. مـردن! ئـەمـە چ وشـەیەكـە؟ كـامی پێم بڵێ. مـردن! دەمـەوێ بـیـر بكەمـەوە. ئـەوەتا، ئەوەتـانێ. دەمـەوێ بە دوایدا ڕابكەم، وەرە، هاوڕێی شیرین، یارمەتیی چاوشاركێم بدە، وەرە! وەرە!

(ڕادەكا.)

**كامی:** (بانگ دەكا): لیوسیل! لیوسیل!

## دیمەنی پێنجەم

کۆنسێرگە

دانتۆن (لە بەردەم پەنجەرەیەکدا کە بەسەر ژوورەکەی تردا دەڕوانێ).

کامی، فیلیپۆ، لاکروا، ئێرۆ

**دانتۆن:** فابر، تۆ ئێستا بێدەنگی.

**دەنگێک:** (لە ژوورەوە): لە سەرەمەرگدا.

**دانتۆن:** دەشزانی ئێمە ئێستا چی دەکەین؟

**دەنگ:** دەی؟

**دانتۆن:** ئەوەی تۆ بەدرێژاییی ژیانت کردووتە شیعر.

**کامی:** (لەبەر خۆیەوە): شێتی لە پشتی چاوییەوە بوو. خەڵکی زۆرتر شێت بوونە، ئەمە ڕەوتی دنیایە. ئێمە چیمان لە دەست دێت؟ ئێمە دەستی خۆمان دەشۆین. ئاوهاش باشترە.

**دانتۆن:** هەموو شتێک لە ئاڵۆزییەکی دژواردا بەجێ دەهێڵم. کەس لە حوکمکردن تێ ناگا. لەوانەیە هێشتا بکرێ، ئەگەر سۆزانییەکانم بۆ ڕۆپسپییێر و پووزم بۆ کوتۆن بەجێ بهێڵم.

**لاکروا:** گوایە ئێمە ئازادیمان کردووەتە سۆزانی!

**دانتۆن:** ئەمجا با وایش بێت! ئازادی و سۆزانی گەردوونیترین شتی دنیان. ئێستاش بەنامسانە لە جێخەوی ژن و مێردانەی

پارێزەرەکەی ئارادا لەشەفرۆشی دەکا. بەڵام من وا بیر دەکەمەوە دژی ئەو خۆی دەکاتە کلیۆتایمێسترا[٧٣]، من ماوەی شەش مانگ زیاتری نادەمێ، لەگەڵ خۆمدا ڕای دەکێشم.

**کامی:** (لەبەر خۆیەوە): خوا یارمەتیی بیرۆکەیەکی خۆشی چەسپاوی دەدا. بیرۆکە گشتییە چەسپاوەکان، کە مرۆڤ بە ئەقڵی تەندروست ناوزەدی دەکا، ئەوەندە وەڕسکەرن بەرگەیان ناگیرێ. بەختەوەرترین مرۆڤ ئەوە بوو، کە توانی وێنای ئەوە بکا، کە خوا باوک، کوڕ و ڕوحی پیرۆز بوو.

**لاکروا:** کاتێ بە لایاندا تێ دەپەڕین کەرەکان دەزەڕێنن بژی کۆمار.

**دانتۆن:** ئەمجا چی تیا بەسەرە؟ با لافاوی گوناهی شۆڕش تەرمەکەمان لەو شوێنەدا فڕێ بدا کە دەیەوێ، مرۆڤ هەمیشە دەتوانێ بە ئێسکە وشک و ڕەقبووەکانمانەوە کەللەی هەموو پادشاکان بشکێنێ.

**ئێرۆ:** بەڵێ، ئەگەر ئێستا سیمسۆنێک[٧٤] بۆ شەویلاگەمان بدۆزرێتەوە.

**دانتۆن:** ئەوان براکانی قابیلن.

**لاکروا:** هیچ شتێک ئیتر ناتوانێ لەوە باشتر ئەوە بسەلمێنێ کە ڕۆپسپییێر نێرۆ[٧٥] یەکە وەکو ئەو بارودۆخەی، کە هەرگیز لەگەڵ کامیدا دلۆڤان نەبووە، وەکو دوو ڕۆژ پێش گرتنی. کامی وا نییە؟

**کامی:** با وابێ، ئەمە چ پێوەندیی بە منەوە هەیە؟

چۆن لە شێتییەوە شتێکی جوانی دروست کرد. بۆچی من دەبێ ئێستا بڕۆم؟ دەبوو ئێستا لەگەڵیدا پێ بکەنم، بیلاوێنم و ماچی بکەم.

**دانتۆن:** ئەگەر ڕۆژێک مێژوو گۆڕەکانی هەڵداتەوە لەوانەیە هێشتا

ستەمکاری بەبۆنی تەرمەکانمان بخنکێ.

**ئێرۆ:** ئێمە لە ژیانیشدا زۆر بۆگەنمان لێ دەهات. ئەمانە کلێشەن بۆ وەچەی داهاتوو وا نییە دانتۆن، ئەمانە هیچ پێوەندییان بە ئێمەوە نییە.

**کامی:** چارەی وا بەیەکدا دەدا، وەکو بەرد ڕەق بێ و وەچەکانی داهاتوو وەکو شتێکی سەردەمی کۆن لە چاڵی دەربهێنن.

ئەمە شایانی ئەو هیلاکییەیە لچ شۆڕ بکەیتەوە و ئارایشت بکەیت و بەگۆکردنێکی باش قسە بکەی؛ ئێمە دەبێ جارێک دەمامکەکان داگرین، ئەمجا وەکو لە ژوورێکی بە ئاوێنە چواردەور گیراودا بین تەنیا سەرێکی زۆر کۆنی لە ژماردن نەهاتووی مەڕ دەبینین، نە کەمتر، نە زیاتر. جیاوازییەکان هێندە گەورە نین، ئێمە هەموومان ساختەچی و فریشتەین، گەمژە و بلیمەت و هەموو ئەمانەش بەجارێ، چوار شتەکە لە هەمان جەستەدا جێی خۆیان دەکەنەوە، ئەوەندە پان نین وەکو مرۆڤ وێنای دەکا.

خەوتن، هەرسکردن، منداڵ دروستکردن هەمووان ئەوە دەکەن، شتەکانی تر تەنیا شێوەی جیاوازی تۆنە جیاوازەکانە لەبارەی هەمان بابەتەوە. مرۆڤ دەبێ خۆی بخاتە سەر پەنجەی پێ و چارە بەیەکدا بدات، مرۆڤەکان دەبێ لە بەردەم یەکتردا شەرم بکەن. ئێمە لەسەر هەمان خواندا هەتا نەخۆش کەوتن نانمان خوارد و تووشی سکئێشان دەبووین، بۆچی دەستەسڕەکان لە بەردەم رووخسارتان ڕاگرتووە، هاوار بکەن و هەتا دەتوانن بگرین.

تەنیا ئەوەندە بەشکۆ و نوکتەبازانە و پاڵەوانانە و بلیمەتانە چارە بەیەکدا مەدەن، ئێمە یەکتر دەناسین، ئەم ئەو خۆهیلاککردنە لە کیسی خۆتان بهێڵنەوە.

**ئێرۆ:** بەڵێ کامی، با لەلای یەکتر دانیشین و هاوار بکەین. هیچ شتێک لەوە گەمژانەتر نییە لێوەکانمان لە یەکتر توند بکەین کاتێ مرۆڤ شوێنێکی ئازاری هەبێ.

یۆنانییەکان و خواوەندەکان هاواریان کرد، ڕۆمەکان و ستۆیکییەکان پاڵەوانانە چارەیان بەیەکدا دا.

**دانتۆن:** هەندێکیان وەکو ئەوانی تر ئەبیقوری بوون. بڕوا بەخۆبوونێکی زۆر نایابیان بۆ خۆیان دروست کردبوو. شتێکی خراپ نییە مرۆڤ عەباکەی خۆی بنەخشێنێ و سەیری دەوروبەری خۆی بکا بۆ ئەوەی بزانێ ئاخۆ سێبەرەکەی درێژە. بۆچی خۆمان هیلاک بکەین؟ ئاخۆ ئێمە گەڵای دەفنە، چەپکە گوڵاڵەسوورە یان گەڵامێو لەبەر داوێنماندا ببەستین، یان ئەو شتە ناشیرینە بە ئاشکرا پێشان بدەین و بیخەینە بەردەم سەگ بۆمانی بلێسێتەوە؟

**فیلیپۆ:** هاوڕێیانم مرۆڤ پێویستی بەوە نییە زۆر بەرز لە زەوییەوە بوەستێ بۆ ئەوەی ئیتر هیچ لەو بەرزی و نزمییە ئاڵۆز و بریقەدارە نەبینێ و چاوەکانی پڕ بووبێ لە چەند هێڵێکی گەورەی خوایی.

گوێیەک هەیە کە ئەم هەموو هاوار و قیژە بەیەکداچووە و ئەم فریادە، کە کەڕمان دەکەن، بۆ ئەو تەوژمی هارمۆنیان.

**دانتۆن:** بەڵام ئێمە ژەنیارە داماوەکانین و جەستەکانمان

ئامێرەکانمانن. ئاخۆ ئەو دەنگە ناخۆشانەی، کە بەسەریاندا دەبارێنرێن تەنیا لەوێن بۆ ئەوەی بەرزتر و بەرزتر خۆسەپێن و تا دوایی بە دەنگی نزم زایەڵەیان بکوژێتەوە و وەکو هەناسەیەکی بەلەزەت لە گوێ ئاسمانییەکاندا بمرن.

**ئێرۆ:** ئاخۆ ئێمە وەکو بەچکەبەراز نین، کە بۆ خوانە میرانەکان بە دار دەکوژرێن، بۆ ئەوەی گۆشتەکەیان بەتامتر بێ؟

**دانتۆن:** ئاخۆ ئێمە منداڵین، کە بە دەستە درەوشاوەکانی ئەژدیهایەکی ئەم جیهانەوە سوور بکرێینەوە و بە تیریژی ڕووناکی ختۆکە بدرێین، بۆ ئەوەی خواوەندەکان بەپێکەنینەکانیان دڵخۆش بن؟

**کامی:** ئاخۆ ئاسمان بە چاوە زێڕینەکانییەوە دەفرێکە بە ماسیی زێڕینەوە، کە لەسەر خوانی خواوەندە پیرۆزەکان دانراوە و خواوەندە پیرۆزەکان هەمیشە پێ دەکەنن و ماسییەکان هەمیشە دەمرن و خواوەندەکان بۆ هەمیشە بە گەمەی ڕەنگەکانی گیاندان دڵخۆش دەبن؟

**دانتۆن:** دنیا پاشاگەردانییە. هیچ ئەو شتەیە کە خوای جیهانی لێوە لێ لەدایک دەبێ.

(زیندانەوانەکە دێتە ژوورەوە).

**زیندانەوان:** بەڕێزانم، دەتوانن بەڕێ بکەون، گالیسکەکان لە بەردەم دەرگە وەستاون.

**فیلیپۆ:**: شەوباش هاوڕێکانم، با پەتووە گەورەکە بەسەرماندا بدەین، لەژێریدا هەموو دڵەکان دەکوژێنەوە و هەموو چاوەکان دادەخرێن.

(باوەش بەیەکدا دەکەن).

**ئێرۆ:** (دەسـتی کـامی دەگـرێ): کـامی دڵـخـۆش بە، شـەوێکی خـۆش بەسەردەبەین. هەورەکان بە ئاسمانی بێدەنگی ئێوارەوەن وەکو چۆن ئۆلیمپی کۆژاوە بەڕووخساری زەردهەڵگەڕاوی، ئاوابووی خواوەندەکانەوەیە.

(دەڕۆن).

## دیمەنی شەشەم

ژوورێک

ژیولی

**ژیولی:** گەل بەناو کۆڵانەکاندا ڕای کرد، ئێستا هەموو شتێک بێدەنگە.

نامەوێ چرکەساتێک چاوەڕوان بێ.

(شووشەیەک دەردەهێنێ).

وەرە ئازیزترین قەشە، کە ئامینەکانی بەرەو جێخەومان دەبا.

(دەچێتە بەردەم پەنجەرەکە).

ئەوەندە خۆشە ماڵئاوایی بکەی، تەنیا دەبێ دەرگەکە لە پشتی خۆمەوە ڕابکێشم. (لە شووشەکە دەخواتەوە).

مرۆڤ دەیەوێ هەمیشە وا ڕاوەستێ.

خۆر ئاوا بووە. سیمای زەوی لەبەر تیشکی خۆرەکەدا ئەوەندە ڕوون بوو، بەڵام ئێستا سیمای ئەوەندە هێمن و جیدییە وەکو یەکێکی لە سەرەمەرگدا بێ. زەردەپەڕی ئێوارە چەند جوان بە تەوێڵ و گۆناکانییەوە گەمە دەکا.

هەمیشە ڕەنگی زەرد و زەردتر دەبێ، وەکو تەرمێک لە لافاوی گەردووندا بەرەو خوارەوە دەکشێ؛ ئاخۆ هیچ دەستێک نایەوێ کەزییە زێڕینەکەی بگرێ و لە ڕووبارەکەی دەربهێنێ و بینێژێ؟

من بەبێدەنگی دەڕۆم. ماچی ناکەم، کە هیچ هەناسەیەک، هیچ

بەرهەنسکێک لە خەوی بێدار نەکاتەوە.

بنوو، بنوو.

(دەمرێ).

## دیمەنی حەوتەم

گۆڕەپانی شۆڕش

گالیسکەکان دێن و لەپێش سەرپەرێنەر دەوەستن. پیاوان و ژنان گۆرانیی کارماگۆنۆل دەڵێن و سەمای کارماگۆنۆل دەکەن. زیندانییەکان مارسێ دەڵێن

**ژنێک بە منداڵەوە:** ڕێم کەن! ڕێم کەن! منداڵەکان هاوار دەکەن، برسییانە. دەبێ ئاگەداریان بکەمەوە بێدەنگ بن. ڕێم کەن؟

**ژنێک:** هۆو دانتۆن، ئێستا دەتوانی لەگەڵ کرمەکاندا بێئابڕوویی بکەی.

**یەکێکی تر:** ئێرۆ، لە قژە جوانەکەت پێرۆکەیەک دەدەمە کردن.

**ئێرۆ:** من دارستانی تەواوم بۆ چیای ڤینۆسی لە دارودرەخت ڕووتکراوەم نییە.

**کامی:** جادووگەری لەعنەتییانە! ئێوە هاوار و قیژە دەکەن، ئێوەی شاخ بەسەرماندا دەکەون!

**ژنێک:** شاخ بەسەرتاندا کەوتووە یان ئێوە لێی کەوتنە خوارەوە.

**دانتۆن:** (بە کامی): بێدەنگ بە کوڕم، ئەوەندە هاوارت کرد هەتا قوڕگت نووسا.

**کامی:** (پارە بەگالیسکەوانەکە دەدا): بگرە خارۆنی[٧٦] پیر، گالیسکەکەت زۆر لە بەرچاوە.

بەڕێزانم، دەمەوێ لەپێشدا خۆم بخەمە سەر خوان. ئەمە خوانێکی کۆنە، ئێمە لەسەر جێیەکانی خۆمان کەوتووین و وەکو لیباسیۆن[٧٧] کەمێک خوێنمان لێ دەڕژێ. ماڵئاوا دانتۆن.

(دەچێتە سەر ئەسکەلەی خوێن. زیندانییەکان یەک بەدوای یەکدا دوای دەکەون. دانتۆن دوای هەموویان سەردەکەوێ.)

**لاکروا:** (ڕوو دەکاتە خەڵکەکە): ئێوە لەو ڕۆژەدا دەمانکوژن کە شێت بوون؛ لەو ڕۆژەدا ئەوان دەکوژن، کە ئاقڵ دەبنەوە.

**چەند دەنگێک:** ئەمە جارێک ڕووی دا، چەند وەڕسکەرە!

**لاکروا:** ستەمکارەکان بەسەر گۆڕەکانماندا ملی خۆیان دەشکێنن.

**ئێرۆ:** (بە دانتۆن): ئەو تەرمەکەی بە پەینی تەرسی ئازادی دەزانێ.

**فیلیپۆ:** (لەسەر سەرپەڕینگە): من دەتانبەخشم، من ئاوات دەخوازم ساتی مەرگی ئێوە لە هی من تاڵتر نەبێ.

**ئێرۆ:** منیش وام بیر کردەوە، دەبێ جارێکی تر دەست بۆ سنگی ببا و بەو خەڵکەی خوارەوە پێشان بدا، کە پەرێزی پاکە.

**فابر:** ماڵئاوا دانتۆن. من دووجار دەمرم.

**دانتۆن:** ماڵئاوا هاوڕێم. سەرپەڕێنەر باشترین پزیشکە.

**ئێرۆ:** (دەیەوێ ئامێز بەدانتۆندا بکا): ئاخ دانتۆن. ناتوانم گاڵتەیەکیش بکەم. کاتی هات.

(جەلادێک بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنێ).

**دانتۆن:** (بە جەلادەکە): دەتەوێ لە مەرگ دڵڕەقتر بی؟ دەتوانی ڕێ لەوە بگری، کە سەرەکانمان بنی سەتڵەکان ماچ بکەن؟.

## دیمەنی هەشتەم

جادەیەک

لیوسیل

**لیوسیل**:: خۆ جۆرە شتێکی وەکو جیدیەتی تێدایە.

دەمــەوێ بیــر بکەمــەوە. خــەریکە دەست پێ دەکــەم لە شــتی لەو بابەتە تێ بگەم. مردن –مردن–

هـەمـوو شتێک دەبێ بژی، ئەم مێشـوولە بچووکەی ئێرە، –مـەل. بۆچـی ئەو نا؟ ئەگــەر ڕووباری ژیـان تەنیــا تنۆکـێکی لـێ بڕژێ دەبێ ڕاوەستێ. زەوی دەبێ بەو گورزە برینێکی تێ بێ.

هـەمـوو شتێک دەجـوولێتـەوە، سـەعاتەکـان دەڕۆن، زەنگەکـان لێ دەدەن، خەڵکەکـە ڕێ دەکەن، ئاو دەچۆڕێ و ئاوهـا ئـاوهـا هەموو شــتــێک بەردەوامــە هـەتـا ئەوێ، ئەوێ نـەخــێــر! نابــێ ڕوو بدا، نەخـێر– دەمــەوێ لەسـەر زەوییــەکە دابنیشم و هـاوار بکەم، تا هـەمـوو شـتێک بەترسـەوە ڕابوەسـتـێ، هـەمـوو شـتـێک بوەسـتـێ، چیی تر نەجوولێتەوە.

(دادەنیــشـێ، چـاوی خــۆی دەگــرێ و قــیــژەیەک دەکــا. دوای پشوویەک هەڵدەستێتەوە.)

ئەمـە هیـچ سـوودی نییـە، هەمـوو شـتێک لەخۆڕایە، خـانووەکـان، کۆڵانەکـە، با هـەڵدەکـا، هەورەکـان دەکشـێن. ئێـمـە دەبێ ئازار بکێشـین.

(چەند ژنێک بە کۆڵانەکەدا بەرەو خوار دێن.)

**ژنی ١:** ئێرۆ پیاوێکی جوانە.

**ژنی ٢:** کاتێ لە کاتی ئاهەنگی دامەزراندندا لەسەر سەکۆی ئاهەنگی سەرکەوتندا وەستابوو بیرم کردەوە، ئەو دەبێ لەسەر سەرپەڕینگە زۆر جوان بێ، وام بە بیرمدا هات. ئەمە شتێک بوو بە بیرمدا هات.

**ژنی ٣:** بەڵێ مرۆڤ دەبێ خەڵکەکە لە هەموو هەلومەرجێکدا ببینێ، زۆر باشە کە مەرگ ئاوها دەبێتە شتێکی گشتی.

(بە لایدا تێ دەپەڕن).

**لیوسیل:** کامییەکەی من! ئێستا لە کوێ بەدواتدا بگەڕێم؟.

## دیمەنی نۆیەم

گۆڕەپانی شۆڕش

دوو جەلاد بە سەرپەڕینگەکەوە سەرقاڵن

**جەلادی ١:** (لەسەر سەرپەڕێنەرەکە وەستاوە و گۆرانی دەڵێ).

کاتێکیش دەبێ بڕۆم بۆ ماڵەوە

تریفەی مانگ ئەوەندە جوانە...

**جەلادی ٢:** هەی تۆ! بەم زووانە تەواو دەبی؟

**جەلادی ١:** هەر ئێستا، هەر ئێستا! (گۆرانی دەڵێ): پەنجەرەکەی باپیرم ڕووناک دەکاتەوە

زەلام بۆ ئەوەندە لەلای خەڵکی دەمێنیتەوە؟

دەی! چاکەتەکە بێنە!

(بەدەم گۆرانی وتنەوە دەڕۆن).

کاتێکیش دەبێ بڕۆم بۆ ماڵەوە

تریفەی مانگ ئەوەندە جوانە.

**لیوسیل:** (دێتە ژوورەوە و لەسەر پلیکانەکانی سەرپەڕینگەکە دادەنیشێ).

عیزرائیلی بێدەنگ، من لە باوەشت دادەنیشم.

(گۆرانی دەڵێ): تەنیا درەوکەرێکە، ناوی مەرگە،

لە بەرزترین خواوە دەسەڵاتی پێ دراوە.

لانکەی ئازیز، کە تۆ بە لایلایە خەوت لە کامیەکەی من خست،
لەژێر گوڵاڵەسوورەکانتدا هەناسەت لێی بڕی.
ئەی زەنگی مەرگ، کە بە زمانە شیرینەکەت هەتا گۆڕ گۆرانیت
بۆ وت. (گۆرانی دەڵێ)
چەندان سەد هەزار نەژمێردراون،
ئەوەی تەنیا دەکەوێتە ژێر داسەوە.
(نۆبەچییەک دەردەکەوێ).
**هاووڵاتییەک:** هۆو ئەوە کێیە؟
**لیوسیل:** بژی پادشا!
**هاووڵاتی:** بەناوی کۆمارەوە.
(نۆبەچییەکان دەوری لیوسیل دەگرن و دەیبەن).

## سەرچاوەکان

George Büchner, Dantons Tod, Reclam, 2002, Stuttgart.
Wilhelm Große, Lektürenschlüssel, Reclam, 2005, Stuttgart.
Gerald Funk, Erläuterungen und Dokumente, Reclam, 2002, Stuttgart
Arinane Martin, Georg Büchner, Reclam, Reclam, 2007, Stuttgart.
Martin Neubauer, Georg Büchner, Dantons Tod, mentor, 2006, München.

سوپاسی ئەحمەدی مەلا دەکەم کە ناوی کارەکتەرەکانی بۆ ڕاست کردمەوە.

## پەراوێزەکانی وەرگێڕ

١. سۆفلیۆر: یەکێک لە شانۆ یان لە ئۆپرا لە شوێنێک خۆی پەنهان کردووە و لە بینەرانەوە دیار نییە و بینەران دەنگی نابیستن، کاتێک ئەکتەرێک یان گۆرانیبێژێکی ئۆپرا دەقی لە بیر دەچێتەوە بە چرپە دەقەکەی بیر دەخاتەوە.

٢. دڵ و قەرە دوو کارتی پاپەزن و لێرەدا دڵ وەکو ئاماژە بۆ ئەڤین و لەبەر هاوشێوەیی قەرە بە ڕەحمی ئافرەت وەکو ڕەمزی لەزەت بەکار هێنراوە.

٣. کاتێ پەنجەکەڵە دەخرێتە نێوان پەنجەی ناوەڕاست و دۆشاوەمژەوە و دەست دەنوقێنرێ ئاماژەیەکی بێشەرمانەیە و ڕەحمی ژن بەرجەستە دەکا.

٤. تەپلەی سوور لە شۆڕشی فرەنسیدا ڕەمزی ناسینەوەی ژاکۆبینییەکان بوو.

٥. لێرەدا مەبەست یانەی ژاکۆبییەکانە.

٦. سیاسەتوان و سەرلەشکرێکی یۆنانی بووە (٤٠٤-٤٥٢ پ.ز.)

٧. گرووپێکی توندڕۆ لە ژاکۆبییەکان جیا بووبوونەوە.

٨. لێژنەیەکی دە کەسی فەرمانڕەوایی، کە ئۆرگانی سەرەکیی حکوومەتی شۆڕشی فرەنسی بوو.

٩. مەبەست ڕۆپسپییێرە کە پێش ئەوەی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵی بژێرن لە شاری ئارا پارێزەر بوو.

١٠. مەبەست ژان ژاک ڕۆسۆیە کە باوکی لە جنێف سەعاتچی بووە.

١١. حسابەکەی مارات: ژین پۆل مارات، سەرۆکی یانەی ژاکۆبییەکان و لێپرسراوی سەرەکی کوشتارەکانی سێپتەمبەر بوو. ئەو حسابەی دژی گیراندۆسییەکان بەرگریی لێی دەکرد ئەوە بوو: "ئەگەر پێشنیازی ئەوەم کرد سەری ٥٠٠ شاپەرست بپەڕێنرێ، تەنیا بۆ ئەوە رووی دا، بۆ ئەوەی سەری ٥٠٠٠٠٠ هاووڵاتیی بێگوناه بپارێزرێ."

١٢. کچە باکوس: کچانی سەماکەر، کە باکوسی خواوەندی شەراب لەلای

ڕۆمەکان بە سەما دەخستە جەزبە.

١٣. ئێپوکور (ئەبیقور) (٢٧٠-٣٤١ پ.ز) فەیلەسوفێکی یۆنانی بوو هەڵوێستێکی فێر دەکرد کە بەختەوەریی ناخی مرۆڤی دەکردە ئامانج.

١٤. شۆڕشگێڕە فرەنسییەکان پێیان خۆش بوو بە ڕۆمایی بانگ بکرێن و لاسایی ئەوانیان دەکردەوە.

١٥. بەپێچەوانەی "ئاغا"، "سەروەر"ەوە چەمکی "هاووڵاتی" لێرەدا بە مانای وشەی شۆڕشگێڕانە هاووڵاتیی چالاکی سیاسی دەگەیەنێ.

١٦. ڤیرجینیوس: ڕۆمایییەکی هەژار بەڵام بەڕێز و پایەدار بوو، کچەکەی خۆی بەر چەقۆ دا بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی ئەپیوس کلاودیۆسی تینووی دەسەڵات، کە سەر بە چینی سەرەوە و کونسوڵی دێسەمبەرییەکان و ئەندامی چینی فەرمانڕەوا بوو.

١٧. لوکریتسیا: ژنی تارکوینیوس کۆلاتینوسی خانەدان بوو، دوای ئەوەی سێکستوسی گەورەترین تارکوینیوس سوپەربوسی پادشای ڕۆما زۆرگیری کرد خۆی کوشت.

١٨. سەیری پەراوێزی ١٦ بکە.

١٩. ڤێتۆ: مەبەست لە پادشایە لە سەدەی نۆزدەدا کە مافی ڤێتۆی لە کاتی یاسادانانددا هەبوو.

٢٠. پێ بۆ دەرەوە دانان لە کاتی ڕۆیشتندا شێوەیەکی دەرەبەگ و خانەدانەکان بووە کە پێشەوەی پێیان بە ئاراستەی دەرەوە داناوە.

٢١. سانکیولۆت: بێ پانتۆڵەکان یان ئەوانەی پانتۆڵی کورتیان لەبەردا نییە، ئەمە بۆ خۆجوداکردنەوە بوو لە خانەدانەکان کە پانتۆڵی کورتیان لە بەر دەکرد.

٢٢. (٥٣٠-٤٦٧ پ.ز) سەرلەشکرێکی ئاتی بووە بە دادپەروەری و سوودی خۆنەویستن ناوبانگی ڕۆیشتووە و لە هەژاریدا مردووە.

٢٣. باوسیس: ژنی فیلیمۆن و وەکو ڕەمزی ئەشقی جاویدانی سەیری دەکرێ، لەبەرئەوەی لە یۆنانیی کۆندا هەتا پیر بوون بەدڵسۆزی بۆ یەک مانەوە.

٢٤. نموونەی ژنێکی دڵسۆز کاتێ بینی هەوڵ و کۆششی کۆمارخوازەکان بە فیڕۆ چووە خۆی کوشت.

٢٥. ڕۆنسین: شارل فیلیپ ڕۆنسین وەکو قوربانییەکی شەڕی دەسەلاَت کوژرا.
٢٦. شالیەر: ماری یوسف شالیەر سەرکردایەتیی ڕاپەڕینێکی لە لیۆن دژی حکوومەت دەکرد؛ پاش ڕاپەڕینی دژە ژاکۆبینی شار دەسگیر کرا و کوژرا.
٢٧. پیتس: ولیام پیتس، ئەو کاتە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووە، ئەندازیاری بەرەی دژە شۆڕشی فرەنسا بووە.
٢٨. ئەمانە پیاوگەلێک بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان سلَیان لە توندوتیژی نەدەکردەوە.
٢٩. گالیار: هاوڕێیەکی نزیکی شالیەر؛ لەبەر هۆیەکی نادیار خۆی کوشت.
٣٠. خەنجەرەکەی کاتۆ: کاتۆ (٤٦/٩٥ پ.ز) هەوادارێکی بە جۆشوخرۆشی کۆمار بوو، کاتێ یولیوس سێزار ئاهەنگی سەرکەوتنی بەسەر کۆماردا گێڕا کاتۆ بە خەنجەر خۆی کوشت.
٣١. مەبەستی پشگیریکردنیانە. مەرگی سوکراتی فەیلەسووفی یۆنانی بە بادەیەکی ژاراوی وەکو ڕەمزی ئامادەیی بۆ مەرگ ئاماژەی پێ دەکرێ.
٣٢. سەرەکانی مێدوسا: یەکێک لە گۆرگۆنەکان کە تانەی لە پلەی جوانیی مینێرڤا دەدا، لە تۆڵەدا ئەویش تاڵەکانی قژی کردە مار و وزەیەکی وای بەچاوی بەخشی هەر کەسێ سەیری کردبا دەبووە بەرد.
٣٣. تاسیتوس زەبروزەنگی قەیسەری ڕۆمای بەرجەستە کردووە دیسمۆلان لە ساتیرێکیدا تیرۆری دیکتاتۆریەتی ژاکۆبینییەکانی بەزەبروزەنگی ڕۆمەکان بەراورد کردووە.
٣٤. سالوست لە نووسینێکیدا ئاماژە بەوە دەکا کە کاتیلینا و هەوادارەکانی ئامانجیان ئەوە بووە ڕۆما بسووتێنن و دانیشتوانەکەی بکوژن.
٣٥. مینۆتاوروس: بەپێی ئەفسانەکان یەکێک لە کوڕەکانی پێسیفای ژنی مینۆس و کەڵەگایەکە، شێوەی مرۆڤە بە سەرێکی کەڵەگاوە و گۆشتی مرۆڤی خواردووە، لەبەر ئەوە ئەو کچ و کوڕانەی سالاَنە دەکرانە قوربانیی مینۆس بۆ خواردن بۆی فڕێ دەدا، هەتا تێسیۆس کوشتی و ئەتینییەکانی لەم قوربانیدانە ڕزگار کرد.
٣٦. ڤینۆسی مێدیچی: کۆپییەکی بەناوبانگی پەیکەری ئەفرۆدیتە، کە بەناوی

کۆنترین خاوەنییەوە واتەماڵباتی مێدیچییەوە ناونراوە.

٣٧. مێدیا، کچی کۆلخیزی پاشا لە خۆشەویستیدا بۆ ئیاسۆن ئەسپیرتۆسی بردە دوورگەیەکی دوور و ئیاسۆن ئەسپیرتۆسی کوشت و یارمەتیی دا لاشەکەی پارچە پارچە بکەن و فڕێی بدەنە دەریاوە.

٣٨. سەگێکی گەورە و بەهێزی بێ تووکی گوێ شۆڕە بۆ ڕاو و پاسەوانی بەکار دەهێنرێ.

٣٩. سەگی بۆلۆنێزی: سەگێکی بچووکی سپییە، سۆزانییەکانی فرەنسای ئەو کاتە حەزیان لەم جۆرە سەگە بووە و ڕایان گرتوون.

٤٠. ئەدۆنیس: پاڵەوانێکی یۆنانی بە ڕەگەز ئاسیایی، ڕەمزی جوانیی پیاو، کە یەکانەیەک دەیکوژێ

٤١. پایتۆس: ڕۆماییەکی بەناوبانگ و پایەدار بووە، لەگەڵ ژنەکەیدا لە پیلانێک دژی قەیسەر کلاودیوس تێوە گلابوون. بەهۆی ئەشکەنجەی زۆرەوە ژنەکەی خەنجەرێکی بە سکی خۆیدا کرد، لە سەرەمەرگدا خەنجەرەکەی دایە دەستی مێردەکەیەوە و وتی پایتۆس ئازاری نییە.

٤٢. بروتوس: ڕۆمای لە دەستی پادشاکان ئازاد کرد. گوایە حوکمی مەرگی بەسەر هەردوو کوڕەکەیدا داوە، کاتێ ویستوویانە پادشاکان بۆ سەر کورسیی دەسەڵات بگێڕنەوە.

٤٣. خواوەندی ڕۆمی (یۆنانی: کرۆنۆس)، کە بۆ دڵنیابوون لە دەسەڵاتەکەی منداڵەکانی خۆی خوارد.

٤٤. گابەردی تارپایی: قەدپاڵێکی بەردینیی پایەتەختی ڕۆمایە، ئەو زیندانییانەی حوکمی مردنیان بەسەردا درابوو لەوێوە فڕێ دەدرانە خوارەوە.

٤٥. پێڕەوکەرانی فەلسەفەی ئێپیکور.

٤٦. ئەندامی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی و هەوادارێکی توندڕۆی ڕۆپسپییێر بوو، هەر لەگەڵ ئەویشدا کوژرا.

٤٧. ئەویش لە هەوادارەکانی ڕۆپسپییێر بوو.

٤٨. شاخی کالڤاریان: شاخی کەللەسەر، گۆگاتاشی پێ دەوترێ. شوێنی لەخاچدانی مەسیحیشە.

٤٩. سـان دێنیز: یەکەم سـەرقـەشـەی نـاسراوی پاریس. گوایە دوای ئەوەی سـەری دەبڕن و لە لەشی جیای دەکەنەوە سەری بەدەستی خۆی هەڵگرتووە.
٥٠. ڕووخـسـاری هـیـپـۆکراتـی: ڕوخـسـاری کـەسـێکی لە سـەرەمـەرگـدا بێ، کـە هیپۆکراتی پزیشکی یۆنانی وەسفی کردووە.
٥١. ئەو شوێنەی پێش ئەوەی مەسیح دەستگیر بکرێ نوێژی تێدا کردووە.
٥٢. بروتوس: یەکێک بوو لە پیلانگێڕانی کۆمار، کە قـەیسـەریان بەر خـەنجەر دا و کـوشـتـیـان، دوای ئەوەی دیکتـاتۆریەتی هـەتاهـەتایی بە قـەیسـەر سـپـێـردرا و بەپۆشاکی پاشایانەوە خۆی پێشان دا.
٥٣. بەپێی ئەفسـانەکان دایکی ڕۆمـۆلوس و ڕێموس لە تیبەر فڕێی دان و گورگێک شـیـری خـۆی پێ دان و لـە مـردن ڕزگـاریان بوو. ڕۆمـۆلوس دامـەزرێنەری ئەفسانەییی شاری ڕۆمایە.
٥٤. وەکو ئۆڤید دەگێڕێتـەوە، پیگمـالیۆن، پادشـای قـوبرس، وەکو پەیکەرتاشـێکی بەسـەلیقە پەیکەری ژنێکی لا عـاج تاشی، جوانییـەکەی هێندە سەرسـامی کرد، کــە ئەڤــینی بۆ کــارەکــەی خـــۆی هەژا و لە ڤــینۆس پـاڕایەوە ڕوح بـەبەر پەیکەرەکەدا بکا، داواکەی بەجێ دەهێنرێ؛ پەیکەرەکە لە بـەرچاوی و بە دەم ئامێزپێداکردنیدا دەستی بە هەناسـەدان و ژیان کرد. بووە ژنی و منداڵێکی لێی دروست کرد، بەپێی هەندێ ئەفسانەی تر پەیکەرەکە نەزۆک بووە.
٥٥. داڤید: نیگارکێش و ئەندامێکی توندڕۆی ئەنجوومەن بووە.
٥٦. زیندانێکی پاریس.
٥٧. کچەکانی پێلیاس باوکیان لەتوپەت کرد بەو ئومێدەی گەنجی بکەنەوە. مێدیا ئەم بیرۆکەیەی دانێ بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە پێلیاس بکاتەوە.
٥٨. مـارسـەی: لـە سـاڵی ١٧٩٢دا وەکو سـرووودی جـەنگیی فـرەنسا لە دژی نـەمسـا دانراوە و لە کاتی شۆڕشی فرەنسیدا کرایە سرووودی نیشتمانی.
٥٩. یەکێک لە گرینگترین بەندیخانەکانی پاریس.
٦٠. مەدام مۆمـۆرۆ: مەبەست ژنە گەنجەکەی پەخشکاری کتێب ئەنتوان مۆمۆرۆیە کە یەکێک بوو لە پێشرەوەکانی کۆردەلیر و لەگەڵ ئێربردا کوژرا.
٦١. دۆگە: سەیری پەراوێزی ٣٨ بکە.

٦٢. بایەزید، سولْتانێکی عوسمانی بووە، گوایە دوای جەنگێک لە باڵکان بە کەللەسەری ئەوانەی بەسەریاندا سەرکەوتووە دوازدە ئەهرامی بینا کردووە.
٦٣. کاتێ یوپیتەرت باوکی خواوەندەکان سەری ڕاوەشاندووە ڕەمزی هەڕەشەکارانەی تووڕەیی بووە.
٦٤. شارل ئنری باوک و ئنری کوڕی لە کاتی شۆڕشی فرەنسیدا جەلاد بوون.
٦٥. سیگفریدی پاڵەوانی ئەفسانەی جێرمانی کە لە خوێنی ئەژدیهادا مەلەی کرد و لەشی هەمووی بووە شاخ، تەنیا شوێنێکی بچووک لە نێوانی شانەکانی مایەوە.
٦٦. بەپێی داستانەکان تارکوین حەوتەم و دوا پاشای ڕۆما بووە و پاشان سزا دراوە و لە ڕۆما دوور خراوەتەوە.
٦٧. زیۆس لەژێر هەورەگرمە و هەورەبرووسکەدا خۆی پێشانی دڵدارەکەی دا. کاتێ پشکۆ سووتاندی، لە سەرەمەرگدا دیۆنیسۆسی بوو.
٦٨. ناوچەیەکە لە باکوری ڕۆئاوای پاریس کە شۆڕشگێڕەکان بۆ ڕابواردن بەکاریان هێناوە.
٦٩. بەپێی داستانەکان مەسیح بە دەم ڕێگەوە بۆ گۆگاتا دەیەوێ لە بەردەم ماڵەکەی ئەهاسڤەروس، پینەدۆزەکەی ئورشەلیم بحەسێتەوە، بەڵام ئەهاسڤەروس دەری دەکا و نایەڵێ لەوێ بمێنێتەوە: وەکو سزا بەبێ ئەوەی بتوانێ بمرێ هەمیشە دەبێ بەناو دنیادا سەفەر بکا.
٧٠. The Complaint, or Night Thougts on Life, Deathe, and Immortality شیعرێکی شاعیری ئینگلیز ئیدوارد یەنگ (١٦٨٣-١٧٦٥)ە.
٧١. La pucelle d' Oréans داستانێکی کۆمیدیی ڤۆلتێرە.
٧٢. دراوێکی ئاسنی بچووکی فرەنسی.
٧٣. کلیۆتایێمێسترا: ژنی ئاگامێمنۆن بووە، لە دوای گەڕانەوەی لە ترۆیا بەیارمەتیی ئێگیستۆس ژنەدۆستی کوشتی.
٧٤. فیگورێکی ئینجیلە لەبارەیەوە نووسراوە گوایە بە شەویلەگای کەر فیلیستەری دوژمنی بەزاندووە.
٧٥. قەیسەرێکی ڕۆما بووە کە خوێنڕێژانە و سەرکوتکەرانە حوکمی کردووە.

٧٦. خارۆن: گەمیەوانێکە لە ئەفسانەی یۆنانیدا، کە ڕۆحی مردووەکانی بە ڕووباری ستیکسدا بە گەمی پەڕاندووەتەوە.

٧٧. لیباسیۆن: قوربانیی خواردنەوە، کە لە کۆندا لە سەرەتای خواردندا بۆ خواوەندەکان تێ دەکرا.